# ئایا ئێران و ئیسرائیل لە لێواری جەنگێکی تەواودان؟

**ئامادەکردن و وەرگێڕانی:** پێنووس

لەم چەند ڕۆژەدا بنیامین نەتانیاهۆ وتی: "گەلی ئێران زووتر لەوەی بیری لێ دەکەنەوە، لەدەست حکوومەتەکەیان ڕزگاریان دەبێت." زۆر کەس ئەم قسانەیان بە سەرووتر لە ڕیتۆریکی سیاسیی ئاسایی دەزانی. پێش ئەوە ڕێبەری ئێران ڕای گەیاندبوو کە "ڕووداوێکی هاوشێوەی جەنگی ئێران و عێراق لە فەلەستین و لوبنان ڕوو دەدات." بنیامین نەتانیاهۆ لە پەیامێکدا بۆ گەلی ئێران، ڕۆژانی داهاتووی بە "ساتێکی گرنگ" ناو بردبوو و ڕای گەیاندبوو کە حکوومەتی ئێران گەلەکەی گەیاندووەتە لێواری "ڕووخان". ئەم وتانەی نەتانیاهۆ دوای ئەوە هات کە ناسر کەنعانی، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران وتی: "دەستدرێژی" بۆ سەر خاکی ئێران بەو مانایەیە کە "ئەگەر هەلومەرجەکە پێویستی پێی بێت و ئەگەر کاتی هات، ئێمە تا خودی قودس بەردەوام دەبین."

مەبەستی کەنعانی، ئاماژەدان بوو بە ئۆپەراسیۆنی "بیت‌المقدس" کە بووە هۆی ئازادکردنی شاری خوڕەمشەهر لە (ئایاری ١٩٨٢). هەر دوای ئازادکردنی خوڕەمشەهر بوو کە ئیسرائیل هێرشی کردە سەر لوبنان و دواتر ئایەتوڵڵا خامنەیی، سەرۆککۆماری ئەو کاتەی ئێران، داوای لە موحسین ڕەزایی، فەرماندەی ئەو کاتەی سوپای پاسدارانی ئینقلابی ئیسلامی کرد ژمارەیەک هێزی ئێرانی ڕەوانەی ناوچەکە بکات بۆ پشتیوانی لە لوبنان. بەڵام بە دژایەتیی ئایەتوڵڵا خومەینی، لیوای ٢٧ی محەمەد ڕەسولوڵڵای تاران کە چووبووە دیمەشق، گەڕایەوە ئێران.

دوای 26 ساڵ و لە هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر لوبنان لە ساڵی 2006، ئەم جارەیان ئایەتوڵڵا خامنەیی، وەک ڕێبەری ئێران، کە ئاسۆی سەرکەوتنی لە شەڕی 33 ڕۆژەدا نەبینیبوو، بەنهێنی داوای لە قاسم سولەیمانی کرد پشتیوانیی لوبنان بکات. فەرماندەی سوپای قودس کە لە ناوەڕاستی هێرشی ئیسرائیل بۆ پێدانی ڕاپۆرت و بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نیشتمانی گەڕابووەوە بۆ ئێران، جارێکی دیکە گەڕایەوە بۆ لوبنان.

ئێستا دوای ١٨ ساڵ، هەر لەو ڕۆژەی کە ئیسرائیل خەریک بوو هێرشێکی زەمینی بکاتە سەر لوبنان، ئێران هێرشەکەی دەست پێ کرد. ئەمە سێیەم جارە کە ئایەتوڵڵا خامنەیی بڕیار دەدات لە یەک کاتدا لەگەڵ هێرشی زەمینیی ئیسرائیل بۆ سەر لوبنان، ڕووبەڕووی ئیسرائیل ببێتەوە. ئایەتوڵڵا خامنەیی لە دوایین وتارەکەیدا ئاماژەی بەوە دا کە بارودۆخەکە هاوشێوەی یەکەمین جەنگی ئێران و عێراقە و ئیسرائیل "زۆرترین چەکی" هەیە.

**چارەنووسی "میحوەری بەرخۆدان (موقاوەمە)"؛ سەرانی ئێران و ئیسرائیل بەڵێنی سەرکەوتنیان داوە**

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا و بە لێدانی بێوێنە و تیرۆرکردنی سەرکردە سەربازی و سیاسییەکانی دوژمنە

نزیکەکانی، واتە حەماس و حزبوڵڵا، ئیسرائیل بە بەراورد بە ساڵێک لەمەوبەر متمانەیەکی بەرزی بە خۆی بەدەست هێنابوو. لە دەیەی ڕابردوودا، هەر جارێک کە مەترسیی جەنگی ڕاستەوخۆی ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ ئێراندا بەرز دەبووەوە، بە مانای ڕاگەیاندنی جەنگ بوو لە دژی هاوپەیمان و چەکدارەکانی ئێران لە ناوچەکەدا. بەڵام ئەم جارەیان سیناریۆیەکی جیاواز ڕووی داوە؛ گرووپە سەرەکییەکانی "میحوەری بەرخۆدان" لە ئێستاوە خەریکی شەڕێکن بە تێچوویەکی بەرز. ئیسرائیل سەرکردە سیاسی و سەربازییەکانی بزووتنەوەی حەماس و حزبوڵڵای لوبنان، دوو لە دوژمنە نزیکەکانی، ئیسماعیل هەنییە و محەمەد زەیف، سەرکردەکانی باڵی سیاسیی حەماس، هەروەها حەسەن نەسروڵڵا و فوئاد شوکر، سەرکردە سیاسی و سەربازییەکانی حزبوڵڵای لوبنانی کوشتووە.

تەنانەت زۆرێک لە ناوخۆی ئیسرائیل هێرشەکەی حەوتی ئۆکتۆبەری حەماسیان بە "شکستێکی ئەمنی"ی کارەساتبار بۆ ئیسرائیل وەسف کرد. بەڵام دوای نزیکەی ساڵێک و تەنیا لە ماوەی هەشت ڕۆژدا، ئەو زنجیرە ڕووداوانەی کە بە تەقینەوەی پەیجەرەکان دەستی پێ کرد و تا کوشتنی حەسەن نەسروڵڵا بەردەوام بوو، ئیسرائیل هەوڵی دا ئەم وێنەیە بگەڕێنێتەوە. لە سەرەتای دروستبوونی ئەو شتەی کە پێی دەوترێت "میحوەری بەرخۆدان" یان "هیلالی شیعی"، ئیعتباری ئەم هاوپەیمانییە تا ئەو ڕاددەیە نەخراوبووە بەر تەحەددا. ڕێکخراوی سیاسی و سەربازیی حزبوڵڵا کە تەمەنی ٤٠ ساڵە، لەنێو گرووپەکانی دیکەی "میحوەری بەرخۆدان"دا بە خاوەن بەهێزترین کەرەستە و چەک ناسرابوو.

قاسم سولەیمانی، فەرماندەی سوپای قودسی سوپای پاسداران، لە یەکەم و دوا چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوانیدا سەبارەت بە شەڕی ٣٣ ڕۆژەی ساڵی ٢٠٠٦ ڕای گەیاندبوو، ئیسرائیل بۆ ئەوەی خۆی لە هێرشی زەمینی بۆ سەر لوبنان بەدوور بگرێت، بەنیاز بوو هێزەکانی حزبوڵڵا لەکار بخات و ئەمەیش بە بۆردوومانی وردی ئاسمانی و " کوشتنی سەرکردەکانی حزبوڵڵا" و لەناوبردنی توانا سەربازییەکانی حزبوڵڵا" و، هەروەها لە ڕێگەی "کۆچپێکردنی شیعەکانی لایەنگری حزبوڵڵا "، تواناکانیان بگەیەنێتە خاڵی سفر.

لەو شەڕەدا، عیماد موغنییە و حەسەن نەسروڵڵا، سەرکردە سەربازی و سیاسییەکانی حزبوڵڵا، ڕزگاریان بوو و تەنانەت بەهێزتر لە جاران خۆیان ڕێک خستەوە. بەڵام ئەم جارەیان بە وتەی بەرپرسانی ئیسرائیل، زۆرێک لە ئامانجەکانی ئیسرائیل لە پێکدادان لەگەڵ حزبوڵڵادا بەدی هاتووە: "چەکە پێشکەوتووەکانی ئێران کە لەدەستی حزبوڵڵادا بوو، لەناو بردران و فەرماندەکانیش کوژران" و تەنانەت بە وتەی سەرۆکوەزیرانی لوبنان، گەورەترین قەیرانی ئاوارەبوون، بەتایبەت بۆ دانیشتووانی شیعە کە دەکەوێتە باشووری لوبنان، هاتۆتە ئاراوە. بەڵام دیسانەوە ئیسرائیل بڕیاری داوە لەشکرکێشییەکی زەمینی ئەنجام بدات کە بە وتەی خۆی "سنووردارە".

ئیسرائیل کە ئێستا ورەی بەرزە و متمانەی زۆری بە خۆی هەیە، دەزانێت کە لە ئەگەری هەڵگیرسانی جەنگێکی تەواو لەگەڵ ئێراندا، پشتیوانیی ئاشکرای هاوپەیمانە ڕۆژاواییەکانی هەیە. لە ئێستادا لە بێدەنگیی درێژخایەنی وڵاتانی ناوچەکەدا، ڕۆژانی داهاتووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زیاتر پەیوەستە بە بڕیاری ڕێبەرانی ئێران و ئیسرائیلەوە نەک بە هەوڵە دیپلۆماسییە شکستخواردووەکان. هەروەها لە ئەگەری ڕوودانی جەنگدا، "حکوومەتی کۆماری ئیسلامی" و "ئێران" لێك جیا ناکرێتەوە.

لە ساڵی ١٩٦٧ کاتێک شەڕی شەش ڕۆژەی ئیسرائیل لەگەڵ ئوردن و سووریا و میسر کۆتایی هات، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی سەدەی بیستەم ڕوخسارێکی جیاوازی بەخۆیەوە بینی. جگە لە لەدەستدانی قودسی ڕۆژهەڵات و کەرتی ڕۆژاوا و بەرزاییەکانی جۆلان، شکستی وڵاتانی عەرەبییش مانایەکی دیکەی هەبوو: سەرەتای کۆتاییهاتنی بزووتنەوە ناسیۆنالیستییە دژەکۆلۆنیالیستەکان و ئەو ڕەوتەی کە بە حزبەکانی "بەعس" و "ناسریزم" گەیشتبووە لووتکە. بەڵام پێ دەچێت شەڕ لەگەڵ هاوپەیمانانی ئێران لە "میحوەری بەرخۆدان"، بۆ ئیسرائیل زۆر درێژتر بووبێتەوە. هێرشە مووشەکییە بەرفراوانەکەی سوپای پاسداران بۆ سەر ئیسرائیل دەتوانێت سەرکەوتنە هەواڵگرییەکانی ئیسرائیل پەردەپۆش بکات و بیخاتە ژێر سێبەری خۆیەوە. هەرچەندە، زنجیرەی تیرۆرکردنی فەرماندەکانی حزبوڵڵا و حەماس بەهۆی هێرشی سوپای پاسداران وەستێنراوە، بەڵام ئاگری ململانێکان لەژێر خۆڵەمێشدا هەروا بەگەشاوەیی ماوەتەوە.

بێ گومان بۆ ئێران ئەوەی لە چەند هەفتەی ڕابردوودا ڕووی دا، بەتایبەتی لە لوبنان، زۆر دڵخۆشکەر نەبوو. بەڵام ئیسرائیل هێشتا بە تەواوی ئامانجە ڕاگەیەنراوەکانی لە جەنگەکەدا نەگەیشتووە. ئێستا هەردوو ڕێبەری ئێران و سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل بەڵێنی سەرکەوتنیان داوە. ئایا باسی جەنگێک دەکەن کە بەڕێوەیە؟

**هێرشە مووشەکییەکەی ئێران بۆ سەر ئیسرائیل تا چەند سەرکەوتوو بوو؟**

لە کاتێکدا کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بانگەشەی ئەوە دەکەن کە هێرشە مووشەکییەکانی ١-١٠-٢٠٢٤ بۆ سەر خاکی ئیسرائیل ئامانجە دیاریکراوەکانی خۆی پێکاوە، ئیسرائیل دەڵێت زۆربەی مووشەکەکانی خستۆتە خوارەوەوە؛ بەڵام ئێران ناچار دەکات باجی ئەو هێرشە بدات.

هێرشەکەی ئێران بۆ سەر ئیسرائیل کە بە وتەی بەرپرسانی سوپای پاسداران ٢٠٠ مووشەکی بالیستیک بووە، بووە هۆی ئەوەی زەنگی ئاگادارکردنەوە لە سەرتاسەری ئیسرائیل لێ بدرێت و ڕەنگی پرتەقاڵیی مووشەکەکان ئاسمانی بەشێک لە وڵاتەکە ڕووناک بکاتەوە. لەنێو ئەو بانگەشە دوولایەنەکانی نێوان ئێران و ئیسرائیلدا، ئەستەمە بتوانین بزانین هێرشەکان چەندە سەرکەوتوو بوون و ئایا ئیسرائیل دەستبەجێ تۆڵەی خۆی دەکاتەوە یان نا.

**چەند مووشەک تەقێنراوە؟**

لە سەرەتادا هەواڵێک بڵاو بووەوە کە ٤٠٠ مووشەک لە ئێرانەوە ئاراستەی ئیسرائیل کراوە. بەڵام کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی سەرلەبەیانیی ٢-١٠-٢٠٢٤ دووسەد مووشەکیان پشتڕاست کردەوە. هاوکات ئیسرائیل ژمارەی مووشەکەکانی بە 180 مووشەک ڕاگەیاندووە. دوا بە دوای تەقاندنی ئەو مووشەکانە، زەنگی ئاگادارکردنەوە لە سەرتاسەری وڵات لێ درا و زۆربەی مووشەکەکان پێش ئەوەی بگەنە خاکەکەیان، لەلایەن بەرگریی ئاسمانیی ئیسرائیل یان هێزی ئاسمانیی ئەمریکا و بریتانیاوە ڕێگرییان لێ کرا. فەڕەنساش ڕای گەیاندووە کە بەشداریی لە بەرپەرچدانەوەی ئەو مووشەکانەی کە لەلایەن ئێرانەوە هاوێژراوە، کردووە.

**مووشەکەکان بەرەو چ ئامانجێک ئاراستە کران؟**

میدیای دەوڵەتی ئێران وێنەی ئەو مووشەکانەی کە ئاراستەی ئیسرائیل کران نیشان دا. سوپای پاسدارانی

ئینقلابی ئیسلامی ڕای گەیاند کە مووشەکەکان چەند شوێنێکیان کردۆتە ئامانج، لەوانە "سێ بنکەی سەربازی" لە دەوروبەری تەلئەبیب و، بانگەشەی ئەوەیشیان کردووە کە لەسەدا ٩٠ی ئەو مووشەکانە "ئامانجەکانیان پێکاوە". محەممەد باقری، سەرۆکی ئەرکانی هێزە چەکدارەکانی ئێران ڕای گەیاندووە، مووشەکەکانی ئێران بنکەی ئاسمانیی نەواتیم، بنکەی ئاسمانیی هاتریم و بارەگاکانی مۆسادیان کردۆتە ئامانج. ئیسرائیل ئەم بانگەشەیە ڕەت دەکاتەوە و دەڵێت تەنیا 20 مووشەک کەوتوونەتە سەرزەوی و ئەوانی دیکە ڕێگرییان لێ کراوە. ئێران لە گرتەیەکی ڤیدیۆییدا کە لە ژووری ئۆپەراسیۆنەکانی سوپای پاسداران بڵاوی کردۆتەوە، قسەکانی حوسێن سەلامی فەرماندەی سوپای پاسدارانی ئینقلابی ئیسلامی سەبارەت بە ژمارەی ئەو مووشەکانەی کە ئامانجەکانیان پێکاوە، سانسۆر کردووە. لەم گرتە ڤیدیۆییەدا، لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا بۆ مەسعوود پزیشکیان، سەرۆککۆماری ئێران، دەڵێت: "جەنابی دکتۆر! بە فەزڵی خودا لە کۆی ٢٠٠ مووشەک کە تەقێندرا........ سەرکەوتوو بوو."

کاربەدەستانی ئیسرائیل پێشتر ڕایان گەیاندبوو کە سیستەمی سەربازیی "قوبەی ئاسنین" لەسەر بنەمای ئەلگۆریتمێکی ئاڵۆز کار دەکات کە مەترسیی مووشەکەکان بە پشتبەستن بە شوێن و خاڵی لێدانی ئامانجەکان پێوانە دەکات. ئەمەیش بەو مانایەیە کە ئەگەر خاڵی بەرزەویکەوتنی مووشەکەکە، جگە لە ناوچە سەربازییەکان یان مەدەنییەکان دەستنیشان بکرێت (و بۆ نموونە ناوچەیەکی بێدانیشتوو یان بیابان بێت)، سیستەمی بەرگری وازی لێ دەهێنێ، چونکە بەئامانجگرتنی، پاساوی ئابووری و ئەمنیی نییە. هەروەها ئێران بانگەشەی ئەوەی کردووە کە لە هێرشەکەی شەوی ڕابردوودا بارەگای مۆساد، دەزگەی هەواڵگریی ئیسرائیلی کردووەتە ئامانج. بەڵام ئیسرائیل ئەمەی ڕەت کردۆتەوە و ڕای گەیاندووە کە بەشێک لە مووشەکەکان لەسەر زەوییەکی چۆڵ بەر زەوی کەوتووە. بەپێی گرتەیەکی ڤیدیۆیی کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاو کراوەتەوە، تەنیا یەک مووشەک بەر زەوی کەوتووە و ئەوەیش بە دووریی 500 مەتر لە بینای ئەم بینایە.

**ئێران چ جۆرە مووشەکێکی تەقاندووە؟**

دوێنێ ئێران ڕای گەیاند کە مووشەکی سەرووەدەنگ (Hypersonic)ی "فەتاح"ی بەکار هێناوە بۆ کردنەئامانجی دامەزراوە سەربازییەکان لە ئیسرائیل؛ ئەمەیش سەرکەوتوو بووە. هەروەها ئێران دوو بانگەشەی دژبەیەکی لەم بارەیەوە بڵاو کردۆتەوە؛ لە لایەک ئێران بانگەشەی ئەوەی کردووە کە ڕێگریکردن لە مووشەکی فەتاح ئەستەمە و، هەر بۆیەیش لە ئامانجە دیاریکراوەکانی داوە و، لە لایەکی دیکەیشەوە هەندێک میدیای نزیک لە سوپای پاسداران بانگەشەی ئەوە دەکەن کە لە هەمان کاتدا لەگەڵ هێرشە مووشەکییەکەی ئێران، سیستەمی دژەمووشەکی ئیسرائیل بەهۆی ئۆپەراسیۆنی ئەلیکترۆنیی ئێرانەوە لەکار کەوتووە. بەڵام ئەم ئیدیعایانە لەلایەن ئیسرائیلەوە جێی مشتومڕ بوون و ئیسرائیلیش دەڵێت زۆربەی ئەو مووشەکانەی کە ئاراستە کراون ڕێگرییان لێ کردووە. هەروەها، بەرپرسانی سەربازیی کۆماری ئیسلامی بانگەشەی ئەوە دەکەن کە فەتاح مووشەکێکی هایپەرسۆنیکە و مەودای ١٤٠٠ کم و خێراییەکی لە نێوان ١٣-١٥ "ماخ" (Mach-Zahl) دەبێت. بەپێی میدیاکانی ئێران، ناوی ئەم مووشەکە لەلایەن عەلی خامنەیی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامییەوە بە شێوەیەکی تایبەت هەڵبژێردراوە.

**قوربانییەکان و زیانەکانەکانی هێرشەکە**

ئیسرائیل ڕای گەیاندووە کە لەم هێرشانەدا فەلەستینییەک کوژراوە و سێ کەسی دیکەیش بریندار بوون. بە گوێرەی گرتەیەکی سی سی تی ڤی کە لە سۆشیال میدیا بڵاو کراوەتەوە، پاشماوەی مووشەکێکی بالیستیک کەوتۆتە سەر کەسێک کە لە شاری ئەریکۆ لە کەناری ڕۆژاوا بە پێ دەڕۆیشت و بەو هۆیەوە کەوتۆتە سەر سەری و کوشتوویەتی. لە هەمان کاتدا دەسەڵاتدارانی ئیسرائیل ئاماژەیان بەوە کرد، ئەو شەپۆلە شۆکانەی بەهۆی هێرشە مووشەکییەکەی ئێرانەوە دروست بوون، زیانیان بە ماڵەکان لە ناوەندی ئیسرائیل گەیاندووە. بەرپرسانی شارەوانیی شاری هۆد هاشارۆن، کە دەکەوێتە نزیک تەلئەبیب، وتوویانە کە هاوکاریی نزیکەی ١٠٠ ماڵی زیانلێکەوتوو دەکەن. بەڵام ئاماژەیان بەوەیش کردووە، کە هێرشەکە هیچ زیانێکی گەورەی بەدواوە نەبووە.

**بۆیە ئێستا پرسیار ئەوەیە کە، ڕەنگە ئیسرائیل هێرش بکاتە سەر چ ئامانجێک لە ئێران؟**

دوای هێرشە مووشەکییەکەی ١-١٠-٢٠٢٤ ئێران، ئیسرائیل جەختی لەوە کردەوە کە وەڵامی توند دەداتەوە. ئێران هۆکاری هێرشەکەی بۆ سەر ئیسرائیل، بە کاردانەوەی بۆ کوشتنی ئیسماعیل هەنییە، سەرۆکی حەماس و کوشتنی حەسەن نەسروڵڵا، سەرۆکی حزبوڵڵا لە لوبنان و عەباس نیلفرۆشان، یەکێک لە فەرماندەکانی سوپای قودس ناو بردووە. بە گوێرەی ڕاپۆرتی میدیاکانی ئیسرائیل، نزیکەی ١٨٠ مووشەکی ئێرانی چوونەتە ناو ئاسمانی وڵاتەکەوە. ئەمە لە کاتێکدا کە پێ دەچێت بەشێک لەو مووشەکانەی ئێران ئاراستەی کردوون، پێش ئەوەی بگەنە ئیسرائیل لەلایەن وڵاتانی دیکەوە خراونەتە خوارەوە.

هێرشە مووشەکییەکەی ئێران ئێستا ئەو پرسیارە دەورووژێنێت کە وەڵامی ئیسرائیل چی دەبێت. هاوکات تاران جەختی لەوە کردووەتەوە کە ئەگەر ئیسرائیل کاردانەوەی هەبێت، وەڵامێکی "تێکشکێنەرتر" دەداتەوە. بەم شێوەیە ڕەنگە دوو وڵات بچنە ناو سووڕێکی هێرشی ئاسمانی و مووشەکی بۆ سەر خاکی یەکتر.

یەکێک لە بژاردە چاوەڕوانکراوەکانی ئیسرائیل بۆ هێرشکردنە سەر خاکی ئێران، دەتوانێت ئەو ناوەندانە بێت کە شەوی سێشەممە (١-١٠-٢٠٢٤) مووشەکەکان بەرەو ئیسرائیل لێیەوە هەڵدران. هەروەها ڕەنگە ئیسرائیل بیەوێت ژمارەیەک فەرماندە و هێزی بەشدار لە هێرشەکەدا بکاتە ئامانج. لێکۆڵینەوە لە کاردانەوەی دەسەڵاتداران و میدیاکانی ئیسرائیل دەری دەخات کە، وەڵامدانەوەی ئەو وڵاتە بۆ هێرشەکەی ئەم دواییەی ئێران، توندتر دەبێت لە وەڵامدانەوەی ئیسرائیل بۆ هێرشێکی هاوشێوەی مانگی نیسانی ڕابردوو.

**سەرچاوەکان:**


- https://www.bbc.com
- https://www.axios.com
- https://parsi.euronews.com
- https://parsi.euronews.com

# عێراق و هەرێمی کوردستان لە گێژەڵووکەی پاش کوشتنی نەسروڵڵادا

**د. یاسین تەها**، پسپۆڕ لە مێژووی ئایینزا ئیسلامییەکان و شارەزا لە کاروباری عێراق

## دەسپێك

کوشتنی ئەمینداری گشتیی حزبوڵڵا"، حەسەن نەسروڵڵا"، پاش 32 ساڵ لە ڕێبەرایەتیکردنی بەهێزترین هێزی شیعەی تەواوکەری "شۆڕشی ئیسلامیی ئێران" لە لوبنان لەلایەن سوپای ئیسرائیلەوە، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەکەی خستۆتە بەردەم چەندان ئەگەر و پێشهات، بەتایبەت پاش هێرشە مووشەکییەکانی تاران بۆ سەر قووڵایی ئیسرائیل لە وەڵامی کوشتنەکەدا.

ئەم شرۆڤەیە هەوڵ دەدات لەبارەی پێگەی "حزبوڵڵا" و ئەگەر و پێشهاتەکانی پاش ڕووداوەکانی ئەم دواییەی ناوچەکە و لێکەوتەکانی لەسەر عێراق و هەرێمی کوردستان هەڵوێستە بکات.

**پاشخان و پێگەی حزبوڵڵا**

بەردی بناغەی "موقاوەمەی ئیسلامی لە لوبنان" ناسراو بە "حزبوڵڵا"، لە ساڵی 1982 لەلایەن "سوپای پاسداران"ی ئێرانییەوە دانراوە. ئەم هێزە کە لە لیستی تیرۆری ئەمریکا و ژمارەیەك وڵاتی دیکەی ڕۆژاواییدایە، "بەهێزترین گرووپی سیاسی و چەکداریی لوبنانە"، کە بەردەوام لە ململانێدایە لەگەڵ ئیسرائیل[1].

"حزبوڵڵا" ساڵانە دەوروبەری ملیارێك دۆلار بوودجە لە ئێران وەردەگرێت؛ جگە لەوەیش پشت بە پارەی کۆکراوەی "خومس"ی شیعەکان و داهاتی کۆمپانیا و چالاکییە ئابوورییەکانی خۆی دەبەستێت. لە پەیکەری حزبەکەیشدا ڕێبەری شۆڕشی ئێرانی "عەلی خامنەیی" لە سەروو هەرەمەکەیەوەیە، بەڵام سەرباری ئەمانەیش وەك هێزێکی پراگماتی بەشداریی هەڵبژاردن و پرۆسەی سیاسیی لوبنانی دەکات و لە حکوومەت و پەرلەمانی ئەو وڵاتە فرەچەشنەدا بەشدارە کە بەفەرمی و لە ڕووی تیۆرییەوە سیستەمێکی "کۆماری- دیموکراسی- پەرلەمانی"یە[2]؛ هەروەها لە چەند پێکهاتەیەکی جیا پێك دێت کە سوننە و مەسیحی و شیعەن و بەر لە زاڵبوونی تەواوەتیی حزبوڵڵا، داکۆکییان لە "سازان" دەکرد.

"حزبوڵڵا" لە مێژووی 42 ساڵەی خۆیدا سێ ئەمینداری گشتیی هەبووە، کە درێژترین ماوەیان هی "حەسەن نەسروڵڵا"یە. ناوبراو کە سێ ساڵ خوێندکاری حەوزەی ئایینیی نەجەف بووە و لەسەر دەستی

"محەمەد باقر سەدر" میژەری لەسەر ناوە[3]، لە پاش تیرۆرکردنی ئەمینداری پێشووی "حزبوڵڵا" "عەباس مووسەوی" لەلایەن ئیسرائیلەوە (1992)، لە تەمەنی 32 ساڵیدا بە کۆی دەنگی ئەنجومەنی شوورای حزب، بووەتە ئەمینداری گشتی تا ڕۆژی کوشتنی بە مووشەکی قورس لەنێو پەناگەیەکی ژێرزەمینیی باشووری بەیرووتدا (27ی سێبتەمبەری 2024)[4].

هەرچەندە لە لوبناندا هێزی تری شیعە هەن (بزووتنەوەی ئەمەل بە نموونە)، بەڵام لە دوو دەیەی ڕابردوودا و دوای ناچارکردنی سوپای ئیسرائیل بە کشانەوە لە باشووری لوبنان (2000)، "حزبوڵڵا" لە پەنا کایەی چەکدارییدا، کۆنترۆڵی شانۆی سیاسیی لوبنانیشی کردووە و خۆی بە خاوەن "سەروەریی سەرکەوتن" دەزانێت. لە 2006دا پاش ڕفاندنی دوو سەرباز، بۆ ماوەی پێنج هەفتە بەرەنگاری هێرشێکی یەك مانگەی ئیسرائیل بووەوە (جەنگی تەممووز)[5]. دوایی کۆتاییهاتنی جەنگەکەش، سەرباری قورسیی زیانەکان؛ 1200 کوژراوی لوبنانی بەرامبەر 158 کەسی ئیسرائیلی، ئەمە جگە لە وێرانبوونی ژێرخانی ئابووریی لوبنان، "حزبوڵڵا" [6]، خۆی بە براوە لەقەڵەم دا و ئاهەنگی سەرکەوتنی گێڕا.

جگە لە باڵی سەربازی (ئەنجومەنی جیهادی)، "حزبوڵڵا" باڵی سیاسی و بەشی حکوومەت و بەشی پەرلەمانیشی هەیە. جگە لەوانەیش چەندان دەزگەی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە بوارەکانی تەندروستی، کشتوکاڵ، بیناسازی و ئەندازیاری بەڕێوە دەبات، کە لە کاری خێرخوازی و هاوکاریکردنی هەژاراندا چالاکن و بنەمای سەرمایەی کۆمەڵایەتیی حزبەکەن[7]؛ بەهۆی ئەوەیشی لە باشووری لوبناندا "حزبوڵڵا" ئاسایش و کۆمپانیای پەیوەندیکردن و سیستەمی بەڕێوەبردنی تایبەت بە خۆی هەیە، زیاتر وەك "دەوڵەتۆکەیەك" دەبینرێت لەنێو دەوڵەتدا.

لە دەرەوەی لوبنان "حزبوڵڵا" سەرەڕم بوو لە بەرەنگاربوونەوەی بەرهەڵستکارانی ڕژێمی بەعس لە سووریا لە پاش 2012 [8]، هەروەها چاوساغیی حووسییە شیعەکانی یەمەن دەکات دژی سعوودیا و ئیمارات؛ ئەمەیش وای کردووە پێگە هەرێمایەتییەکەی لە قەبارە لوبنانییەکەی گەورەتر بێت. حزبەکەیش خۆی بە "قەوارەیەکی ئیسلامیی شیعیی سنووربڕ" پێناسە دەکات و قەتیسبوون بە سنووری نیشتمانیی لوبنانەوە ڕەت دەکاتەوە. ئەوەیش ناشارێتەوە کە "سەرکردایەتی و ئاراستەکردن و بڕیارەکانی جەنگ و ئاشتیی حزب بەدەست وەلیی فەقیهەوەن"[9]، کە لە ئێستادا عەلی خامنەیی، ڕێبەری شۆڕشی ئێرانییە. بەو پێیەیشی ئەم حزبە و ئەمیندارەکەی، ڕێکخراوترین و ناسراوترین بریکاری ئێرانی بوون لە دنیای عەرەبی و لە ڕۆخی دەریای سپیی ناوەڕاست کە سنووری هاوبەشی لەگەڵ ئیسرائیل و یەکێتیی ئەورووپا هەیە، هەمیشە لێدوان و دەرکەوتنەکانی ئەمنیدارەکەی لە میدیا و ئاژانس و ناوەندە سیاسییەکانی دنیادا گرنگ بووە.

### لێکەوتەکانی کوشتنی نەسروڵڵا

زۆر بۆچوون لەسەر ئەوەن کە بارودۆخی پاش کوشتنی "حەسەن نەسروڵڵا" هاوشێوەی بارودۆخی پێش ئەوە نابێت لە لوبنان و ناوچەکەدا. ئەمەیش بەراورد بە کاریگەریی کوشتنی جەنەراڵ "قاسم سولەیمانی" بۆچوونێکی ڕێتێچووە، بەتایبەت کە دەگوترێت "نەسروڵڵا" لە کاروانی 32 ساڵەی ڕێبەرایەتیدا خاوەن سیفەتەکانی کاریزما، توانای سەرکردایەتی، هەڵوێست، دیدگە و کاریگەری بووە[10]، هەروەها وتاربێژێکی خاوەن متمانەی زمانپاراو بووە. لەم سۆنگەیشەوە بە لەدەستچوونی، زیانێکی زۆر گەورە بە هاوپەیمانەکانی لە "بەرەی موقاوەمە" کەوتووە، چونکە وەك "سەرەڕمی بەرەنگاری" و "نقێمی تاجی بەرگریکردن" و "سید

المقاومة” هێمای بۆ دەکرا[11]. لای خۆیشییەوە ئیسرائیل پرۆسەی کوشتنی “نەسروڵڵا”ی بە “سیستەمی نوێ” ناوزەد کرد[12]. مەبەستی لەمەیش قڵپکردنەوەی هاوکێشەکە و گۆڕینییەتی لە ناوچەکە و لەسەر سنوورەکانی بە کوشتنی کەسی یەکەمی “حزبوڵڵا” کە نزیکەی ساڵێکە بۆ پاڵپشتیی حەماس لە کەرتی غەززە لە جەنگی سنووردارداپە لەگەڵ ئیسرائیل و ئاسایشی باکووری ئەو وڵاتەی خستۆتە مەترسی، تێگەیشتنی دنیای شیعەیش لە قەبارەی ئەم زیانە وای کرد، پرسە و ماتەمی “نەسروڵڵا” شان بە شانی شەقامی شیعەی ئێران، لە زۆر جێگەی دیکەی دنیادا گەرم بێت؛ لەوانەیش حەرەمەکانی “حسێن” و “عەباس” لە کەربەلا و لە پارێزگا شیعەکانی عێراق، لەنێو شیعەکانی سووریا و ئێران و پاکستان و هیندستان و ئوسترالیادا چالاکی و پرسەی بۆ ڕێك خرا، هەروەها لە فەلەستین و مەغریبی عەرەبی کە سوننەن، گردبوونەوەی بۆ کرا[13]. لەبارەی قەبارەی ڕووداوەکەیشەوە عەلی خامنەیی، ڕابەری باڵای شۆڕشی ئێرانی، لە پێشوازیی دەستەبژێرێکی ئێرانیدا وتی: “ئەو ڕووداوەی ڕووی دا شتێکی کەم نەبوو. لەدەستدانی نەسروڵڵا ڕووداوێکی ئاسان نییە؛ بەکرداری خستینییە دۆخی پرسەیەکی ئازاربەخشەوە.[14]”

قەیرانی “حزبوڵڵا” و بەرەی ئێرانی تەنیا لە کوژرانی ئەمیندار و ڕێبەرە 32 ساڵەکەیدا نییە، بەڵکە ئەم حزبە لە تەقینەوەی ئامێرەکانی بێتەڵدا (پەیجەر) 37 کوژراو و نزیکەی سێ هەزار برینداری هەبووە؛ پێکرانەکانیش بە شێوەیەکی گشتی لە چاو و دەست و پەنجەکاندا بوون و ژمارەیەکیان کەمئەندام و نابینا بوون[15]. هاوکات لەگەڵ ئەمەیشدا لە سەروبەندی کوژرانی “نەسڕوڵڵا”دا ژمارەیەك سەرکردەی تری سیاسی و سەربازیی حزبەکە کرانە ئامانج و کوژران، لەوانەیش: نەبیل قاووق، جێگری ئەنجومەنی جێبەجێکردن، عەلی کرکی، بەرپرسی مەیدانیی بەرەی باشووری لوبنان، ئیبراهیم قەیسی، سەرکردەی سەربازیی دیار، محەمەد سروور، ڕاوێژکاری حووسییەکان و شارەزا لە ماتماتیك؛ ئەمە جگە لە تیمی تایبەت و هاوڕێی “نەسروڵڵا” کە بە 20 کەس مەزەندە دەکرێن و هەر یەك لەوانە بەرپرسی دۆسیەیەك بووە لە “حزبوڵڵا”دا[16]. بەر لەوەیش ئیسرائیل زۆربەی فەرماندەکانی “هێزی ڕیزوانی حزبەکەی کوشت کە هێزی خێرای لێدەر و ئامادەی باڵە سەربازییەکەی بوون و لە ناوخۆی لوبنان و ئێران مەشقیان وەرگرتووە[17].

قەبارەی زیانەکانی ئەم دواییەی “حزبوڵڵا” زۆر گەورە و بێپێشینەن، بەڵام باوەڕێك هەیە بەهۆی ئەوەی ئەم حزبە هێزێکی عەقیدەییە و بۆ هەر فەرماندەیەك جێگرەوەی یەکەم و دووەمی هەیە، بتوانێت بەردەوام بێت. ئەگەرچی لە مەودای کورت و مامناوەندا توانا سەربازییەکانی سست دەبن پەکیان دەکەوێت و ئەگەر زۆرە زیانی زیاتری بەربکەوێت، بەتایبەت کە هێرشی زەمینیی ئیسرائیلی لەسەرە، بەڵام بەهۆی ئەوەی هێزێکی سیاسی- کۆمەڵایەتی- مەزهەبییە، زیاتر لە چوار دەیەیە کە بە شێوەی دەزگەیی لەنێو کۆمەڵگەی شیعیدا کار دەکات؛ بە ئاشتی و بەتۆپزی نموونە و سیستەمی خۆی چەسپاندووە و وەك بیرۆکە لەناو ناچێت، بەتایبەت کە هەموو ڕێگەکانی ژیانی ژێردەستەکانی و خەڵکی باشووری لوبنان لە ئێستادا، هەر دەچنەوە سەر دەزگەکان و تۆڕەکەی “حزبوڵڵا”.

**لێکەوتەکانی کوژرانی نەسروڵلا لەسەر عێراق**

دوای ئێران کە بۆ تۆڵەکردنەوەی “نەسروڵڵا” هێرشی مووشەکیی کردە سەر ئیسرائیل (1ی ئۆکتۆبەری 2024)، وڵاتی عێراق هاوشێوەی یەمەن و سووریا لە هەرە پەیوەندیدارترین وڵاتانی ناوچەکەیە بە گێژاوی پاش کوشتنی ئەمینداری حزبوڵڵا. هەر لەم سۆنگەیشەوە سوپاکەی کەوتووەتە حاڵەتی ئامادەباشیی “پلە

ج"؛ لە کاتێکدا نیمچە دڵنیاییەك هەیە کە عێراق توانای بەرەنگاربوونەوەی دۆخەکەی نییە. هەموو ئەو توانا سەربازی و ئەمنییانەیشی کە هەیەتی، تەنیا بەشی پاراستنی ئاسایشی ناوخۆی خۆی دەکات[18]. لەبەر رۆشناییی ئەو پێدراوانەیشی لەبەردەستدان، دەکرێت دۆخی عێراق لە گێژاوی سیاسی و ئەمنیی پاش کوشتنی نەسروڵڵادا لەم چەند تەوەرەیەدا بخرێتە ڕوو:

_ لە حاڵەتی درێژەکێشانی جەنگەکەی ئێستا یان پەرچەکرداری توندی ئیسرائیل دژی هێرشەکەی ئێران، دەسەڵاتدارانی تاران هەڕەشەی داخستنی گەرووی هورمز و تێکشکاندنی بارهەڵگرەکانی نەوت دەکەن هاوشێوەی ساڵانی هەشتاکان و جەنگی یەکەمی کەنداو. ئەم پێشهاتە گریمانکراوەیش کارەساتی ئابووری بۆ عێراق دروست دەکات، چونکە تاقە دەروازەی هەناردەکردنی نەوتەکەی لە ڕێگەی کەنداوەوەیە و لە ئێستادا هەناردەی تورکیای وەستاوە؛ هێڵەکانی بانیاسی سووریا و دەریای سووری سعوودیاش وێران بوون[19]. بە هەمان شێوەیش ئەگەری بەئامانجگرتنی دامەزراوە نەوتییەکانی عێراق لەلایەن ئیسرائیلەوە کە ناوبەناو باسی هەیە، هاوشێوەی بەندەری "حودەیدەی" یەمەن، هەمان دەرەنجامی خراپی لەسەر باری داراییی عێراق دەبێت.

_ بۆشاییی "نەسروڵڵا" و پەککەوتنی وێستگەی لوبنان لە جەنگی دژەئیسرائیلدا؛ دەرگە دەکاتەوە بۆ ئەگەرێک کە عێراق بچێتە پاڵ یەمەن بۆ دەستباری "بەرەی موقاوەمە" و "پشتیوانیکردن لە غەززە"؛ لای خۆێشییانەوە ئیسرائیلییەکان چاودێریی ئەم ئەگەرە دەکەن[20]. لێکەوتەی ئەم ئەگەرەیش ئاڵۆز و جۆراوجۆرە ئەگەر بێتە ڕاستی، بەتایبەت کە عێراق سەرباری هەژموونی زۆری گرووپە شیعە وەلائییەکان، بەرژەوەندی و پەیوەندیی گرێدراوی زۆریشی لەگەڵ ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژاوادا هەیە.

_ کوشتنی "نەسروڵڵا" تەنگژەیەکی گەورەی بۆ ئێرانی مەڵبەند و پایەتەختی "بەرەی موقاوەمە" دروست کردووە، چونکە پڕکردنەوەی بۆشاییەکەی و ژیاندنەوەی "حزبوڵڵا" پاش زیانە زۆرەکان، توانا و داراییی زۆری پێویستە؛ ئەمە لە کاتێکدا کە ئێران خۆی لە قەیرانی دارایی و لەژێر گەمارۆی وڵاتانی ڕۆژاوادایە. بەهۆی ئەوەیشی ئێران لە هیچ بارێکدا ناتوانێت دەستبەرداری "حزبوڵڵا" ببێت[21]، بە ئەگەری زۆر هەوڵ دەدات بۆ ئەو مەبەستە سوود لە عێراق وەربگرێت، بەتایبەت کە بۆ گەیشتن بە "حزبوڵڵا" تەنیا ڕێگەی فریاگوزاریی وشکانی، بە عێراق و پاشان سووریادا گوزەر دەکات.

_ سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل "نەتانیاهۆ" چەند خولەکێك بەر لەوەی فەرمانی کوشتنی "نەسروڵڵا" بدات، نەخشەیەکی لە بارەگای "کۆمەڵەی گشتی"ی نەتەوە یەکگرتووەکان بەرز کردەوە کە عێراقی لە ڕیزی "وڵاتانی نەفرەت" پۆلێن کردووە[22]. ئەمەیش دەشێت وەك ڕاگەیاندنی فەرمیی دوژمنایەتی لێك بدرێتەوە کە ئەگەری هەیە لە داهاتوودا پەرە بسەنێت بۆ بەئامانجگرتن یان شەڕفرۆشتن بە عێراق، ئەگەرچی بە شێوەی ئەلیکترۆنی و سایبەری بێت.

_ زانیارییەکی دەستاودەستپێکراو لەنێو هێزە شیعەکانی "چوارچێوەی هەماهەنگی"دا هەیە، کە ئیسرائیل 35 ئامانجی دیاری کردووە لەنێو عێراق بۆ بەئامانجگرتنی هاوشێوەی هێرشی سەر حووسییەکانی یەمەن؛ هەندێك لەو ئامانجانەیشی دیاری کراون، سەرکردەی گرووپە شیعەکانن. ئەمەیش بەپێی زانیارییە دزەپێکراوەکان، سوودانیی هان داوە کە سێ سەرکردەی شیعە ڕابسپێرێت (کە یەکێکیان "عەممار حەکیم"ە) بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ هێز و گرووپە شیعەکان تا خۆیان بەدوور بگرن لە گرژترکردنی

بارودۆخی ناوچەکە و هۆشداریی پێ داون لەبارەی هەستیاریی بارودۆخ و مەترسییەکانی تێوەگلان لە گرژییەکانی پەیوەست بە لوبنان[23]. هەندێك زانیاری باس لەوە دەکەن ئەمریکا بە عێراقی ڕاگەیاندووە، ڕێگر نابێت لە هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر گرووپەکان ئەگەر ئەوان ببنە بەشێك لە بارگرژییەکان[24].

_ هەندێك میدیای ئەمریکی ئەوەیان پشتڕاست کردووەتەوە کە هەزاران چەکداری شیعە لە عێراقەوە گەیشتوونەتە سنوورەکانی سووریا و لوبنان بۆ پاڵپشتیکردنی هێزە شیعەکان[25]. ئەمەیش زیاتر هانی ئیسرائیل دەدات بۆ کردنەوەی بەرەیەکی جەنگ لە عێراق لە کات و ساتی گونجاودا، بەتایبەت کە وتەبێژی سوپای ئیسرائیل، ڕای گەیاندووە وڵاتەکەی لەنزیکەوە چاودێریی ئەو مەترسییانە دەکات لە عێراقەوە ڕووبەڕووی دەبنەوە و زانیاری لەبارەیەوە کۆ دەکاتەوە و لەمەیش گرنگتر دەڵێت: "ئەوەی پێویست بێت دەیکات[26]." زانیارییە دزەپێکراوەکانیش باس لەوە دەکەن پاش کوژرانی "نەسروڵلا"، بەکردەیی عێراق نزیك بۆتەوە لەوەی بکەوێتە بەر هێرشی ئیسرائیلییەکان و بە هەوڵی ئەملاولا بە شێوەی کاتی ڕاگیراوە[27].

_ عێراق لە ئێستادا بەشێنەیی بووەتە بەرەی پشتیوانیی حزبوڵلا لە لوبنان؛ لەم بەینەیشدا جگە لە بەردەوامیی گەیاندنی هاوکاری، پێشوازیی لە پێنج هەزار ئاوارە و بریندارى لوبنانی کردووە لە ڕێگەی فڕۆکەخانەکانی بەغدا و نەجەف و ڕێگەی وشکانیی سووریا[28]. ڕاوێژکارێکی سەرۆکوەزیرانیش "عەبدولئەمیر تعێبان" پێشنیارێکی ئاشکرا کرد بۆ ناشتنی "حەسەن نەسروڵلا" لە کەربەلا[29]. لەسەر ئاستی فەرمییش جگە لە پاڵپشتیی سیاسی و مرۆیی، هانی پاڵپشتیی میدیاییی لوبنانیش دەدرێت کە مەبەست لێی "حزبوڵلا"یە[30].

_ فەرماندەیەکی کەتیبەکانی "سەییدولشوهەدا" بە ناوی "عەباس زەیدی" هەڕەشەی ئەوەی کردووە لەگەڵ هاتنی زستاندا "هێزەکانی موقاوەمە" بەنیازن "نەوت بەرامبەر ئاشتی" ڕابگەیەنن و ڕێگە لە هەناردەی نەوت بگرن لە سەرجەم ناوچەکە، ئەویش لە ڕێگەی مووشەکبارانکردنی ئەو بەندەرانەی کە نەوتی لێوە دەچێت بۆ ئیسرائیل و ئەمریکا.[31] یەکێك لە زەرەرمەندەکانی ئەم هەنگاوەیش عێراق خۆیەتی، چونکە ئابووری و داهاتەکەی لەسەر فرۆشتنی نەوت بنەڕەتە و، بوودجەکەی بەرگەی هیچ ڕاگرتنێکی هەناردەی نەوت ناگرێت.

_ حکوومەتی سوودانی دان بەوەدا دەنێت کە کۆنترۆڵی تەواوەتیی بەسەر پەرچەکرداری هێزە چەکدارەکان نییە و ئەو هێزانەی تر کە لە سۆنگەی ئایینی یان مرۆییەوە دیانەوێت پەرچەکرداریان هەبێت بۆ لوبنان، بەپێی خەمڵاندنی حکوومەت ئەو هێزانە هێشتا جموجۆڵیان لە سنووری 40_50%ی تواناییاندایە و دەشێت زیاتری بکەن[32]، بەتایبەت کە ئێران لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگیی لەوە ئاگادار کردووە کە لە هەموو لایەکی ناوچەکەوە بەرەی جەنگ گەرم دەکات؛ ئەمە ئەگەر هات و ئیسرائیل هێرشی توند بکاتەوە سەر تاران[33].

_ لە پاش بەیاننامەی سیستانی بۆ پاڵپشتیی مرۆیی و سیاسیی لوبنان، هەندێك لە مەرجەعە ئایینییەکانی نەجەف فەتوای ئەوەیان داوە کە پاڵپشتیی لوبنان ئەرکێکی ئایینی (واجب)ە [34]. ئەمەیش دەرگە دەکاتەوە بۆ ئەگەری دەرچوونی فەتوای "جیهادی کیفائی" بۆ پاڵپشتیی "حزبوڵلا" لە دژی ئیسرائیل، هاوشێوەی بەرەنگاربوونەوەی داعش لە 2015، بەتایبەت ئەگەر ئیسرائیل بەتەواوی هاتە ناو خاکی باشووری لوبنان. بەڵام گرەو لەسەر ئەوەیە مەرجەعییەتی نەجەف وەها ناسراوە کە پابەندە بە سنووری نیشتمانیی عێراق و،

ڕێی تێ ناچێت هاوشێوەی قوتابخانەی ئێرانی سنوورەکان بۆ هاندانی بەشداریی سەربازی ببەزێنێت. ئەوەیشی لە سیستانییەوە بەفەرمی دەرچووە، زیاتر پاڵپشتیی مرۆییە و دەڵێت "جیهان داوای لێ کراوە کە هانی ڕێگریکردن لە بەردەوامبوونی ئەم دەستدرێژییە ئاشکرایە بدات"؛ هەروەها داوای پشتیوانی لە "گەلی ستەملێکراوی لوبنان" دەکات لەگەڵ هەوڵدان بۆ "دەستەبەرکردنی پێداویستییە مرۆییەکانی لێقەوماوان، لەوانەش: بریندارەکان و ئاوارەکان و ئەوانەی دیکە[35]."

_ گرووپە چەکدارەکان نایشارنەوە لە گفتوگۆی بەردەوامدان لەبارەی چۆنێتیی یارمەتیدانی لوبنان و غەززە بەرامبەر ئیسرائیل لە سۆنگەی پێویستیی بەردەوامی "یەکێتیی گۆڕەپانەکان" کە لە سەرەتای جەنگی غەززەدا لە میحوەری ئێرانییەوە ڕاگەیەنرا و "حەسەن نەسروڵڵا" لە وتارەکانیدا جەختی لێ دەکردەوە[36]. ئەگەر ئیسرائیل وەڵامی مووشەکەکانی ئێرانیش بداتەوە- کە بەپێی زانیارییە دزەپێکراوەکان بژاردەکانی وەڵامدانەوە لەسەر مێزی سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیلە- لەوانەیش بەئامانجگرتنی دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئێران[37]، ئەوکات ئەگەری تێوەگلانی گرووپە چەکدارەکان زیاتر دەبێت و دەرفەتی خۆلادان کەمترە.

**مەترسییەکانی سەر هەرێمی کوردستان**

"حەسەن نەسروڵڵا" لە چوارچێوەی پابەندیی بە سیاسەتی گشتیی "بەرەی موقاوەمە" و سیاسەتی ئێران بەرامبەر هەرێمی کوردستان، چەند جارێك دژی بەرژەوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لێدوانی داوە، بەتایبەت لە ڕیفراندۆمدا (2017) کوردستانی بە "ئیسرائیلی دووەم" چوواند[38]، بەڵام کوژرانی ناوبراو لەم دۆخەدا و بۆشاییەکەی، دەشێت لێکەوتەی نەرێنییان لەسەر هەرێمی کوردستان هەبێت و دەکرێت ئەمانە دیاترینیان بن:

_ هەر هێرشێکی ئیسرائیل بۆ سەر دامەزراوە نەوتی و ئابوورییەکانی عێراق، یان تێکچوونی ڕەوشی ناوەند بەهۆی سەختیی ڕاگرتنی باڵانس، لێکەوتەی دارایی و تەناهیی لەسەر هەرێمی کوردستانیش دەبێت. زانیارییەکانیش ئاماژە بەوە دەکەن عێراق نزیك بۆتەوە لەوەی کە بکەوێتە بەر هێرشی ئیسرائیلییەکان و بە هەوڵی ئەملاولا بە شێوەی کاتی ڕاگیراوە[39].

_ لە تاران میدیای فەرمی، بانگەواز بۆ بەئامانجگرتنی "بنکە و بەرژەوەندییە ئیسرائیلییەکان" لە ناوچەکە دەکات. لەم نێوەیشدا ڕۆژنامەیماڵی ڕێبەری ئێران (کەیهان) هەڕەشەی ئەوەی کردووە، "دەبێت تێچووی دۆستایەتیی ئیسرائیل لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست قورس و گران بێت، بەتایبەت لە وڵاتانی لاوازی چواردەوری ئێران.[40]" بەهۆی ئەوەیشی ئەم بانگەشانە هەمان ئەو بانگەشانەن پێشتر بۆ بەئامانجگرتنی هەولێر بەکار هێنراون، هەڵوێستەکردن و چاودێریکردن دەخوازن بۆ بەرگرتن لە ئەگەری دووبارەبوونەوەیان.

_ هەندێك ڕاپۆرتی میدیایی ئەمریکی، هەرێمی کوردستان دەخەنە دەرەوەی ئەو ناوچانەی کە دەشێت ئیسرائیل بیکاتە ئامانج، بەو پێیەی بەشێك نییە لە "بەرەی مقاوەمە"[41]، بەڵام ئەمە بە دیوەکەی تردا جێگەی مەترسییە کە گرووپە چەکدارەکان بنکە و بارەگاکانی هاوپەیمانان بکەنە ئامانج یان بگەڕێنەوە بۆ ئەو دۆخەی کە هێرشکردنە سەر پایتەختی هەرێمیان بە هێرشکردنە سەر بەرژەوەندییەکانی ئیسرائیل لە قەڵەم دەدا.

_ ئەگەرێکی تر کە لە میدیای ئێرانیدا ئاماژەی پێ کراوە، گرنگیی بەکارهێنانی درۆن و چەکە

مامناوەندەکانی ئێرانە بۆ بەرپەرچدانەوەی هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ئێران و ئاراستەکردنی چەکە بالیستییەکانە بۆ ئیسرائیل[42]. بەو پێیەیشی بارەگای ئەو هێزە ئۆپۆزیسیۆنانە لە هەرێمی کوردستاندان، دەشێت لە چوارچێوەی سیاسەتی تێکەڵکردنی کارتەکاندا بکرێنە ئامانج. ئەمەیش هەرچەندە لە ئێستادا تا رادەیەك دوورە، بەڵام وەك ئەگەرێك هەر جێگەی تێڕامانە.

_ هەرێمی کوردستان لە ئێستادا لە دۆخی لێکترازان و دابەشبوون و کێبرکێ و هەڵمەتی هەڵبژاردندایە. لەم کاتەیشدا لەگەڵ گرژییە هەرێمایەتییەکانی پەیوەست بە کوشتنی "حەسەن نەسروڵڵا" یەخانگیر بووە. ئەمەیش دەرفەتی کاری پێکەوەیی و هەماهەنگی بۆ بەرەنگاربوونەوەی لێکەوتەکان لاوازتر دەکات.

**سەرچاوە و پەراوێزەکان**


[1] https://2h.ae/pUmS

[2] https://2h.ae/YwRm

[3] https://2h.ae/hlca

[4] https://2h.ae/bagY

[5] https://2h.ae/OQpa

[6] https://2h.ae/pUmS

[7] https://2h.ae/OQpa

[8] https://2h.ae/pUmS

[9] https://2h.ae/wefM

[10] https://2h.ae/KewF

[11] https://2h.ae/ZARS

[12] https://2h.ae/RYqq

[13] https://2h.ae/VzVf

[14] https://2h.ae/njrl

[15] https://2h.ae/hlYS

[16] https://2h.ae/okYp

https://2h.ae/ujiu [17]

https://2h.ae/omIu [18]

https://2h.ae/dQoW [19]

https://2h.ae/wAUB [20]

https://2h.ae/KsBO [21]

https://2h.ae/iTQu [22]

https://2h.ae/SHQL [23]

https://2h.ae/xedq [24]

https://2h.ae/MCbx [25]

https://2h.ae/qQqG [26]

https://2h.ae/EvcG [27]

https://2h.ae/Jwaq [28]

https://2h.ae/TdML [29]

https://2h.ae/fOAc [30]

https://2h.ae/HFTi [31]

https://2h.ae/fOAc [32]

https://2h.ae/EvcG [33]

https://2h.ae/oWaX [34]

https://2h.ae/Snlk [35]

https://2h.ae/smVe [36]

https://2h.ae/Ohfw [37]

https://2h.ae/xsPa [38]

[39] https://2h.ae/EvcG

[40] https://2h.ae/qOmR

[41] https://2h.ae/IUmL

[42] https://2h.ae/JqoQ

---

# هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەکە دوای کوژرانی حەسەن نەسروڵڵا

**(خوێندنەوەیەکی ستراتیژییانە بۆ لێکەوتە و سیناریۆکان)**

**پرۆفیسۆر دکتۆر سەردار قادر محیەدین،** شارەزا لە یاسای دەستووری و دیپلۆماسییەتی قەیران

**داهاتووی حزبوڵڵا دوای کوژرانی یەک دەرزەن لە سەرکردەی باڵا + ئەمینداری گشتی**

حەسەن نەسروڵڵا، ئەمینداری گشتیی حزبوڵڵای لوبنانی، ئیوارەی ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی 27/9/2024 لە هەڵمەتێکی بەئامانجگرتن لەلایەن ئیسرائیلەوە کوژرا، کە تێیدا وردترین زانیاریی هەواڵگری و گونجاوترین کات و شوێن و پێشکەوتووترین چەکی تێدا بەکار هات، کە 85 بۆمب بوو؛ هەر یەکەیان کێشەکەی نزیکەی یەک تەن دەبوو. یەکێک لەو بۆمبە مووشەکییانە ساڵی 2009 لەلایەن ئەمریکاوە درابووە ئیسرائیل، کە پێشتر بۆ جەنگی کەنداو لە دژی سەددام دروست کرا بوو، کە توانای بڕینی 50 مەتر لە خاک و 5 مەتر لە کۆنکرێتی هەیە. زانیارییەکە زۆر بۆ ئیسرائیلییەکان بەنرخ بوو، کە ئاماژەی بەوە دەدا، کە ئەمینداری گشتیی حزب و 12 سەرکردەی سەرەکیی حزب بەشدارن لەو کۆبوونەوەیە، کە کۆی سەرکردە کوژراوەکانی، زیاترن لە 20. ئەوە بوو مووشەک و بۆمبەکان وەشێندران و، ئامانجەکانی خۆیشیان پێکا؛ نەک تەنیا هەر ئەوە، بەڵکوو ئیسرائیلییەکان ئەوەندە لە کارەکەی خۆیان دڵنیا بوون کە پێش حزبوڵڵا هەواڵی کوشتنەکەیان بڵاو کردەوە.

حەسەن نەسروڵڵا کە نازناوی پێشەوا و سوارچاکی گۆڕەپانی بەرگری بوو دژی دەوڵەتی ئیسرائیل. وەک سەرۆکی هەمان حزبەکەی کە لە ساڵی 1992 لەلایەن ئیسرائیلەوە کوژرا، ئەمیش دوای 32 ساڵ لە دوژمنایەتیی ئیسرائیل هەمان چارەنووسی هەبوو.

کوژرانی ئەمینداری گشتیی حزب و دەرزەنێک لە سەرکردەکانی، بووە هۆی هەڵتەکانی بنیاتی سیاسی و سەرکردایەتیی حزب، کە شوێنگرتنەوەیان ئەوەندە کارێکی ئاسان نییە؛ چونکە تەواوی ئەو سەرکردانە، خاوەن ئەزموون و پلان و زۆرزانیی حزبی و سیاسی بوون. ئەوەیش بۆشاییەک لەسەر ئاستی دەسەڵات لەناو حزب دەنێتەوە؛ ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ئیسرائیل توانیی زەرەرێکی کەمەرشکێن لەسەر سێ ئاست لەو حزبە بدات: کوشتنی 12 سەرکردە و ئەمینداری گشتییەکەی، تێکدانی سیستەمی پەیوەندییەکانی حزب کە ئامێری پەیجەر و وکی توکی بوون، لەناوبردنی زۆرێک لە ژێرخانی سەربازی و بەرگریی حزب. ئەو سێ ئاستە ئەوەندە کاریگەرن کە وا بەئاسانی حزبوڵڵا ناتوانێ ڕیزەکانی خۆی ڕێک بخاتەوە؛ ئێرانیش بەو پەلەیە ئەو توانایەی نییە ئەو کارەیان بۆ بکات، چونکە هاوکێشەکان و وادەکە لە بەرژەوەندیی ئەو نین تا بەو ئاسانییە خۆی بخزێنێتە ناوەوە. ئێران هەر لە بنەڕەتەوە لەگەڵ هەڵکشانی گرژییەکان نەبوو و لە پەیامێکی بۆ حزبوڵڵا ئەوەی پێ ڕاگەیاندن: کە کاتەکە بۆ بەرەنگاربوونەوە گونجاو نییە.

بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە حزبوڵڵا بەو ئاسانییە داڕووخێ و لە گۆڕەپان وەدەربنرێ. ئەو خاوەنی مێژوویەکە لە ئەزموونی سیاسی و چەکداری و بەرگری و جەنگ، خاوەنی تەرسانەیەکە لە چەک و مووشەک کە بە نزیکەی 150 – 200 هەزار مووشەک و قازیفە دەخەمڵێندرێت، کە دەتوانێ لە دژی ئیسرائیل هەڕەشەی پێ بکا، بنکەیەکی جەماوەریی تۆکمەی هەیە، ئەو حکوومەتی لوبنانی لە ڕووی سیاسییەوە ئاراستە دەکات، نزیکەی 100 هەزار هێزی چەکداری هەیە، کە لەلایەن ئێرانەوە مەشقی باشیان پێ کراوە. هەر بۆیە لەو سۆنگەیەوە سەرکردایەتیی نوێی حزب لەسەر هەمان پەیڕەوی پێشوو دەڕوا و هەوڵی سەرلەنوێ ڕێکخستننەوەی ڕیزەکانی دەداتەوە؛ ئەوەندەیش تەرسانەی هەیە کە بتوانێ بەرگری لە خۆی پێ بکات و بە بکەرێکی سەرەکیی بەرەی بەرگری لە دژی ئیسرائیل بمێنێتەوە.

بەڵام ئیسرائیل ئەو ماوەیە بە حزبوڵڵا نابەخشێ بۆ بیرکردنەوە و خۆڕێکخستنەوە؛ بەردەوام هێرشە ئاسمانییەکان گورز لە ئامانجەکانیان لە لوبنان دەوەشێنن، لەسەر ئاستی وشکانیش لە باشووری لوبنان هێرشی زەمینی بەدوور نازانرێ بۆ دەرکردن و خاپوورکردنی پێگەکانی حزبوڵڵا لە باشووری لوبنان تا ڕووباری لیتانی. بەڵام ئایا ئیسرائیل ئەو کارە بەبێ کۆمەکی هێزی نێودەوڵەتی، بەتایبەت ئەمریکا و فەرەنسا ئەنجام دەدات؟ بۆ ئەو ویست و ئامانجەیش ئیسرائیل، ئەمریکا و هەندێ لە دەوڵەتانی ئەوروپای لە هێرشە زەمینییە سنووردارەکە ئاگادار کردۆتەوە، بەڵام ئاڵنگارییە جددییەکە بۆ حزبوڵڵا ئەوەیە کە ئایا بەو زووانە دەتوانێ خۆی ڕێک بخاتەوە و میراتی سەرکردەکانی پێشووی لەلایەن نوێکانەوە بپارێزێ؟ یان بەو ئاسانییە دەتوانن لەسەر بنیاتێکی سیاسی و ستراتیژی و دەسەڵات بۆ حزب ڕێک بکەون؟ ئەوەی کە پەیوەستە بە ئێرانیشەوە، بۆ گەیشتنە ئەو مەبەستە و ڕێکخستنەوەی ڕیزەکانی حزبوڵڵا لەسەر سێ ئاست کار دەکات: هەوڵدان بۆ ڕازیکردنی حزبوڵڵا بەو خەسارەتە (ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێ کە حەسەن نەسروڵڵا وەک قوربانییەکی هاوکێشەکە ئەژمار بکرێ)، نەچوونە ناو جەنگەکەوە بەڕاستەوخۆیی کە لە بەرژەوەندیی ئەو ناکەوێتەوە (چونکە بەڕاستەوخۆیی سیستەمی سیاسیی ئێران دەکەوێتە مەترسییەوە)، خاوکردنەوە و ڕێگرتن لە هەڵکشانی زیاتری گرژییەکان تا لەدەست دەرنەچن و جەنگەکە تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگرێتەوە و کاولکارییەکی بێشومار بە دوای خۆیدا دێنێت و نزیکەی 25 دەوڵەت لەو حاڵەتەدا تێوە دەگلێن.

لەسەر ئاستی لوبنانیش، ئیسرائیل مەبەستیەتی ژێرخانی لوبنان داڕووخێنێ و بارودۆخی سیاسییش لە نێوان لایەنە سیاسییەکانی بشڵەقێنێ و لە دژی حزبوڵڵا هانیان بدات، بەوەی کە حزبوڵڵا لە ساڵی 1992وە

هۆکاری سەرەکی و ڕاستەوخۆی خاپوورکردنی لوبنانە. لە لایەکی تریشەوە مەبەستیەتی لە ڕێگەی ئەو گوشارانەوە حزبوڵڵا ناچار بکات بە ڕازیبوون و جێبەجێکردنی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش ژمارە 1701 کە پەیوەستە بە کشانەوەی هێزەکانی حزبوڵڵا لە باشووری لوبنان تا دوای ڕووباری لیتانی، کە ئەو پانتاییەیش نزیکەی 1100 کلم چوارگۆشە دەبێت.

### کاریگەریی لەسەر جەنگی غەززە

جەنگی غەززە بە بارودۆخێکی ناوخۆیی لەسەر ئاستی سیاسەتی نێودەوڵەتی ئەژمار دەکرێ؛ جەنگە لە نێوان گرووپێک و دەوڵەت؛ لەسەر خاک و، هەر یەک لە ئەوان ئەوی دی ڕەت دەکاتەوە. شەڕی 7/10/2023 تواناکانی سەربازیی ئیسرائیلی خستە ژێر پرسیارەوە، بەوەی کە لە مێژووی ئیسرائیل بۆ یەکەم جارە گرووپێک بتوانێ ئەوەندە سەرباز لە سوپای ئیسرائیل بکوژێ و دزەیش بکاتە ناو سیستەمی بەرگرییەکەی؛ بە شێوەیەک کە کاریگەریی نەرێنیی لەسەر ئابڕووی ئەو وڵاتە دروست کرد. دوای سنووربەزاندنی ئیسرائیل بۆ هەموو بنەما یاساییە مرۆییە نێودەوڵەتییەکان و تەواوی داواکارییەکان بە وەستاندنی جەنگ، نەیتوانی ئەو گرووپە لەناو بەرێت و، تەنیا لەقاڵبی دان؛ بەڵام لە بەرگری دژی سوپای ئیسرائیل هەر بەردەوامن. سەرۆکەکەیان تا لە غەززە بوو، دەرفەتی کوشتنی نەدا بەدەستەوە، بەڵام لە ئێران ئەو کارە کرا. ئێستا بەرەی جەنگ گوازراوەتەوە دژ بە حزبوڵڵا لە لوبنان، نەک دژ بە دەوڵەتی لوبنانی. هەر بۆیە دەوڵەتی لوبنان بیر لە بەرگری ناکاتەوە؛ تەنیا ئەوەندە نەبێ باس لە وەستاندنی جەنگ و جێبەجێکردنی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش ژمارە 1701 دەکات.

ئەو جەنگە هەندێ گوشاری ئیسرائیلی لەسەر حەماس کەم کردەوە، بەڵام دەرفەت ناداتە حەماس بۆ پێشڕەویکردن. گەمارۆ و نەهامەتییەکانی خەڵکی غەززە بەردەوامن. هەوڵی وەستاندنی جەنگ و ئازادکردنی بارمتەکان و بیرۆکەی دوو دەوڵەتی، هەنووکە بێبازاڕ کەوتۆتەوە. جموجۆڵە دیپلۆماسییەکانیش لەو بارەیەوە وەستاون. پەیوەندیی ئێران و حزبوڵڵا لەگەڵ حەماس لە دۆخی وەستاندایە، چونکە بارودۆخەکە تەواو ڕوو لە شڵەژانە و ئێران تا دێ بەهەستیارییەوە ڕەفتار دەکا. بەڵام هێرشەکانی شەوی سێشەممەی یەکی ئۆکتۆبەر، دەشێ پارسەنگی هاوکێشەکان بگۆڕێ، چونکە سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل پێشتر مژدەی ڕزگارکردنی گەلی ئێرانیان لە ڕژێمەکەی پێ دان. بەڵام ئەو وەرچەرخانە لە بارودۆخ و هاوکێشەکان، ئەوە ناگەیەنێت کە گوشار و مەترسی لەسەر حەماس نەماوە، بەڵکوو مەترسییەکانی لەناوبردنی پێگە و ژێرخانی سەربازی و کوشتنی سەرکردەکانی هەر لە ئارادایە. لە لایەکی تریشەوە چالاکییەکانی لە لوبنان وەستاون؛ ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە تەواوی جووڵەکانی حەماس لەم بارودۆخەدا بۆ دەوڵەتانی ناوچەکە وەستاون. ئەوەی کە ماوەتەوە بۆ حەماس، تەنیا خۆڕێکخستنەوەیە و لەوانەیە هەندێ هەوڵی تۆڵەکردنەوەیش بدات لە ئیسرائیل، لە کاتێکدا کە بە جەنگی لوبنان و بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی ئێرانەوە خەریکە.

### ئایا کاریگەریی لەسەر بەرەی گرووپە وەلائییەکانی سەر بە ئێران چی دەبێ؟

لەو نێوەندەدا کە ئێران تا پێی دەکرێ نایەوێ گرژییەکان بەرەو هەڵکشان بچن، تەنیا بۆ ڕای گشتی و وەك خاوەن هەژموون، هەندێ کاردانەوەی بەرانبەر ئیسرائیل دەبێت، دەنا نیازی جەنگی نییە، ئەگەر نەتانیاهۆ دۆخەکە زیاتر لە پەرچەکرداری ئێران بەرەو هەڵکشان نەبا؛ کە ئەوە ویستی ئەوە دژ بە ئێران و تێوەگلاندنی دەوڵەتانی ئەورووپا و ئەمریکا. کەواتە گورزە توندەکە لەلایەن ئیسرائیل و ئەمریکاوە دژ بە گرووپە

وەلائییەکان دەبێ. ئێرانیش هەر ئەوان بۆ کاردانەوە لە دژی ئیسرائیل و ئەمریکا هان دەدا. ئەوە بوو ئیسرائیل دوای حەماس لە بەهێزترینیانەوە دەستی پێ کرد کە حزبوڵڵایە. دواتریش لەسەر شێوازی دۆمینۆ، یەک لە دوای یەک گورزیان بەردەکەوێ؛ ئیدی دیار نییە سووریا پێش عێراقە، یان بەپێچەوانەوە، دواتریش یەمەن؛ دەشێ بە هاوبەشیکردنی دەوڵەتانی کەنداویش بێت وەک سعوودیە و ئیمارات، یان لەو قۆناغەدا تەنها بریتانیا و ئەمریکا ئەرکی بەرگری و پاراستنی ئیسرائیل جێبەجێ بکەن، بەڵام پێ دەچێ گرووپە وەلائییەکان لە عیراق بۆ تێوەنەگلانی حکوومەتی عیراقی تەنها هەندێکیان ئەو کارە بگرنە ئەستۆ.

وەک: حزبوڵڵا، چونکە لایەنە سەرەکییەکانیان لە حکوومەتی عێراقی بەشدارن و بە کاردانەوەیان حکوومەتی عێراق دووچاری هەڵوێستێکی دژواری سەربازی و سیاسی لەمەڕ بارودۆخەکە دەکەن، کە لە بەرژەوەندیی عێراق ناکەوێتەوە... بەڵام ئەوەی کە لێرە گرنگە ئاماژەی پێ بدرێ ئەوەیە: بەرەی گرووپە وەلائییەکانی عێراق لە ڕووی لۆجستی و داراییەوە پشتیوانی ئەوانی تر دەبن، تایبەت لە سووریا و یەمەن.

**بارودۆخەکە لەگەڵ ئەجێندای پزیشکیان یەک ناگرێتەوە**

گەرچی پەرلەمانی ئێران لە کاتی پەسەندکردنی کابینەکەی پزیشکیان، جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە نابێ هیچ کام لە بەرپرسانی کابینەکەی، لە هەوڵی دانانی ڕایەڵەی پەیوەندیدا بن لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژاوا، بەڵام خودی هەڵبژاردنی پزیشکیان وەک ئەجێندایەکی ئێرانی وایە بۆ کرانەوە و قوتارکردنی ئەو وڵاتە لە دابڕان و جەنگ و گەمارۆکان. ئەو ڕۆڵەیش بە سەرلەنوێ داڕشتنەوەی پەیوەندییەکان دێت لەگەڵ دەوڵەتانی ئەوروپی و ئەمریکا. لەو بارەیشەوە پزیشکیان لە نیویۆرک چەندان پەیامی ئەرێنیی بۆ ئەمریکا و دەوڵەتانی ئەورووپا نارد، بەتایبەت بۆ گەڕانەوە بۆ ڕێککەوتننامەی ئەتۆمی. ئەمەیش ئەرکێکی قورسە بۆ پزیشکیان، چونکە مەبەست لەو جووڵە و ئەجێندایە، قوتارکردنی ڕژێمی سیاسیی ئێرانە لە ڕووخان و سەرلەنوێ پاراستنی و جۆشدانی، لە لایەکی تریشەوە خۆلادان لە هەر هەوڵێک بۆ تێوەگلاندنی لە جەنگێکی سەرتاسەری کە ئاکامەکەی لەناوچوونی حوکمڕانیی ئێستای ئێرانە؛ هەر کاردانەوەیەکیش کە ئەنجامی بدا، لە سنووری دیاریکراو تێ ناپەڕێ و لە توانایدا نییە.

ئێران لە هەوڵدا دەبێت کە لە ڕێگەی گرووپە وەلائییەکانییەوە بۆ تۆڵەکردنەوە، هێرشەکانی زیاتر بکات؛ لە بەرانبەریشدا ئیسرائیل گورزی خۆی لە تەواوی ئەو گرووپانە- لە هەر شوێنێک بن- دەوەشێنێ، تا هەرچیی کردووە توانای سەربازییان لاواز بکات و مەترسییەکانی سەر ئاسایشی نەتەوەیی ئیسرائیل کەم بکاتەوە. هەرچەندە ئێران لە پێناو حزبوڵڵا نەچووە ناو جەنگەکەوە؛ ئەوەی کە ڕووی دا تەنیا پەرچەکردار بوو وەک نمایشێک لە بەردەم ڕای گشتی و، نمایشێک بوو تەواو بوو. بەڵام تاکە پێوەر بۆ هەڵنەکشانی گرژییەکان، هەڵوێستی نەتانیاهۆیە، بەوەی کە ئایا وەڵامی توندی دەبێ دژی هێرشەکانی ئێران یان نا؟ ئەوەیش کاتژمێرەکانی داهاتوو یەکلایی دەکاتەوە. لە لایەکی تریشەوە ئیسرائیل جەخت لەسەر لێدانی پێگە ستراتیژییەکانی ئەو گرووپانە لە لوبنان و سووریا و عێراق و یەمەن دەکاتەوە، بۆ نموونە لە یەمەن لە پارێزگای “حودەیدەی”دا، کە لە 70% پێداویستییەکانی حووسییەکان لەو بەندەرەوە بۆیان دێت، ئەمەیش یەمەن لە بەردەم کارەساتێکی مرۆییدا دەبینێتەوە. لە عێراقیش پێ دەچێ یەکێك لە ئامانجەکانی ئیسرائیل، لێدان لە پارێزگای بەسرە بێت، کە شادەماری ئابووریی عێراقە. ئەودەمیش عێراق دووچاری قەیرانێکی داراییی قووڵ دەبێتەوە و لە هەمان کاتیشدا دەبێتە لایەن لە جەنگەکە و ئاکامەکەیشی لە بەرژەوەندیی ئەو ناشکێتەوە.

ئیسرائیل له هێرشەکەی سەر لوبنان ئابڕووی خۆی کڕییەوە، بەڵام ئێرانیش کە هێرشەکەی پێشووتری بۆ سەر ئیسرائیل وەک نمایش و ئابڕووبەرانە بوو، ئەوەی سەرەتای ئۆکتۆبەری توندتر بوو. ئیسرائیل هەمان سیناریۆی غەززە لە باشووری لوبنان دووبارە ناکاتەوە، تا سەرکەوتنی کرداری گەرەنتی نەکات، هەرچەندە ئێستا ئیسرائیل بەهێزترین دەوڵەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە ڕووی سوپا و جۆری چەکەوە، بۆ نموونە: بوودجەی سوپا 24.3 ملیار، 39 فڕۆکەی F35، 175 فڕۆکەی F16، 66 فڕۆکەی F15، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە سیستەمێکی بەرگریی بێهاوتای لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیە، وەک: کڵاوەی ئاسنین، سلینگی داوود (David’s sling)، تیر، سیستەمی مووشەکی پاتریۆت؛ ئەمە سەرەڕای تەواوی هاوکاری و پشتیوانیی ئەمریکا و دەوڵەتانی ئەوروپا بۆ ئیسرائیل لە ڕووی دارایی و سەربازی و دیپلۆماسییەوە.

کەواتە ئێران لەسەر ئاستی سەرۆکایەتی بەنیازی هیچ جۆرە کاردانەوەیەک نەبوو؛ ئەوەی کرا بڕیاری سوپا و ڕابەرە؛ ئاکامەکەیشی لەلایەن ئیسرائیلەوە بێوەڵام قوتاری نابێ. بەڵام پێوەری ڕاستەقینە ئەوەیە کە نەتانیاهۆ بەنیازی وەستانی جەنگە یان نا؟ ئایا هێرش دەکاتەوە سەر ئێران؟ بەڵام پێ ناچێ وەک ئێرانییەکان ئەگەر هەندێ خەسارەتیش بدەن وەڵام بدەنەوە، چونکە بارودۆخەکە لەوە زیاتر بەرەو هەڵکشان بچێ کۆنترۆڵ ناکرێ و لە بەرژەوەندیشیاندا نییە. لەلایەکی تریشەوە ئەمریکا ماف بە ئیسرائیل دەدات لە سنوورێکی دیاریکراو وەڵامی ئێران بداتەوە، بەڵام لە هەوڵدا دەبێت گرژییەکان هەڵنەکشێن و ئەویش لە جەنگ تێوە نەگلێندرێ.

### کاریگەریی لەسەر عێراق

حەسەن نەسروڵڵا پەروەردەی حەوزەی نەجەف بوو، پێش ئەوەی ببێتە وەلائییەکی ئێران. کوژرانی، داخ و کەسەرێکی زۆری لای گرووپە وەلائییەکان دروست کرد. چەندان هوتافی تۆڵەکردنەوەیان دا، بەڵام تەنیا گرووپە بچووکەکان نەبێ، پەرچەکردارێک نەبوو. گرووپە وەلائییەکان و حکوومەتی عێراقی و ئێران بەهەستیارییەوە ڕەفتار دەکەن. حکوومەتی عێراقی گەرچی لەژێر گوشاری زۆری گرووپەکاندایە و ئەوان بڕیاری سیاسی لە عێراق ئاراستە دەکەن و یەکلاییشی دەکەنەوە، بەڵام حکوومەت تا ئێستا هیچ هەڵوێستێکی تۆڵەکردنەوەی نەنواندووە. کەواتە هەڵوێستی فەرمیی حکوومەت تێوەنەگلانە لەو جەنگە و خۆپارێزییە؛ تەنیا ئەوەندە نەبێ کە بڕیاری داوە کۆمەکی و هاوکاریی مرۆیی گەلی لوبنان بکەن. بەڵام گرووپە وەلائییەکان و تەنانەت “سەدر”یش لە هەوڵی ئەوەدان کە هەڵوێستێکی جەماوەری بۆ بابەتەکە دروست بکەن، تا لەوێوە گوشار بخەنە سەر حکوومەت بۆ هەڵوێستنواندن دژ بە ئیسرائیل و دەرفەتێکیش بۆ دەرکردنی هێزی هاوپەیمانان لە عێراق.

کەواتە دوو هەڵوێست لە عێراق هەن: هەڵوێستی حکوومەت کە خۆپارێزییە و بۆ ئەو مەبەستەیش لەگەڵ ئەو گرووپانە کۆ بۆتەوە کە پەرچەکرداریان نەبێ و هێرشەکانیان بوەستێنن. هەڵوێستی گرووپە وەلائییەکانیش کە دوو بەشن: هەندێکیان کە سەرەکین تەنیا بەنیگەرانی و ناڕەزایی هەڵوێستیان گرتووە، ئەوانی تریش بەکردار لە هەوڵی تۆڵەکردنەوەن بۆ حەسەن نەسروڵڵا. بەڵام تا ئێستا بەو شێوە کاریگەرە نییە کە ببێتە مایەی هەڵوێستنواندن لەلایەن ئیسرائیلەوە وەک پەرچەکردار دژ بەو گرووپانە و بەئامانجگرتنی پێگە و دامەزراوە ستراتیژییەکانی ئەو گرووپە و حکوومەت. ئەویش بە هەمان شێوەی ئێران، ئەگەر ئیسرائیل وەڵامی توندی ئێران بداتەوە، ئەوا ئەو گرووپانەیش هێرشەکانیان چڕتر دەکەنەوە و لەلایەن ئیسرائیلیشەوە کاردانەوە دەبێت.

ئەوەی کە حاشاهەڵنەگرە لەو بارەیەوە، کە عیراق کاردانەوەی ڕووداوی کوژرانی حەسەن نەسروڵڵای لەسەرە، بەڵام سنووردارە و پەیوەستە بە هەڵوێستی ئێرانەوە، چونکە تا هەنووکە ئێران بەنیازی تێوەگلان نییە، ناشی هەوێت چالاکیی ئەو گرووپانە لەم قۆناغەدا توندتر بکاتەوە. خۆ ئەگەر گرووپەکان هەڕەشەکانی ئیسرائیل بە هەند وەرنەگرن و هێرش بکەن، ئەوا گومانی تێدا نییە عیراق زۆر بە ئاسانی تێوە دەگلێ و باجی قورسیش لەو بارەیەوە دەدات، بەڵام هاوکێشەکان ئێستا لە ڕووداوی کوژرانی حەسەن نەسروڵڵا تێپەڕیوە بۆ بارودۆخە پڕمەترسییەکەی نێوان ئیسرائیل و ئێران.

هەڵوێستی ئەمریکا لەو بارەیەوە ئەوەیە، کە هەوڵی ڕاگرتنی جەنگ دەدات، بەڵام نەتانیاهۆ ئەو دەرفەتەی نەهێشتۆتەوە و سوورە لەسەر ئەجێنداکەی؛ تەنانەت گەیشتۆتە ئەو قۆناغەی کە ئەمریکای هێناوەتە سەر خەت کە چۆن وەڵامی هێرشەکانی شەوی یەکی ئۆکتۆبەری ئێران بدەنەوە و هەماهەنگیان هەبێ. بەڵام ئەمریکا بەردەوام لە هەوڵی ئەوەیشدایە تێوە نەگلێ. هەمیشە لە ڕووداوەکانی نێوان ئیسرائیل و ئێران ڕای گەیاندووە کە هیچ کام لە هێزەکانمان لەلایەن ئێرانەوە بەئامانج نەگیراون، بەڵام ئیسرائیل مافی بەرگریی لە خۆی هەیە و ئێمە بە هەموو شێوەیەک پشتیوانیی لێ دەکەین. هەر بۆیە گرووپە وەلائییەکانی ئێرانیش لە عێراق وازیان لە دژایەتیی ئەمریکا و هێرشکردنە سەر هێزەکانی هێناوە و ئێستا تەنیا هەڕەشە لە ئیسرائیل دەکەن. بەڵام لەلایەن ئەمریکاوە هەر هێرشێک لە هەر شوێنێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە بکرێتە سەر ئیسرائیل، ئەوان لە بەرەی بەرگریدا دەبن لەگەڵ ئیسرائیل. لەوێوە ئەگەری تێوەگلانی ئەمریکا زێتر دەبێت و ئاکامەکەیشی بۆ عێراق ئەرێنی نابێت. باڵیۆزی ئەمریکاش لە بەغدا هۆشداریی توندی دایە ئەو گرووپانە تا هێرش نەکەنە سەر بەرژەوەندییەکانی وڵاتەکەی؛ بەپێچەوانەوە لەلایەن وڵاتەکەیەوە ڕووبەڕووی کاردانەوەی توند دەبنەوە.

**کەواتە لە کۆتاییدا سیناریۆ و ئەگەرەکان چی دەبن؟**

لەو بارەیەوە هەندێ ئەگەر و سیناریۆ هەن و قابیلی ڕوودانن، لەوانەیش:

- سیناریۆی دانبەخۆداگرتن؛ تا چیدی گرژییەکان هەڵنەکشێن و نەبێتە جەنگێکی ناوچەیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بەڵام ئەو ئەگەرە لە دوای هێرشەکانی ئێران بۆ سەر ئیسرائیل لاواز بووە.

دانبەخۆداگرتنی ئێران بۆ وەڵامی ئیسرائیل دژ بە ئەو؛ ئەویش لە پێناو ئەوەی جەنگی گەورە نەکەوێتەوە. ئەمریکا و دەوڵەتانی ئەوروپا و ناوچەکە ئەو ئەرکە لە ئەستۆ دەگرن، بەوەی ئێران وەڵامی تری هێرشەکانی ئیسرائیل نەداتەوە و ئیسرائیلیش تەنیا هێرش بۆ چەند دامەزراوەیەک بکات لە ئێران، بەو مەرجەی دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئێران نەگرێتەوە، ئەویش بۆ ئەوەی ئێران خۆی لە جەنگ بەدوور بگرێ. بەڵام هێرشە سەرەڕۆییەکان لەلایەن گروپە وەلائییەکانەوە هەر بەردەوام دەبن، بەڵام ئەو ئەگەرەیش بۆ ئێران کارێکی ئاسان نییە، بەوەی گرووپە وەلائییەکان شەڕ بۆ ئەو بکەن و هەر ئەویش بیانکاتە قوربانی تا لە جەنگ تێوە نەگلێ و خۆیشی دەستەوەستان دانیشێ. هەر بۆیە ئێران نەیتوانی ئەو هەڵوێستە وەرگرێ و، لە دووی ئۆکتۆبەر وەک تۆڵەسەندنەوە بۆ هەنییە و حەسەن نەسروڵڵا هێرشی کردە سەر ئیسرائیل.

- ئیسرائیل بەردەوام دەبێ لە هێرشەکانی، تا ئەو کاتەی قووڵاییی ئاسایشی نەتەوەییی خۆی پتەو دەکات و دوژمنەکانی تەواو لاواز دەکات لە لوبنان و فەلەستین و یەمەن و سووریا و عیراق و، مەترسییەکانی سەر دەوڵەتی جوولەکە لە سنورەکانی دوور دەخاتەوە. ئەو دەمیش بارودۆخێکی

نویَ لە پەیوەندییەکان و سیستەمی هەرێمایەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دێتە کایەوە. بۆ ئەو مەبەستەیش لەوانەیە هێرش بکاتە سەر باشوری لوبنان و وەدەرنانی چەکدارانی حزبوڵڵا بۆ دوای سنووری ڕووباری لیتانی و ناچارکردنی دەوڵەتی لوبنان بە چەکدامالینی حزبوڵلا و چۆڵکردنی باشووری لوبنان تا ڕووباری لیتانی لە چەکدارانی حزبوڵلا و جێگیرکردنی هێزی نێودەوڵەتی وەک فەڕەنسی و ئەمەریکی لە باشووری لوبنان، بەمەبەستی جێبەجێکردنی بڕیاری 1701ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی. لەو حاڵەتەدا حزبوڵڵا دەبێتە هێزێکی لاواز لەناو لوبنان و سەرلەنویَ دوبەرەکیی سیاسیی ناوخۆیی لەو وڵاتەدا سەرهەڵدەداتەوە، چونکە جۆرێک لە هاوسەنگیی نێوان هێزەکان لە لوبنان دەگەڕێتەوە و هێزێکی چەکداری باڵادەست لە دەرەوەی دەوڵەت ناتوانیَ ببێتە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەییی ئیسرائیل.

- سیناریۆیەکی تر ئەوەیە کە لەسەر هەموو ئاستەکان ئەوەندە گوشار بخەنە سەر ئێران، تا ناچاری ڕێککەوتن و قبووڵکردنی مەرجەکانی ئیسرائیل و ڕۆژاوا ببێت. لەو حاڵەتەیشدا ئێران دەچێتە خولگەی سیاسەتی ئەمریکاوە لە ناوچەکە و بە لاوازکردنی ئێران، جۆرێک لە هاوسەنگییش بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگەڕێتەوە و مەترسییشی بۆ سەر ئیسرائیل نامێنێت. ئەم ئەگەرە کاتێک ڕوو دەدا، کە ئەو سازشەی ئێران بۆ دەوڵەتانی ڕۆژاوا و ئیسرائیل لە بەرانبەر مانەوەی سیستەمی حوکمڕانیی ئێراندا بێت.
- سیناریۆی کۆتایی ئەوەیە کە نەتانیاهۆ قسەی خۆی بباتە سەر، کە پێش چەند ڕۆژێک هەڕەشەی ڕووخاندنی ڕژێمی سیاسیی ئێرانی کرد و مژدەی بە گەلانی ئێران دا کە بەم زووانە ڕزگارییان دەبیَ. لەو حاڵەتەدا گرژییەکان تا دیَ بەرەو هەڵکشان دەچن و بازنەی جەنگ فراوانتر و توندتر دەبێت، بەڵام ئەگەری هێرشی زەمینی بۆ سەر ئێران بەدوور دەگیریَ، تەنیا ئەوەندە نەبیَ هێرشەکان ئاسمانی دەبن و تەواوی دامەزراوەکانی ئێران خاپوور و وێران دەکەن و زەمینە خۆش دەکەن بۆ ڕاپەڕینی جەماوەری و پشتیوانیکردنی لەلایەن دەوڵەتانی ڕۆژاواوە تا سیستەمەکە بەدەستی خۆیان بڕووخێنن.

**ئەدی کاریگەرییەکانی لەسەر هەرێمی کوردستان چی دەبێت؟**

- بەردەوام هەڵوێستی سیاسیی هەرێمی کوردستان تووشی ڕووگیری (ئیحراجی) دەکەن؛ لەوانەیشە پەرچەکرداریان بەرانبەر ئەو هەڵوێستانەی هەرێم هەبیَ، بەوەی گرفت بنێنەوە لە بابەتی مووچە و هەندیَ گرفتی یەکلانەبووەوە لەگەڵ بەغدا. هەر بۆیە سەرۆکایەتیی هەرێم دەبیَ هەڵوێستی هەبیَ و حەکیمانەیش دەریان بڕیَ.
- هەرێم پێویستیی بە ئامادەباشی هەیە لەسەر بەرزترین ئاست، چونکە هاوکێشەکان دژوار دەبن و گرژییەکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو هەڵکشان دەچن. هەرێمی کوردستانیش دەکەوێتە ناو جەرگەی هاوکێشە و گرژییەکانەوە، لە ساتی ڕوودانی جەنگ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەڵبژاردنەکەی پەرلەمانی هەرێم، نزیک دەبێتەوە لە مەحاڵ.
- بەئامانجگرتنی هەندیَ پێگەی هێزەکانی ئەمریکا لە هەرێم؛ لە لایەکی تریشەوە لەوانەیە لە کاتی هێرشەکانی ئێران بۆ سەر ئیسرائیل لە کاتی تەشەنەسەندنی گرژییەکان، هێزەکانی ئەمریکا لە هەرێمەوە بەرگری لە ئیسرائیل بکەن؛ ئەمە بێجگە لەوەی بە ناوی بوونی مۆساد لە هەرێم، ئێران هێرش بکاتە سەر هەندیَ شوێن و دامەزراوە لە هەرێم.

- بوونی دوو هەڵوێستی جیاواز لە هەرێم؛ زۆنی کەسک تەواو پشتگیریی گرووپە وەلائییەکان دەکات و پایتەختیش لە هەولێر تەواو خۆی دەپارێزێ کە لەو هاوکێشە و شەڕانە تێوە نەگلێ. بەڵام لەو بارەیەوە گوشارەکان بۆ سەر حکوومەتی هەرێم و پارتی دیموکراتی کوردستان زۆر دەبن.
- جووڵەی دیپلۆماسیی بەردەوام لەگەڵ ئێران و سەردانی بەردەوامی بەغدا؛ تا بواری هیچ کەلێنێک نەدرێ کە لەوە زیاتر گرفت بۆ هەرێم دروست ببێ.
- پاراستنی سەقامگیریی هەرێم، بەتایبەت لەم ساتە هەستیارەدا کە پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان تەواو نزیک بۆتەوە؛ چونکە هەندێ لایەنی سیاسیی سەرەکیی هەرێم بۆیان دەرکەوتووە کە بەرەنجامەکان لە بەرژەوەندییان ناکەوێتەوە، هەر بۆیە مەبەستیانە بارودۆخەکە بشڵەقێنن تا پرۆسەکە ئەنجام نەدرێ؛ ئەو هەڵبژاردنەی کە تەواوی دونیا چاودێریی دەکا.

---

# چۆن سیخوڕەکانی مۆساد دزەیان کردە ناو حزبوڵڵای لوبنان؟

**نووسەران:** مێهول سریڤاستاڤا (Mehul Srivastava )، جەیمس شاتەر (James Shotter )، چارلز کلۆڤەر ( Charles Clover ) و ڕایا جەلەبی ( Raya Jalabi )

**وەرگێڕان:** پێنووس

لە شەڕی ٢٠٠٦ لەگەڵ حزبوڵڵا، ئیسرائیل سێ جار هەوڵی تیرۆرکردنی "سەید حەسەن نەسروڵڵا"ی دا و هەر سێ جارەکە شکستی هێنا. بەڵام شەوی هەینی سوپای ئیسرائیل قەرەبووی ئەو هەڵانەی کردەوە. تەلئەبیب لە بنکەیەکدا لەژێر کۆمەڵگەیەکی نیشتەجێبون (شوقە) لە باشووری بەیروت شوێنپێی سەرۆکی حزبوڵڵای هەڵگرت و ٨٠ بۆمبی بەسەر ناوچەکەدا فڕێ دا، بۆ ئەوەی دڵنیا بێت لەوەی کە لە ژیاندا نەماوە. لەم هێرشەدا لانی کەم ٤ بینای نیشتەجێبوون وێران بوون. بە گوتەی بەرپرسانی ئێستا و پێشووی ئیسرائیل، ئەوەی لە ماوەی 4 هەفتەدا ڕێڕەوی ململانێکانی گۆڕی و گورزی وێرانکەری لە یەکێک لە گەورەترین ڕکابەرە ناوچەییەکانی ئیسرائیل گەیاند، قووڵایی و کوالیتیی ئەو زانیارییانە بوو کە ئیسرائیل لە ماوەی 2 مانگی ڕابردوودا بەدەستی هێنا و، یەکەمیان ئەنجامەکەی لە تیرۆرکردنی فەواد شوکر، دەستی ڕاستی سەید حەسەن نەسروڵڵا لە ٣٠ی تەمموزدا دەرکەوت.

ئەم بەرپرسانە گۆڕانکارییە گەورەکە لە هەوڵە هەواڵگرییەکانی ئیسرائیل بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر جموجۆڵەکانی حزبوڵڵا دوای شکستی ئیسرائیل لە ساڵی 2006 ڕوون دەکەنەوە. لە پاش ئەو ڕووداوە و

ماوەی دوو دەیەی پاشتردا، یەکەی هەواڵگریی ئاڵۆزی ئیسرائیل، یەکەی ٨٢٠٠ و دەزگەی هەواڵگریی سەربازیی ئیسرائیل (**أمَان**)، بڕێکی زۆر زانیارییان بۆ تێگەیشتن لە پێکهاتەی ئەو گرووپە چەکدارەی کە لە سنوورەکانی باکووری ئیسرائیل گەشەی دەکرد، کۆ کردەوە.

بە گوتەی میری ئیسین (Miri Eisin) ئەفسەری پێشووی هەواڵگریی ئیسرائیل؛ ئەم کۆکردنەوەی هەواڵگرییە پێویستی بە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی هەبوو لە شێوازی سەیرکردنی حزبوڵڵا وەک بزووتنەوەیەکی گەریلاییی لوبنانی کە سینگی بۆ ئیرادە و کۆڵنەدانی ئیسرائیلی دەرپەڕاندبوو لەو تاڵاوە ١٨ ساڵییەی داگیرکردنی باشووری لوبنان. بۆ ئیسرائیل، داگیرکارییەکە بە پاشەکشەیەکی شەرمەزارکەر لە ساڵی ٢٠٠٠ و شکستێکی بەرچاو لە کۆکردنەوەی زانیاریی هەواڵگری کۆتایی هات.

بە گوتەی ئیسین، لە بری ئەوە، هەواڵگریی ئیسرائیل دەرچەی ڕوانینی خۆی فراوانتر کرد بۆ چاودێریکردنی تەواوی حزبوڵڵا و لە دەرەوەی باڵی سەربازیی ئەو گرووپە، تەماحە سیاسییەکانی و، هەروەها فراوانکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ سوپای پاسدارانی ئێران و پەیوەندییەکانی سەید حەسەن نەسروڵڵا لەگەڵ بەشار ئەسەد لە سووریا خرایە ژێر چاودێرییەوە. هەروەها ئیسین دەڵێت: بۆ ماوەی نزیکەی دە ساڵ هەواڵگریی ئیسرائیل حزبوڵڵای وەک "سوپایەکی تیرۆر" دەبینی نەک گرووپێکی تیرۆریستی "وەک ئوسامە بن لادن لە ئەشکەوتێکدا". ئەوەیش گۆڕانکارییەکی چەمکییانە (conceptual shift) بوو کە ئیسرائیلی ناچار کرد بەوردی و بەبەرفراوانی لە حزبوڵڵا بکۆڵێتەوە وەک هێزەکانی دیکە، بۆ نموونە سوپای سووریا.

لە هەمان کاتدا کە حزبوڵڵا بەهێز بوو و بەتایبەتی لە سەروبەندی ناردنی هێز بۆ سووریا بۆ یارمەتیدانی حکوومەتەکەی بەشار ئەسەد لە ساڵی ٢٠١٢، ئیسرائیل دەرفەتی ئەوەی بۆ ڕەخسا ڕێوشوێنی هەواڵگریی پێویست بگرێتە بەر. دەرەنجامەکە بەدەستهێنانی "وێنەیەکی هەواڵگری"ی چڕ بوو کە بۆ نموونە؛ کێ بەرپرسی ئۆپەراسیۆنەکانی حزبوڵڵا بووە، کێ پلەی بەرزی پێ دەدرێت، کێ گەندەڵ بووە یان تازە لە سەفەرێکی نادیار گەڕاوەتەوە.

لە کاتێکدا چەکدارانی حزبوڵڵا لە جەنگی سووریادا ئەزموونیان وەردەگرت و شارەزا دەبوون، ژمارەی هێزەکانی ئەم گرووپە بەرەو زیادبوون دەچوو بۆ ئەوەی لەگەڵ فراوانبوونی بازنەی ململانێکان بگونجێن. بەڵام هەر ئەم ئەندامگیرییانەی هێزی نوێ، وای لێ کردن کە لە بەرامبەر سیخوڕەکانی ئیسرائیل کە بریکارەکانیان لەناو حزبوڵڵا دادەنێن یان بە دوای کەسانی ناڕازی و پەشیماندا دەگەڕان، لاواز بن.

ڕاندا سلیم (Randa Slim) شرۆڤەکاری ئینستیتیۆتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە واشنتۆن دەڵێت: سووریا سەرەتای فراوانبوونی حزبوڵڵا بوو... ئەم دۆخە، میکانیزمەکانی کۆنترۆڵکردنی ناوخۆی ڕێکخراوەکەی لاواز کرد و دەرگەی حزبوڵڵای بە ئاستێکی بەرفراوان لە بەردەم دزەکردنەوە، ئاوەڵا کرد.

هەروەها جەنگی سووریا، بۆ ئیسرائیل دەوڵەمەندکردنی زانیاری و داتاکانی لێ کەوتەوە، کە بەشێکی زۆریان بەئاشکرا لەبەردەستی سیخوڕەکانی ئیسرائیل و ئەلگۆریتمەکانیاندا بوو. بۆ نموونە، بڵاوکردنەوەی ڕاگەیاندنی پرسە لە شێوەی "پۆستەری شەهید" کە بەبەردەوامی حزبوڵڵا بەکاری دەهێنا، زانیاریی لەسەر شاری لەدایکبوونی ئەو کەسە و شوێنی مردنی و بازنەی هاوڕێیانی کوژراوەکەی تێدا بوو کە حزبوڵڵا هەواڵەکەیان لە سۆشیال میدیا بڵاو دەکردەوە. هەروەها پرسەکە دەبووە هۆی ئەوەی بەرپرسانی باڵای ڕێکخراوەکە، تەنانەت ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورتیش بوویێت، لە سێبەر دەربچن.

لەم بارەیەوە، بەرپرسێکی باڵای پێشووی لوبنانی لە بەیروت ڕای گەیاند، دزەکردنی حزبوڵڵا لەلایەن هەواڵگریی ئیسرائیل و ئەمریکاوە "ئەو باجە بوو کە بۆ پشتگیریکردنی ئەسەد داویانە... دەبوو لە سووریا خۆیان ئاشکرا بکردایە." لێرەدا بوو کە ئەم گرووپە نهێنییە ناچار بوو لەگەڵ دەزگەی هەواڵگریی بەدناو و گەندەڵی سووریا، یان دەزگە هەواڵگرییەکانی ڕووسیا کە بەبەردەوامی لەلایەن ئەمریکییەکانەوە چاودێری دەکرێن، لە پەیوەندی و ئاڵوگۆڕی زانیاریدا بێت.

توێژەرێک بە ناوی SayighYezid لە سەنتەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دامەزراوەی کارنێگی سەبارەت بەم بابەتە دەڵێت: "ئەوان لە هێزێکی ڕێکوپێک و پاکەوە، ڕێگەیان بە خەڵکێکی زیاتر دەدا بچنە ناو بازنەکانیانەوە؛ تەنانەت زۆر زیاتر لەوەی ڕێگەیان پێ دەدرا... ئەمەیش وای کرد لەخۆباییبوون و خۆبەزلزانین، هەروەها گۆڕانکاری لە شێوازی دامەزراندنی ئەندامان ببێتە هۆی ئەوەی کە وردە وردە نا-ڕێکخراو بن." هەروەها باڵادەستی و توانا تەکنیکییەکان، وەک مانگی دەستکردی سیخوڕی و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان (درۆن)ی پێشکەوتوو و تواناکانی هاککردنی ئەلیکترۆنی کە مۆبایلەکانی ئەندامانی حزبوڵڵایان دەکردە ئامێری گوێگرتن، یارمەتیی ئیسرائیلیان دا کە سەرنجی بەرفراوانتر بخاتە سەر حزبوڵڵا.

بڕی ئەو زانیارییانەی کە کۆ دەکرێنەوە ئەوەندە زۆرن کە گرووپێک بە ناوی یەکەی ٩٩٠٠ تایبەتن بە نووسینی ئەلگۆریتمەکان کە لەنێو چەند تێرابایتێک لە وێنەکاندا بۆ بچووکترین گۆڕانکارییەکان دەکۆڵنەوە؛ بەو هیوایەی بۆمبێکی کەناری ڕێگە بدۆزنەوە یان دەرچەیەک لەسەر تونێلێک بدۆزنەوە یان زیادکردنی لەناکاوی پێکهاتەیەکی کۆنکرێتی کە دەتوانێت ئاماژە بێت بۆ بوونی پەناگەیەک، بەوردی دەستنیشان بکەن. پاشان کاتێک کارمەندێکی حزبوڵڵا دەناسرێتەوە، شێوازی جووڵەی ڕۆژانەی لە داتابەیسێکی فراوانی زانیاری کۆ دەکرێتەوە کە دەتوانێت مۆبایلی هاوسەرەکەی، ئۆتۆمبێلی زیرەک، یان هەڵکەوتەی شوێنەکەی لەخۆ بگرێت.

بە گوتەی چەند بەرپرسێکی ئیسرائیلی، ئەم زانیارییانە دەتوانرێت لە سەرچاوەی وەک درۆنێك کە بەسەر سەری ئامانجێکدا دەفڕێت، لە ڕێگەی کامێرای چاودێریی هاککراوەوە کە بەڕێکەوت کەسێک بەلایدا تێ دەپەڕێت، تەنانەت لە دەنگێکیشەوە کە لەسەر مایکرۆفۆنی کۆنترۆڵکردنی ئۆتۆمبێلێکی مۆدێرن تۆمار کراوە، یاخود لە ڕێگەی ڕیمۆتکۆنترۆڵی تەلەڤزیۆنێکیش دەستنیشان بکرێت.

هەر پچڕانێک لە ڕۆتینی ژیانی ئەو کەسانەی لەژێر چاودێریدان، دەبێتە هۆشدارییەک بۆ ئەفسەرانی هەواڵگری؛ تەکنیکێک کە ڕێگە بە ئیسرائیل دەدات فەرماندەی ئاستی ناوەڕاستی فەوجەکانی دژەتانکی حزبوڵڵا، کە دوو یان سێ چەکداری تێدایە، دەستنیشان بکات. بە وتەی بەرپرسێکی هەواڵگری، ئیسرائیل جارێک چاودێریی خشتەی فەرماندەکانی حزبوڵڵای دەکرد بۆ ئەوەی بزانێت ئایا لە چاوەڕوانیکردنی هێرشێکی پێشبینیکراودا، لەناکاو بانگهێشتی بەرەکانی شەڕ دەکرێن یان نا. بەرپرسێکی پێشووی سەربازی دەڵێت: "ئیسرائیل توانایەکی زۆر و زانیارییەکی زۆری هەبوو کە هەڵگیرابوو و چاوەڕێی بەکارهێنانیانی دەکرد لە کاتی پێویست... دەمانتوانی زۆر پێش جەنگ ئەم توانایانە بەکار بهێنین، بەڵام نەمانکرد."

پێ دەچێت ئەم دانبەخۆداگرتن و پشوودرێژییە بۆ سوپای ئیسرائیل، بەرهەمدار بووبێت. ماوەی زیاتر لە دە مانگە ئیسرائیل و حزبوڵڵای لوبنان لە هەردوو دیوی سنوورەکەوە پێکدادانیان هەبووە. لە کاتێکدا زۆرینەی ئەو هێزانەی حزبوڵڵا بە درێژایی چەند کیلۆمەترێک لە سنووری باکووری ئیسرائیل بڵاو ببوونەوە، بەڵام

ئیسرائیل تەنها چەند سەد هێزێکی ئاستنزمی حزبوڵڵای دەکردە ئامانج.

وا دیارە ئەم پێکدادانە کۆنترۆڵکراوە، سەید حەسەن نەسروڵڵای گەیاندە ئەو دەرەنجامەی کە هەردوو لایەن سەرقاڵی تاقیکردنەوەی جۆرە ململانێیەکی نوێ بوونە، کە تیایدا هێڵە سوورەکان بەباشی دیاری کراون و تا ئەو کاتەی ئیسرائیل و حەماس لەسەر ئاگربەست لە غەززە دەگەنە ڕێککەوتن، هەر بەم شێوەیە پێکدادانەکان بەڕێوە دەبردرێت و دوای ئەوەیش حزبوڵڵا دەتوانێت لەسەر ئاگربەست لەگەڵ ئیسرائیل ڕێک بکەوێت. بۆ نموونە، هەندێک جار حزبوڵڵا لێرە و لەوێ چەند مووشەکێکیان هەڵداوە و دواتر لە بەرامبەردا چەند جارێك لێیان دراوە و، بۆیە پێیان وا بوو مەودای پێکدادانەکان هەر لەم ئاستەدایە و بە هیچ شێوەیەک لەم سنوورە تێ ناپەڕن. بەڵام تەنانەت ئەگەری ئەوەی کە حزبوڵڵا بیەوێت ئۆپەراسیۆنێکی هاوشێوەی ئەو ئۆپەراسیۆنە ئەنجام بدات کە حەماس لە ٧ی ئۆکتۆبەردا ئەنجامی دا و هەزار و ٢٠٠ کەسی کوشت و ٢٥٠ کەسیشی بەبارمتە گرت، بەس بوو بۆ ئەوەی ئیسرائیل ناوچە نیشتەجێبوونەکانی نزیک سنووری لوبنان چۆڵ بکات. لە ئەنجامدا، نزیکەی ٦٠ هەزار کەس ناچار بوون ماڵەکانیان بەجێ بهێڵن و ناوچە سنوورییەکان بوونە ناوچەیەکی شەڕی چالاک لەگەڵ حزبوڵڵای لوبنان.

پێ دەچێت نەتانیاهۆ بۆ دابینکردنی هەلومەرجی ئاسایشی بۆ گەڕانەوەی ئەو هاووڵاتیانەی ئیسرائیل، توانای هێرشبەریی پێشکەوتووتری بەکار هێناوە. ئەمەیش تەقینەوەی بێوێنەی هەزاران پەیجەری بۆمبڕێژکراو، لە دوو هەفتەی پێشووتردا لێ کەوتەوە، کە هەزاران ئەندامی حزبوڵڵا بریندار بوون. بەکارهێنانی ئەم ئامراز و کەرەستانە ڕۆژی هەینی بە تیرۆرکردنی نەسروڵڵا، گەیشتە لووتکەی خۆی.

لە چەند مانگی ڕابردوودا ـ ئەگەر نەڵێین لە چەند ساڵانی ڕابردووـ هەواڵگریی ئیسرائیل توانایەکی تەکنیکیی پێشکەوتووی بەدەست هێنابوو کە ڕێگەی پێ دەدا لانی کەم بە شێوەیەکی پچڕپچڕ شوێنی سەید حەسەن نەسروڵڵا دەستنیشان بکات.

بە وتەی بەرپرسێکی ئیسرائیلی، لە چەند ڕۆژی دوای ٧ی ئۆکتۆبەر، فڕۆکە جەنگییەکانی ئیسرائیل بە فەرمانی بۆردوومانکردنی ئەو شوێنەی کە سەید حەسەن نەسروڵڵای تێدا بووە، دەستیان بە چالاکی کرد، بەڵام لەسەر داوای کۆشکی سپی ئۆپەراسیۆنەکە هەڵوەشایەوە. ڕۆژی هەینی، دەزگەی هەواڵگریی ئیسرائیل دیسانەوە شوێنی ڕێبەری حزبوڵڵایان دەستنیشان کرد. ناوبراو لە ڕێگەدا بوو بۆ پەناگەی "فەرماندەیی و کۆنترۆڵ" کە بڕیار بوو کۆبوونەوەیەک لەگەڵ سەرکردەکانی حزبوڵڵا و فەرماندەیەکی باڵای ئێرانی لە بەشی ئۆپەراسیۆنەکانی سوپای پاسداران ئەنجام بدرێت.

نەتانیاهۆ لە پەراوێزی وتارەکەی لە کۆبوونەوەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە نیویۆرک لەبارەی ئەو پرسە ئاگادار کرایەوە. بە وتەی کەسێکی ئاگادار، نەتانیاهۆ پێش وتارەکەی لە ئەنجومەنی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، لەبارەی ئۆپەراسیۆنی تیرۆرکردنی سەید حەسەن نەسروڵڵای زانیاریی هەبووە. لەم بارەیەوە ئیسین دەڵێت: لە ماوەی دە ڕۆژی ڕابردوودا حزبوڵڵا لەناو نەچووە؛ هەرچەندە ئێمە ئازارمان پێ گەیاندوون و لاوازمان کردوون و لە دۆخێکی پشێوی و ماتەمینیدان." هەروەها ئیسین ئاماژەی بەوەیش کرد کە حزبوڵڵا هێشتا توانایەکی زۆریان هەیە کە زۆر هەڕەشەئامێز و مەترسیدارە.

**سەرچاوە:**

https://www.ft.com

# ڕێککەوتنی ئەمنیی عێراق و تورکیا: ئەگەر و سیناریۆکان

**موەفەق عادل عومەر**، دکتۆرا لە سیستەمە سیاسییەکان و مامۆستا لە بەشی سیستەمە سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی-زانکۆی سەلاحەددین

**پێشەکی**

پرسی ئاسایش لە سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەی تورکیا زیاتر لە چوار دەیەیە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، پەیوەست کراوە بە چالاکی و جموجۆڵەکانی چەکدارانی پارتی کریکارانی کوردستان (پەکەکە)، چونکە لە ساڵی 1984ەوە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پێکدادانی چەکداری لە نێوان سوپای تورکیا و پەکەکە دەستی پێ کرد. هەر لەم چوارچێوەیەدا نزیکەی 40 ساڵە بوودجەیەکی زەبەلاح بۆ ڕووبەڕووبونەوەی تیرۆر لەتورکیا تەرخان دەکرێت. بەپێی بۆچوونی سیاسەتمەدارانی تورکیا، "کار و چالاکییەکانی پەکەکە لە چوارچێوەی کردەوە تیرۆریستییەکانەوە هەژمار دەکرێت و تورکیا، پەکەکە بە ڕێکخراوێکی تیرۆریستی ناو دەبات."

پەکەکە لەسەر خاکی هەرێمی کوردستان و عێراق (کە دراوسێی تورکیان) بە شێوەیەکی بەرچاو بوونی هەیە؛ هەر بۆیە ئەنقەرە بەردەوام نیگەرانیی خۆی لەم بارەیەوە ڕاگەیاندووە. بۆیە حکوومەتە یەك لە دوا یەکەکانی تورکیا کاریان بۆ دەرکردنی پەکەکە کردووە لە خاکی عێراق، بەڵام ئەم هەوڵە چڕەی تورکیا ئەنجامێکی ئاوای لێ نەکەوتۆتەوە. هەروەها دوای سەردانەکەی سەرۆککۆماری تورکیا "ڕەجەب تەییب ئەردۆغان" بۆ بەغدا لە 22ی نیسانی ساڵی 2024، هەنگاوێکی جددی لە نێوان ئەنقەرە و بەغدا نرا، کە بریتی بوو لە واژۆکردنی ڕێککەوتنێکی ئەمنی لە نێوان دوو وڵات کە مەبەستی سەرەکیی لێی، گوشارخستنە سەر پەکەکە بوو.

لە بابەتی ئەم جارەمان هەوڵ دەدەین بە شێوەیەکی گشتی وەڵامی پرسیاری "**مەبەستی سەرەکی لەم ڕێککەوتنە و لێکەوتە و سیناریۆی دوای واژۆکردنی چین؟**" و چەندان پرسیاری دیکەی پەیوەست بەم بابەتەوە بدەینەوە.

**مەبەستی سەرەکی لەم ڕێککەوتنە چییە؟**

ئەنقەرە بەردەوام کار لەسەر ڕووبەڕووبوونەوەی پەکەکە دەکات و هەوڵ دەدات بەتایبەت لە عێراق-بەهەرێمی کوردستانیشەوە- کۆتایی بە بوونی پەکەکە بهێنێت. هەروەها چەندان جار بە شێوەی فەرمی داوای لە عێراق کردووە کەوا خۆی ناوچە سنوورییە هاوبەشەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتە بپارێزێت و ڕێگری لە چەکدارانی پەکەکە بکات بۆ ئەوەی لە خاکی عێراقەوە هێرش نەکەنە سەر تورکیا. بەڵام تا ئێستا نەتوانراوە مەترسیی پەکەکە بۆ سەر تورکیا لە ڕووە ئەمنییەکەوە کۆتایی پێ بێت.

لەم چوارچێوەیەدا ئەنقەرە و بەغدا پاش دانوستانێکی دوورودرێژ توانییان بگەنە ڕێککەوتنێکی ئەمنیی دووقۆڵی بۆ ئەوەی ئەم گرفتە چارەسەر بکەن یاخود لانی کەم جموجۆڵی چەکدارانی پەکەکە بگەیەنرێتە نزمترین ئاست. دەتوانین بڵێین ئامانجی سەرەکیی واژۆکردنی ئەم ڕێککەوتنە بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە دەگەڕێتەوە:

**یەکەم:** تورکیا دەیەوێ بە هەموو شێوە و ڕێگەیەك جموجۆڵەکانی پەکەکە لە عێراق و هەرێمی کوردستان بەتەواوەتی کۆتایی پێ بێنێت یاخود لانی کەم مەترسیی پەکەکە بگەیەنێتە نزمترین ئاست. بۆ جێبەجێکردنی ئەمەیش، پێویستیی بە یارمەتی و ڕەزامەندیی حکوومەتی فیدراڵی عێراق هەیە. ئەگەر ئەم ڕێککەوتنە وەك خۆی جێبەجێ بکرێت، "ئەوە دەبێتە دەسکەوتێکی بەرچاو و ستراتیژی و گرنگ بۆ تورکیا، بەتایبەت لە ڕووی پاراستنی ئەمنیی تورکیا."

**دووەم:** ئەنقەرە نیگەرانە لە پەیوەندییەکانی نێوان تاران و پەکەکە، چونکە بەرپرسانی تورکیا پێیان وایە تاران ڕاستەوخۆ یارمەتیی چەکدارانی پەکەکە دەدات یاخود لانی کەم چاوپۆشی لە بەکارهێنانی خاکی ئێران دەکات لە دژی تورکیا؛ ئەم ڕاستییە چەندان جار لەلایەن بەرپرسانی تورکیا خراوەتە ڕوو. بۆ نموونە وەزیری بەرگریی تورکیا (یەشار گیولەر - Yaşar Güler) لە چاوپێکەوتنێکی تەلەڤزیۆنیدا ڕای گەیاند "نیگەرانن لە هەڵویستی ئێران بەرانبەر بە چەکدارانی پەکەکە." لەم چوارچێوەیەدا ئەنقەرە دەیەوێ لە ڕێگەی عێراقەوە پەیامێك بگەیەنێتە تاران کە تورکیاش توانای ئەوەی هەیە گوشار بخاتە سەر عێراق و پەکەکە لاواز بکات؛ چونکە بەرانبەر ئەم ڕێککەوتنە ئەمنییە، عێراق لە بواری ئاو و پرۆژەی گەشەپێداندا چاوەڕوانی ئاسانکاری و یارمەتی و هەماهەنگیی تورکیایە.

**سێیەم:** تورکیا ترس و نیگەرانییەکی قووڵی هەیە "چیای شنگال" ببێتە پێگەیەکی دیکە بۆ چەکدارانی پەکەکە و، ترسی ئەوەی لێ نیشتووە شنگال ببێتە قەندیلی دووەم. بۆیە ئەنقەرە دەیەوێت لە ڕێگەی ئەم ڕێککەوتنە سەربازی و ئەمنییەوە پەیوەندیی پەکەکە لە نێوان قەندیل و شنگال بپچڕێنێت؛ واتا پلانی ئەوەی هەیە شکست بە پەکەکە بهێنێت لە شنگال، چونکە سەرۆککۆماری تورکیا چەندان جار لەم بارەیەوە لێدوانی داوە و بەئاشکرا ڕای گەیاندووە کە شنگال بەقەدەر قەندیل بۆیان گرنگە و ڕێگە نادەن پەکەکە تیایدا بمێنێت و ئەگەر پێویستی کرد ئەوە لە هەر کات و ساتێکدا لەناکاو دەچنە شنگال.

**چوارەم:** پرۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان گرنگییەکی زۆری بۆ تورکیا هەیە؛ حکوومەتی ئێستای عێراقیش بە سەرۆکایەتیی "محەمەد شیاع سوودانی"یش جەخت لەسەر ئەم بابەتە دەکات و هەوڵ دەدات هەنگاوی جددی لەم بوارە بنێت. بەڵام ڕێڕەوی ئەم پرۆژەیە بەبێ دابینکردنی ڕێگەیەکی متمانەپێکراو و بێکێشە، خاڵێکی گرنگی جێبەجێکردنی پرۆژەکەیە؛ بۆیە خاوێنکردنی ڕێڕەوی پرۆژەکە لە چەکدارانی پەکەکە،

یارمەتیدەر دەبێت بۆ سەرخستنی پرۆژەکە. ئەم ڕێککەوتنە سەربازی و ئەمنییەیش هەنگاوێکی باشە بۆ خاوێنکردنی ڕێرەوی پرۆژەی گەشەپێدان لە هەر جۆرە مەترسییەك لە ڕووی ئەمنییەوە.

**پێنجەم:** ئەم ڕێککەوتنە شەرعییەت دەبەخشێتە بوونی سوپای تورکیا لە عێراق و هەرێمی کوردستان، چونکە بەردەوام ڕەخنە لە تورکیا دەگیرێت بەهۆی پێشێلکردنی سەروەریی خاکی عێراق. واتا لەڕێگەی ئەم ڕێککەوتنەوە هەم ئەنقەرە خۆی لەم ڕەخنانە دەپارێزێ و هەمیش بەغدا ڕووگیر (ئیحراج) ناکرێت بەهۆی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی تورکیا لەسەر خاکی عێراق و هەرێمی کوردستاندا.

**کامە لە مادده و بڕگەکانی ڕێککەوتنەکە جێبەجێ دەکرێت و کامەیان جێبەجێ ناکرێن؟**

ئەنقەرە و بەغدا لە 15ی ئابی ساڵی 2024 “لێکتێگەیشتنی هاوبەشی ئەمنی و سەربازیی تورکیا و عێراق بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر”یان واژۆ کرد. لێکتێگەیشتنەکە لە (10) مادده پێك هاتووە کە چەند خاڵی گرنگ لەخۆ دەگرێت، بەڵام سەرەڕای ئەم لێکنزیکبوونەی ئەنقەرە و بەغدا، ئەم هەنگاوە لەلایەن هەندێك هێزی سیاسیی عێراقیی نزیك لە تاران و تەنانەت خودی ئێران، نیگەرانیی لێ کەوتۆتەوە. بۆیە دەکرێ بەم شێوەی خوارەوە و بەگشتی ئەو بابەتانە بخەینە ڕوو کە لەوانەیە جێبەجێ بکرێن یاخود جێبەجێکردنیان ئەستەم بێت:

**__یەکەم:__** لە لێکتێگەیشتنەکە ئاماژە بە ڕاهێنانی سەربازی لە نێوان هەردوو لا کراوە؛ دەکرێ ئەم خاڵە تا ڕاددەیەك جێبەجێ بکرێت. جگە لەمە هەردوو لا لەڕێگەی ئەم خاڵەوە خۆیان لە ڕەخنەی بوونی سەربازی لەسەر خاکی عێراق بە شێوەیەکی نایاسایی ڕزگار دەکەن.

**__دووەم:__** ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و هەر جۆرە مەترسییەکی تیرۆریستی. ئەم خاڵە بەهۆی جیاوازیی تێڕوانینی هەردوو لا بۆ چەمکی تیرۆر، لەوانەیە کێشە بۆ هەردوو لا دروست بکات. لەوانەیە لە چەند بوارێکی سنووردار لەم بابەتەدا هەماهەنگی بکرێت، بەڵام چاوەڕوان ناکرێت بەغدا وەکوو ئەنقەرە مامەڵەی ڕێکخراوێکی تیرۆریستی لەگەڵ پەکەکە بکات؛ ئەمە سەرەڕای ناسینی پەکەکە بە ڕێکخراوێکی قەدەغەکراو لە عێراق و داخستنی سێ حزبی نزیك پەکەکە لە وڵاتەکەدا؛ چونکە لە ئەرزی واقعدا عێراق و لایەن و هێزەکانی نزیك ئێران ژێربەژێر، بەتایبەت لە شنگال، هەماهەنگییەکی باشیان هەیە لەگەڵ چەکدارانی پەکەکە و ئەو گرووپانەی کە نزیکن لێی.

**__سێیەم:__** دابینکردنی ئاسایشی سنوورە هاوبەشەکانی نێوان عێراق و تورکیا بابەتێکی دیکەیە کە لایەنەکان لەسەری ڕێك کەوتوون. ئەنقەرە دەیەوێت لەڕێگەی سنوورەکانی لەگەڵ عێراق، مەترسیی پەکەکە نەهێڵێت بۆ سەر خاکی تورکیا؛ بۆ نموونە هەر ئێستا بەقووڵاییی زیاتر لە سی کیلۆمەتر، سوپای تورکیا هاتۆتە نێو خاکی عێراق و، شێوازی ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ پەکەکە لە ستراتیژیی “**هێرش بکە و بکشێوە**”، گۆڕیوە بۆ “**هێرش بەرە و، سوپا جێگیر بکە.**” ئەم خاڵە لەوانەیە مەترسییەکی ژێربەژێریش بۆ سەر هەرێمی کوردستان پێك بهێنێت، چونکە بە ئەگەرێکی زۆر چاوەڕوان دەکرێت بەغدا و هێزە نزیکەکانی تاران، بە بیانووی کۆنترۆڵکردن و دابینکردنی ئاسایشی سنوورە هاوبەشەکانی عێراق و تورکیا، جووڵە بە هێزەکانی سنوور بکات و لەو ناوچانە جێگیریان بکات؛ کە ئەمەیش ڕاستەوخۆ مەترسییە بۆ سەر هەرێمی کوردستان.

**چوارەم:** هاوبەشیکردنی زانیاریی هەواڵگری، یەکێکە لەو خاڵانەی کە لە لێکتێگەیشتنەکەدا ڕێککەوتنی لەسەر کراوە. چاوەروان دەکرێت ئەگەر بە شێوەیەکی چڕیش نەبێت، لەم بوارەدا هەماهەنگی بکرێت. هەروەها لە لایەکی دیکە جەخت لەسەر بەهێزکردنی کاری هاوبەش لە بواری پیشەسازیی سەربازیدا کراوە. ئەم خاڵە بەتایبەت بۆ عێراق زۆر گرنگە، چونکە تورکیا لەم چەند ساڵەی ڕابردودا لە ڕووی پیشەسازیی سەربازییەوە هەنگاوی باشی ناوە و گەیشتۆتە ئاستێکی باش، بەتایبەت لە بواری بەرهەمهێنانی درۆن.

**پێنجەم:** بنەما و ڕێوشوێنەکانی گونجاندنی لێکتێگەیشتنەکە، خاڵێکی دیکەیە کە لە لێکتێگەیشتنەکەدا ئاماژەی پێ کراوە. ئەم بابەتە چەند بوار لەخۆ دەگرێت کە ئەستەمە بەپێی ویست و ئارەزووی تورکیا جێبەجێ بکرێت. سەرەڕای ئەوە، تیایدا هەردوو لا جەختیان لەسەر بەیەکەوە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و گرووپە قەدەغەکراوەکان کردووە، ئەویش لە ڕێگەی هاوبەشیکردنی زانیاریی هەواڵگری بە مەبەستی پاراستنی ئاسایشی سنوورەکان. هەروەها ئاماژە بە ڕێگریکردن لە جموجۆڵ و چالاکیی گرووپە تیرۆریستییەکان لەسەر خاکی هەردوو لادا کراوە. جگە لەمە، هەردوو لا لەسەر ڕێگریکردن لە دابینکردنی چەك و پشتیوانیی لۆجیستی و دارایی بۆ گرووپە تیرۆریستییەکان و دیاریکردنی جێگەی مانەوەی تیرۆریستان و دەستگیرکردن و دادگاییکردن و گێڕانەوەیان بۆ وڵاتی خۆیان لە ڕێگەی کاری هاوبەشەوە، ڕێك کەوتوون. هەروەها خاڵی ڕێگریکردن لە مانەوەی ئەندامانی گرووپە تیرۆریستی و قەدەغەکراوەکان لەسەر خاکی هەردوو وڵاتدا، لەم لێکتێگەیشتنە شوێنی کراوەتەوە.

سەرجەم ئەم هەنگاوانە ئەستەمە جێبەجێ بکرێن، بەتایبەت لەلایەن حکوومەتی عێراقەوە، چونکە عێراق ئەگەر بشیەوێت ئەم هەنگاوە بنێت، ئاوا بەئاسانی ناتوانێ؛ چونکە هەم لە ڕووی مەیدانی و هەمیش لە ڕووی توانای سەربازییەوە توانای بەجێگەیاندنی ئەم خاڵانەی نییە. بۆ نموونە کۆنترۆڵکردنی سنوورەکان لەلایەن عێراقەوە کارێکی قورسە و تەنانەت ئاوا بەئاسانی ناتوانێ بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی لەم ناوچانەدا جووڵە بە سوپا بکات.

**شەشەم:** گرنگترین و بەرچاوترین خاڵ کە لە لێکتێگەیشتنەکەدا هاتووە: بابەتی دامەزراندنی ناوەندێکی هاوبەشە لە بەغدا بە مەبەستی ئاڵوگۆڕکردنی زانیاریی ئەمنی لەنێوان هەردوو وڵاتدا و، ئەو ناوەندەیش بە شێوەیەکی هاوبەش لەلایەن بەغدا و ئەنقەرەوە بەڕێوە دەبردرێت. ئەمە جگە لەوەی لیژنەی هاوبەشی ئەمنییش لەلایەن وەزارەتی دەرەوە پێك دەهێندرێت؛ ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی، دەزگەی هەواڵگری، حکوومەتی هەرێمی کوردستان، دەستەی حەشدی شەعبی و لایەنە پەیوەندیدارەکانی تورکیاش لە لیژنە هاوبەشەکەدا ئەندامیان دەبێت. ئەگەری جێبەجێکردنی ئەم خاڵە زۆرە، چونکە ئەگەر لە مەیدان و ئەرزی واقعدا ویست و ئارەزووی لایەنەکان وەکوو پێویست جێبەجێیش نەکرێت، ئەم ناوەندە هاوبەشە و لیژنە ئەمنییەکە وەك خاڵێکی پەیوەندیکردن هەر دەمینێت.

### ئایا شیعەکانی لایەنگری ئێران لەم ڕێککەوتنە ڕازین و نابنە بەربەست؟

شیعەکانی لایەنگری ئێران لە عێراق بە شێوەیەکی گشتی لەم لێکتێگەیشتنەی نێوان بەغدا و ئەنقەرە ڕازی نین، چونگە پێیان وایە ئەگەر ئەم هاوکاری و هاوئاهەنگییەی نێوان ئەم دوو لایە سەر بکەوێ، ئەوە بە شێوەیەکی ئەرێنی کاریگەریی دەبێت بۆ سەر پێگەی ئێران لەعێراق. بۆیە هەر لەگەڵ ڕاگەیاندنی ئەم هەنگاوە، دەستبەجێ لایەنە شیعەکانی نزیك تاران دەستیان بە ڕەخنەگرتن و ئیدانەکردن

(شەرمەزارکردن)ی ئەم لێکنزیکبوونەوەیە کرد، بۆ نموونە "سالم عەبادی" ئەندامی مەکتەبی سیاسیی بزووتنەوەی "سادیقوون"، کە باڵی سیاسیی عەسائیبی ئەهلی هەقە کە "قەیس خەزعەلی" سەرۆکایەتیی دەکات، لە چاوپێکەوتنێکی تەلەڤزیۆنیدا وتی: "پێویستە ڕێککەوتننامەی ئەمنیی نێوان عێراق و تورکیا پێداچوونەوەیەکی بۆ بکرێت، چونکە ئەم ڕێککەوتنە هیچ ماددەیەك لەخۆ ناگرێت کە لە بەرژەوەندیی لایەنی عێراقی بێت."

لە لایەکی تر لە29ی ئابی ساڵی 2024 فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوان (درۆن)ی تورکی لە کەرکووك لەلایەن سوپای عیراقەوە خرایە خوارەوە؛ ئەم ڕووداوە پەیامێك بوو لە لایەنە دەستڕۆیشتووەکانی ناو سوپای عێراق بۆ تورکیا کە سەرەڕای ئەوەی ڕێککەوتنێکیشتان لەگەڵ بەغدا هەبێ، ئەوە ناتوانن بە ئارەزووی خۆتان جێبەجێی بکەن و بەرژەوەندییەکانی ئێران لە عێراق بخەنە مەترسییەوە. لە لایەکی دیکە شوێنی خستنەخوارەوەی درۆنەکەیش خۆی لە خۆیدا پەیامێکی دیکە بوو بۆ ئەنقەرە، کە ئەویش بریتییە لەوەی کەرکووك هێڵی سووری تارانە و، ناکرێ ئاوا بەئاسانی فڕۆکە بنێریتە سەر ئاسمانەکەی و هێرش بکەیتە سەری. جگە لەم دوو خاڵە، دەکرێ خوێندنەوەی ئەوەیش بۆ ئەم ڕووداوە بکرێت، کە تاران پاڵپشتی لە حکوومەتی خۆجێیی کەرکووك و پارێزگارەکەی دەکات. بێ گومان ئەمەیش دوای ئەوە دێت کە حکوومەتی خۆجێیی لە کەرکووك لەلایەن هێزە نزیکەکانی تارانەوە پێك هێنرا.

سەرەڕای ئەم هەڵوێستەی لایەنە شیعەکانی نزیك تاران بەرانبەر بە لێکتێگەیشتنەکەی نێوان بەغدا و ئەنقەرە، هەڵوێستی ئێرانیش لەم بارەوە زۆر گرنگە، چونکە ئەم ڕێککەوتنە وا خوێندنەوەی بۆ دەکرێت کە ڕاستەوخۆ ئامانجی کەمکردنی نفووزی تارانە لە عێراق. جگە لەمە، لای هەمووان ئاشکرایەکە پەکەکە پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ تاران هەیە. لەگەڵ ئەمەیشدا ئەم پرسیارەمان بۆ دروست دەبێت: "**ئایا بۆچی تاران بێدەنگە بەرانبەر ئەم ڕێککەوتنە ئەمنی و سەربازییە، لە کاتێکدا ئەگەر سەر کەوێ، ئەوە بەرژەوەندییەکانی لە عێراق ڕووبەڕووی زیانێکی زۆر گەورە دەبێتەوە؟**" بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەتوانین ئەم خاڵانەی خوارەوە بخەینە ڕوو:

1. هاوکێشە و قەیرانە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان وایان لە تاران کردووە کە زیاتر سەرقاڵی ئەوانە بێت؛ بۆ نموونە جەنگی غەززە: لێرەدا هێزە نزیکەکانی وەکوو حەماس ڕووبەڕووی سەختترین شەڕ و پێکدادان بوونەتەوە، هەروەها حزبوڵڵای لوبنانیش بەدەست هەمان کێشەوە دەناڵێنێت. بۆیە دەتوانین بڵێین ئەمە وای کردووە تاران ڕازی بێ بە ڕاکێشانی تورکیا بۆ بەرەی خۆی یاخود لانی کەم گرژییەکانی نێوانیان هێور بکاتەوە. هەروەها جەنگی ڕووسیا-ئۆکرایناش بە هەمان شێوە، کاریگەریی خراپی کردۆتە سەر هەڵوێستی ئێران و سەرقاڵتری کردووە.
2. لەوانەیە ئێران لەبەر ئەوەی چاوەڕێیە ئەنقەرە لە سووریا و قەوقاز تەنازولی بۆ بکات، بۆیە تا ئێستا لانی کەم بەئاشکرا دژایەتیی ئەم ڕێککەوتنەی نەکردووە؛ یەکێك لە هۆکارەکانی نزیکبوونەوەی ئەنقەرە و دیمەشق، دەکرێ لەم ڕووەووە خوێندنەوەی بۆ بکرێت.
3. تاران کار بۆ ئەوە دەکات خۆی وەکوو هاوکارێك نیشان بدات، بەڵام لە ئەسڵدا وا نییە؛ واتا دەتوانین بڵێین لەم بارەوە سیاسەتی "تەقیە" زۆر بەڕوونی لە هەڵوێستی تاران بەرانبەر ئەم بابەتە دەبینرێت. بە مانایەکی دیکە، ئێران لە تێڕوانینی بۆ ئەم بابەتە، هەڵوێستە ڕاستەقینەکەی خۆی دەشارێتەوە.
4. تاران خۆی وا وێنا کردووە کە عێراق لەبارەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیا سەربەخۆیانە

هەڵسوکەوت دەکات، بەڵام لە بنەڕەتدا ئەمە ڕاست نییە، بەڵکوو بە شێوەیەکی جددی و نهێنی، کار لەسەر ئاراستەکردنی پەیوەندییەکانی بەغدا-ئەنقەرە دەکات، بەو شێوەیەی کە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی خۆی بکات لە عێراق. لەبەر ئەم هۆکارەیە دەبینین تا ئێستا ڕێککەوتنە سەربازی و ئەمنییەکەی بەغدا-ئەنقەرە هەنگاوی باشی نەبڕیوە و تەنانەت هەندێك هێز و لایەنی سیاسیی نزیك تاران بە ئاشکرا هەوڵ دەدەن شکست بەم ڕێککەوتنە بهێنن و حکوومەتەکەی سوودانی ڕووگیر بکەن.

5. بەشدارییپێکردنی سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی "فالح فەیاز" لە کاتی واژۆکردنی ڕێککەوتنەکە، دەکرێ بەو شێوەیە خوێندنەوەی بۆ بکرێت کە تاران لە جیاتی ئەوەی دوور بێت لە وردوکارییەکانی ڕێککەوتنەکە و لە دەرەوەی هاوکێشەکە بێت، ئەوە کەس و لایەنە زۆر نزیکەکانی خۆی لە سەرجەم قۆناغەکانی ڕێککەوتنەکە بەشداریی پێ کردووە. ئەمەیش تا ڕاددەیەك توانای ئاراستەکردنی میکانزمەکانی جێبەجێکردنی ڕێکەوتنەکەی داوەتە تاران.

لە لایەکی دیکە سەرۆککۆماری ئێران، مەسعوود پزیشکیان لە11ی ئەیلوولی ساڵی 2024 وەکوو یەکەم سەردانی دەرەکی وەکوو سەرۆککۆمار گەیشتە بەغدای پایتەختی عێراق. دەتوانین ئەم سەردانەی سەرۆککۆماری ئێران وەکوو کاردانەوەیەك ببینین بۆ سەردانەکەی سەرۆککۆماری تورکیا، ڕەجەب تەییب ئەردۆغان بۆ عێراق لە مانگی نیسانی ساڵی 2024. هەر لە چوارچێوەی ئەم سەردانەیدا بۆ عێراق، پزیشکیان سەردانی هەر یەك لە هەولێر و بەسرەشی کرد. لەم سەردانە فەرمییەی سەرۆککۆماری ئێران، 14 یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن لە نێوان هەردوو لا لە بوارەکانی گەشەپێدان، ئابووری، پیشەسازی و گواستنەوە و... واژۆ کران، بەڵام گرنکترین و سەرەکیترینیان لایەنی ئەمنی بوو.

لە بواری ئەمنییش لە ساڵی ڕابردوو ڕێککەوتنێکی ئەمنی لە نێوان بەغدا و تاران دەربارەی قەدەغەکردن و چەککردنی حزبە سیاسییە کوردییەکانی ئێران لە عێراق و هەرێمی کوردستان واژۆ کرا. بەگشتی ئەم دیمەنە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە تاران کاری زیاتر دەکات بۆ پەرەپێدان بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەغدا و هەولێر، بە شێوەیەك کە بتوانێ بەرژەوەندییەکانی خۆی لەم وڵاتەدا بپارێزێت. هەروەها دەتوانین بڵێین ئەم سەردانەی سەرۆککۆماری ئێران وەك پەیامێکە بۆ تورکیا کە لە ڕێگەیەوە تاران ویستی بڵێت "**عێراق و هەرێمی کوردستان بۆ ئێوە چەند گرنگە، ئەوە بۆ ئێمەیش دوو هێندە گرنگتر.**"

### ئەم ڕێککەوتنە چ کاریگەرییەکی لەسەر هەرێمی کوردستان دەبێت؟

لێکتێگەیشتنی سەربازی و ئەمنیی نێوان عێراق و تورکیا، بێ گومان کاریگەریی دەبێت بۆ سەر هەرێمی کوردستان، چونکە کرۆکی کاری هاوبەش و لایەنە مەیدانییەکە زیاتر لەسەر خاکی هەرێمی کوردستان دەبێت؛ ئەگەر هەرێمی کوردستان هەماهەنگ نەبێت لەم بابەتە، ئەوە ئەستەمە کۆی گشتیی ڕێککەوتنەکە سەر کەوێت. هەر لەبەر ئەم هۆکارەیشە نوێنەری حکوومەتی هەرێم لە ڕێورەسمی واژۆکردنی ڕێککەوتنەکەدا بەشدار بوو. بەڵام خاڵێکی گرنگ هەیە، نابێت بەرپرسانی هەرێمی کوردستان فەرامۆشی بکەن، ئەویش بریتییە لە بەکارهێنانی هەندێك لە بڕگە و ماددەکانی ڕێککەوتنەکە لە دژی هەرێمی کوردستان؛ بۆ نموونە پاراستنی ئاسایشی ناوچە سنوورییەکان نابێت ببێتە بیانوویەك بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەم ناوچانە لەلایەن ئەو هێزە عێراقییانەی کە نزیکن لە تاران. هەروەها مەترسییەکی دیکەیش پێك هاتووە لەوەی کە لەوانەیە زۆر نزیکبوونەوەی بەغدا و ئەنقەرە زیانی بۆ سەر پێگەی هەرێمی کوردستان هەبێت، چونکە

دەبێت ئەوە لەبەر چاو بگیرێت کە هەر کاتێك ئەم دوو لایەنە پەیوەندییەکانیان زۆر باش بوو، ئەوە بە شێوەیەکی نەرێنی کاریگەریی دەبێت لەسەر هەرێمی کوردستان.

لە ڕوویەکی دیکەیشەوە زۆر گرنگە هەرێمی کوردستان بتوانێ لە نێوان پەیوەندییەکانی لەگەڵ تاران لە لایەك و لەگەڵ ئەنقەرە لە لایەکی دیکەوە هاوسەنگی ڕابگرێت، چونکە زۆر نزیکبوونەوەی هەرێمی کوردستان لە ئەنقەرە، کاریگەریی نەرێنیی دەبێت بۆ سەر پەیوەندییەکانی هەولێر و تاران و، لەبەر ئەوەی ئەم ڕێککەوتنە هەماهەنگی لەخۆ دەگرێت لە نێوان بەغدا-ئەنقەرە-هەولێر، ئەگەرێکی زۆر هەیە لە حاڵەتی سەرکەوتنی ڕێککەوتنەکە، بە زیانی تاران بشکێتەوە. لەم حاڵەتەیشدا تاران بێوەڵام نابێت؛ لەوانەیە ببێتە هۆی تێکچوونی پەیوەندییەکانی هەولێر و تاران.

بەگشتی هەرێمی کوردستان بەهۆی پێگە جیوستراتیژییەکەیەوە ڕۆڵێکی گرنگی دەبێت لەم ڕێککەوتنە، بەتایبەت لە ڕووی جێبەجێکردنییەوە لە ڕووی مەیدانییەوە. بۆیە زۆر گرنگە ئەم پێگەیە بە شێوەیەکی باش لە پێناو بەرژەوەندییە باڵاکانی هەرێمی کوردستان بەکار بهێنرێت و هەڵەی ستراتیژی نەکرێت.

**کۆبەند**

ڕێککەوتنی سەربازی و ئەمنیی بەغدا-ئەنقەرە هەنگاوێکی گرنگە بەرەو چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەردوو وڵات، بەڵام خاڵە جەوهەرییەکە ئەوەیە کە ئەم ڕێککەوتنە پێ ناچێت کێشەکانی  نێوان هەردوو لا بەتەواوەتی چارەسەر بکات و تەنانەت پێشبینیی ئەوەیش دەکرێت ئەم هەنگاوانە بۆ ماوەیەکی کاتی گرفت و کێشەکان سڕ بکاتەوە لە بری دۆزینەوەی چارەسەرێکی بنەڕەتی بۆ ئەم بابەتە. نەبوونی متمانە و پێکدادانی بەرژەوەندیی وڵاتانی هەرێمی لەسەر خاکی عێراق لە لایەك و ناسەقامگیریی ژیانی سیاسیی عێراق، هەروەها کاریگەریی لایەنە دەرەکییەکان لەسەر پرۆسەی سیاسیی عێراق لە لایەکی دیکەوە، لەوانەیە ببنە هۆکاری سەرەکی بۆ شکستهێنانی ڕێککەوتنەکە. چونکە لە سەردەمی سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراق، نووری مالیکی، لە سەرەتادا پەیوەندییەکانی عێراق و تورکیا گەیشتە لووتکە و چەندان یاداشتی لێکتێگەشتن واژۆ کران، بەڵام دواتر پەیوەندییەکان تێك چوون و گەیشتە خراپترین ئاستی. بۆیە دوور نییە پاش ئەم قۆناغە هەمان سیناریۆی پێشوو دووبارە ببێتەوە و قۆناغێکی پڕ لە کێشە و گرفت دەست پێ بکاتەوە.

---

# بنیاتی گۆڕاوە ستراتیژییەکانی ئێران لە ڕوانگەی

# سەردانەکەی پزیشکیان بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق

**پرۆفیسۆر دکتۆر سەردار قادر محیەدین**، شارەزا لە یاسای دەستووری و دیپلۆماسییەتی قەیران

**سەردانەکە زیاتر ئەتەکێتی بوو بەڵام پەیامەکە ستراتیژی بوو**

پزیشکیان وەک 14 سەرۆکی وڵات ڕۆژی 30ی تەمموزی ساڵی 2024 کاتژمێر 4ی پاشنیوەڕۆ بە ئامادەبوونی 70 شاندی بیانی و 600 ڕۆژنامەوانی ئێرانی و بیانی سوێندی یاسایی خوارد. ڕاستەوخۆ دوای پەسەندکردنی کابینەکەی لەلایەن پەرلەمانی ئێرانەوە، ڕۆژی 11ی سێپتەمبەر لەسەر بانگێشتنامەیەکی سەرۆکوەزیرانی عێراقی بە سەردان هاتە عێراق و هەرێمی کوردستان، ئەویش وەک درێژەپێدەر و تەواوکەری ئەو سەردانەی کە بڕیار بوو سەرۆک ڕەئیسی بۆ عێراق و هەرێمی کوردستانی بکات. پێشتریش لەلایەن نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە کە ڕۆژی 5/5/2024 بە سەردانێکی فەرمی لە ئێران بوو، بانگێشتی سەرۆک ڕەئیسیی کردبوو کە لە نێوەندی سەردانەکەی بۆ عێراق، سەردانی هەولێری پایەختی هەرێمی کوردستانیش بکات، لەلایەن ڕەئیسییشەوە بە ئەرێنی وەڵامی بانگێشتنامەکەی سەرۆکی هەرێم درایەوە؛ بەڵام چارەنووس لە جیاتی ئەو، پزیشکیانی هێنایە هەولێر.

پزیشکیان لە سەروبەندی سەردانەکەی بۆ عێراق، 14 یاداشتی لێکتێگەیشتنی لەگەڵ حکوومەتی عێراقی واژۆ کرد، کە هەموویان بێجگە لە جەختکردنەوە لەسەر ڕێککەوتننامەکانی پێشوو و پتەوکردنی پەیوەندییەکان، ستراتیژی نەبوون، بەڵکوو زیاتر ئەتەکێتی بوون. ئەگەر پزیشکیانیش نەهاتایەتە بەغدا، لەلایەن باڵیۆزی ئێرانەوە دەکرا واژۆ بکرێن، کە بریتی بوون لە یاداشتی هاوبەش لە بواری: هاوکاریی ڕاهێنان و وەرزش و لاوان، ئاڵوگۆڕی ڕۆشنبیری و هونەر و کەلەپوور، هاوکاریی پەروەردەیی، میدیایی، پەیوەندییەکان، گرووپە گەشتیارییە ئایینییەکان، هاوکاریکردنی یەکتر لە ناوچەی ئازادی عێراق و ئێران، کشتوکاڵ و سەرچاوە سروشتییەکان، پۆستە، چاودێریی کۆمەڵایەتی، ڕاهێنانی پیشەیی و تەکنیکی، پەرەپێدانی هێزی کاری لێهاتوو، چالاکیی ژوورە بازرگانییەکان.

هەر بۆیە سەردانەکە هیچ گۆڕاوێکی هەنووکەیی ستراتیژیی ئێرانی تێدا نەبوو؛ سەراپای ئەتەکێتی بوو؛ جەختکردنەوە بوو لەسەر ڕێککەوتنەکانی پێشوو. بەڵام پەیامەکە ستراتیژی بوو؛ بۆ عێراق و هەرێم و ناوچەکە و ئەمریکا.

**ئەدی بۆچی یەکەمین سەردانی بۆ عێراق بوو؟**

ئەمە پرسیارێکە زۆرێک لە وەڵامەکانی بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان و ناوچەکە و خودی ئەمریکا بوون. کەواتە سەردانەکە ئەوەندەی بریتی بوو لە پەیامگەیاندن، ئەوەندە جووڵەی ستراتیژی نەبوون بۆ گۆڕینی هاوکێشەکانی ناوچەکە؛ پەیامی وەک: عێراق لەناو جەرگەی ستراتیژییەتی ئێراندایە و هیچ تایبەتمەندییەکی سەربەخۆی نییە، نەک تەنیا وەک وڵات، بەڵکوو وەک پارێزگاش هەمان مامەڵەی ئێرانیبوونی لەگەڵ

دەکرێ: بەغدا، بەسرە، سلێمانی، نەجەف، کەربەلا.

لە لایەکی تریشەوە سەردانەکە جەختکردنەوە بوو لەسەر هەژموونی بێرکابەری ئێران لە ناوچەکە. پەیامێکی تری سەردانەکە ڕوخساری تەواوکاری بوو بۆ سیاسەتەکانی ڕەئیسی. هەرچەندە بە بانگێشتنامەیەکی فەرمی لەلایەن سەرۆکوەزیرانەوە هاتبووە عێراق، کە بە جۆرێک لە هەوڵ دادەنرێ بۆ خاوکردنەوەی گرژییەکانی نێوان سوودانی و چوارچێوەی هەماهەنگی و جەختکردنەوەیان لەسەر ئەوەی کە هەردوو لا لە خولگەی ستراتیژییەتی ئێرانی دەسووڕێنەوە، گەرچی میکانیزم و شێوازی سیاسەتکردنیان جیاوازە، پزیشکیان ویستی ئەو پەیامەیش بە وڵاتانی ناوچەکە بگەیەنێ کە ئێران نیازی سفرکردنەوەی کێشەکانی هەیە لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە و جەخت لەسەر بەرژەوەندیی هاوبەش دەکاتەوە نەک ململانێ و بۆڕدان. بۆ ئەو ستراتیژییەتەیش عێراق دەرچەیەکی دروست و بەکەڵکە بۆ ئێران لە هەموو ڕوویەکەوە و، ئامرازێکی گەیەنەری ئەرێنییە لە نێوان ئێران و دەوڵەتانی ناوچەکە، بەتایبەت دەوڵەتانی کەنداو و ئوردن و میسر؛ ئەمە سەرەڕای گەیاندنی هەڵوێستی نەرم بۆ گەیشتنە ڕێککەوتن لەگەڵ وڵاتانی ئەورووپا و ئەمریکا. ئەمەیش جۆرێکە لە بەڕێوەبردنی کات لە قەیرانەکاندا، کە ئێرانییەکان تەواو تێیدا سەرکەوتوون.

کەواتە پەیامەکان ڕوونن، بەوەی ئەگەر هاوکێشە و گرفتەکانی ڕۆژهەڵات لەوە زیاتر بەرەو هەڵکشان نەچن، ئەوا ڕێککەوتنی ئێران و لێکتێگەیشتنی لەگەڵ وڵاتانی ناوچە و ئەورووپا و ئەمریکا نزیکە و، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خۆی لە جۆرێک لە هاوسەنگیی هێز دەبینێتەوە لە نێوان ڕەوتی بەرگری کە سەر بە ئێرانە و ڕەوتی دژ بە ئێران کە زیاتر ئەمریکا پشتیوانییان لێ دەکات. بەڵام ڕووداوەکانی باشووری لوبنان ئومێدبەخش نین.

**کەواتە ئایا هەڵوێستی عێراق لە هەمبەر ئێران لە سەردەمی پزیشکیان چۆن دەبێ؟**

لەو ڕوانگەیەوە عیراق بە شوێنکەوتەی تەواوی ئێران دەمێنێتەوە، تەنانەت لەم سەردانەی پزشکیان پەیوەندییەکانی دەسەڵاتی سیاسیی ئێران دابەزێنرا بۆ سەر ئاستی گەل. پزشکیان لە سەرۆکوەزیرانی عێراق زیاتر سەردانی پارێزگاکانی عیراقی کرد بە هەرێمی کوردستانیشەوە. ئەگەرچی هەڵبژاردنی نوێ لە عێراق ساڵی 2025 بەڕێوەیە ئەنجام بدرێ، بەڵام نەخشە سیاسییەکە هیچ گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بەسەردا نایەت، کە لە ڕووی سیاسی و ستراتیژییەوە زەرەر بێ بۆ ئێران، بەڵکوو دەستەی سیاسیی نوێی عێراق دوای هەڵبژاردنی ساڵی 2025 زیاتر هەر لە خولگەی ستراتیژییەتی ئێران دەخولێتەوە و توانای دەربازبوونی ئاسان نییە. هەر بۆیە عێراق بە شادەماری ئابووری دەمێنێتەوە و پاڵپشتی سەرەکی دەگێڕێ بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی ئێران لە کەلوپەل و بازرگانی، هەروەها عێراق بە فاکتەرێکی سەرەکی ئەژمار دەکرێ، کە دەتوانێ کاریگەریی گەمارۆکانی ئەمریکا بۆ سەر ئێران کەم بکاتەوە.

سەردانەکەی پزیشکیان بۆ عێراق ئەوەی سەلماند کە مامەڵەی توێژ و لایەنەکان لەگەڵ پزیشکیان کارێکی قورس نییە و قابیلی دروستکردنی ڕایەڵەی باشە؛ بەتایبەتتر کاتێک کە هەر لە بەغداوە پەیامی بە زمانی کوردی ئاراستەی کۆمەڵگەی سیاسیی کورد کرد، زۆرێک لە خەڵکی هەرێم پزیشکیان وەک دۆست هاتە پێش چاویان نەک وەک دوژمن و سەرۆکی ئەو وڵاتەی کە تا دوێنێ ڕۆکێت و مووشەکی دەگرتە پایەتەختەکەیان. هەر بۆیە لەو سەردانەدا پەیوەندییەکان لەسەر ئاستی هێزی هەژموون و ڕەق، دابەزین بۆ دیپلۆماسییەتی جەماوەری و هێزی نەرم. تەواوی یاداشتە لێکتێگەیشتنە هاوبەشەکانی نێوان هەردوو لا ئەو

ڕاستییە دەردەخەن.

**ئەگەر ئەو دوو وڵاتە ئەوەندە لە یەکتر نزیکتر ببنەوە، کاریگەریی لەسەر عێراق چی دەبێ؟**

هەندێک لە وەڵامەکانی پێشتر، بۆ ئێرەیش دروستن؛ عێراق دەبێتە شوێنکەوتەی تەواوی ئێران لەسەر ئاستی جەماوەر و دەسەڵات؛ مامەڵەکە لەسەر بنەمای دوو دەوڵەتی خاوەن سەروەری نابێت، بەڵکوو دەوڵەتی عێراق وەک شوێنکەوتەیەکی بێئیرادە دەبێت بۆ ئێران، کە هیچ بڕیارێکی سەربەخۆی خۆی نابێ. ئەودەمیش ئێران باشتر کاروباری دارایی و ئابووریی خۆی لە عێراق بەڕێوە دەبات و پارە بلۆککراوەکانیش بەدەست دێنێتەوە، کە ئێستا لە عێراق بەهۆی گەمارۆکانی ئێرانەوە هەندێ پارەی بلۆک کراوە. کەواتە پەیوەندییە ئابوورییەکان و ئاسایشی ئێران لەگەڵ عێراق هێڵی سوورن، چونکە بە لاوازبوونی ئەو دوو پەیوەندییە، بارودۆخی ئێران دەکەوێتە ئەوپەڕی مەترسییەوە.

بڕیاری سیاسیی عێراق لەمەودوا بەتەواوی دەکەوێتە دەستی میلیشیاکان و، حکوومەت لە ململانێدا لەگەڵ میلیشیاکان نامێنێ، بەڵکوو ئەو میلیشیایانە ڕاستەوخۆ حکوومەت بەڕێوە دەبەن. هەر بەوەیش نفووزی کورد و سوننە لەقاڵب دەدرێ و گوشاری زۆریان دەخرێتە سەر. ئەجێندای ئێرانیش لە تەواوی بوارەکانی ژیانی ڕۆژانەی سیاسەت و کۆمەڵگە ڕەنگ دەداتەوە؛ تەنانەت هیچ پرۆژەیاسایەک بێ خواستی ئێران دەرناچێ و تەنانەت لەوانەیە ئێران داوای دەرکردنی هەر یاسایەک بکات کە بزانێ لە بەرژەوەندیی خۆیەتی، بێ گوێدانە سەروەریی عێراق.

کەواتە هەمان ئەزموونی سووریا و لوبنان و یەمەن لە عێراق دووبارە دەبێتەوە، بەوەی کە هیچ بڕیارێکی سەربەخۆ لەلایەن خۆیانەوە بەدەر لە ئێران نادرێ و، لەو قۆناغەشدا ئەمریکا هیچ کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر عیراق نامێنێ. یەکێک لەلایەنە زەرەرمەندەکانیش هەرێمی کوردستان دەبێ، ئەویش ئەگەر ڕووداوەکانی باشووری لوبنان بەرەو جەنگێکی گەورە سەر نەکێشن، ئەو دەم بەرەنجامێکی جیاوازتر دەکەوێتەوە، بەڵام لێکنزیکبوونەوەکانی ئێران و ئەمریکاش ئەوە دەردەخەن، کە جەنگەکە تا هەنووکە سنووردارە و تەنها ڕازیکردنی ئیسرائیلە و هیچی تر.

**بەو پێیەیش کاریگەریی لێکنزیکبوونەوەی عێراق و ئێران لەسەر پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ ئەمریکا چۆن دەبێ؟**

جووڵەکانی ئەمریکا لە عێراق تەواو سنووردار بوون؛ کاریگەرییان لەسەر شانۆی سیاسیی عێراق زۆر کەمە؛ زۆر بەئەستەم خەریکە پشتیوانی لە دۆست و هاوپەیمانانی دەکات، یەکێک لەوانە کورد. ئێران توانیویەتی هەڵوێستی ئەمریکا لە هێرشبەرییەوە بەرەو بەرگریکاری بگۆڕێ؛ ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێ کە ئێران تەواو گوشار دەخاتە سەر ئەمریکا تا ناچاری ڕێککەوتننامەی سیاسی بکات، یان بیگێڕێتەوە بۆ دانوستان و ڕێککەوتننامەی ئەتۆمیی نوێ. بەرەنجامی ئەو ستراتیژییەتەی ئێرانیش دەرکردنی عێراقە لەژێر هەژموونی ئەمریکا؛ بەوەی عێراق لە کاتی هەڵکشانی گرژییەکان بەرەیەکی پاڵپشتە بۆ ئێران نەک ئەمریکا و، ملدانی ئەمریکایە بۆ سازشکردن و ڕێککەوتن و هاوسەنگی سەبارەت بە چەندان هاوکێشەی سیاسیی ناوچەکە، کە لە ئاکامدا لە بەرژەوەندیی ئێران دەکەونەوە.

**جووڵەکانی پزیشکیان لەگەڵ سوپای پاسداران دژواری دەنێتەوە**

هیچ کاتێک سەرۆک پزیشکیان نابێتە لایەنی ڕکابەری بەرانبەر بە سوپای پاسداران، چونکە تەواوی دامەزراوەکانی تری ئێران بەدەست نەریتخوازەکانەوەیە؛ تەنیا سەرۆکایەتیی وڵات نەبێت کە ڕیفۆرمخوازەکان پێگەیەکیان تێیدا هەیە. بەڵام ئایا چەند کاریگەرە؟ ئەوە ڕۆژانی دواییی حوکمڕانیی پزیشکیان ئەوە یەکلایی دەکەنەوە. بەڵام هاوکێشەی کاریگەرییەکە زۆر گەشبینانە نییە؛ ئەوەندە هەیە ئێران هەنووکە لە قۆناغێکی هەستیاردایە و، دەبێ و پێداچوونەوەیەک بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژاوادا بکات، هەر بۆیە پێویستیی بە جۆرێک لە کرانەوە هەیە. ئەو کارەیش بە پزیشکیان دەکرێ لە پێناو قوتارکردنی نەریتخوازەکان لە داڕووخان و هەوڵدان بۆ گەیشتنە جۆرێک لە ڕێککەوتن، ئەگەرچی هەندێ سازشیش لەلایەن ئێرانەوە پێشکەش بکرێ. ئێستا سەرۆکی وڵات هەر لە سەردانەکەی بۆ عێراق و ئەمریکا لەو قۆناغەدایە.

کەواتە جووڵەکانی سەرۆک دژ بە ئەجێندای سوپا و نەریتخوازەکان نییە، چونکە سەرۆک لە توانایدا نییە ئەو گۆڕەپانە بۆ خۆی کۆنترۆڵ بکات و ئاڕاستەی بکات، بەڵکوو جووڵەیەکی تەواوکارە لەگەڵ جووڵەکانی نەریتخوازەکان و بریتییە لە دابەشکردنی ڕۆڵەکان، نەک دژبەیەک؛ چونکە قۆناغەکە ئەوە دەخوازێ. سوپای پاسدارانیش هیچ کاتێک ئەگەر بیەوێ جووڵەیەکی سەربازی بکات چاوەڕوانی ئاماژەی ڕێپێدانی سەرۆک ناکات، هەندەی چاوی لە مەقامی ڕێبەری باڵایە.

**ئایا پزیشکیان، بەرهەمی پەیوەندی و ئەجێندا ڕیفۆرمخوازییەکەی دەچنێتەوە؟**

لەو بارەیەوە چەند ئالنگارییەک هەن:

- گرژییەکانی حزبوڵڵا و ئیسرائیل تا دێ بەرەو هەڵکشان دەچن. ئەوکات جووڵەکانی زۆر بەرتەسک دەبنەوە و وەک لایەنی ڕکابەر و دژ مامەڵە دەکات.
- ئەگەر پزیشکیان نەیتوانی ئەمریکا و ئەوروپا بێنێتەوە سەر مێزی دانوستان و ڕێککەوتنی نوێ لەسەر چەکی ناوکیی ئێران.
- تەواوی دامەزراوەکانی ئێران بێجگە لە سەرۆکایەتیی وڵات، لەژێر هەژموون و ئاراستەی نەریتخوازەکاندان. لەو بارەیەوە دەتوانن جووڵەی پزیشکیان سنووردار بکەن.

**پەیامی پزیشکیان بۆ هەرێمی کوردستان، مانایەکی تایبەتی هەبوو**

لەو پەیامانە ئەوە بوون کە بە هەرێمی کوردستانیان گوت: ئێمە لەسەر ئەو ڕێککەوتنەین کە لەگەڵ سەرۆک ڕەئیسیدا کراوە؛ کاتێک سەرۆکی هەرێم سەردانی ئێرانی کرد و لەلایەن ڕێبەری باڵاوە پێشوازیی لێ کرا. لە لایەکی تریشەوە ئەوەیان پێ وتین کە ئێمە فاکتەری ئاسایشی هەرێمین و هەر ئێمەین کە پەیوەندییەکانتان لەگەڵ بەغدا ڕێک دەخەینەوە و کاریگەریمان لەسەر شایستە دەستوورییەکانتان هەیە. دوو جۆر پەیوەندییش سەرەڕای گرنگییان، هێڵی سوورن و ئێران سازشیان لەسەر ناکات، ئەویش پەیوەندیی ئاسایشی و ئابوورین، کە هەردووکیان کاریگەریی بێشوماریان لەسەر ئەو وڵاتە هەیە. هەرێمی کوردستانیش دەتوانێ کاریگەریی ئەرێنی یان نەرێنی دروست بکات. بۆ ئەو مەبەستەیش ڕێککەوتننامە لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان هەیە؛ لە ڕووی ئاسایشەوە ڕێککەوتنێکی سێ خاڵی لەگەڵ عێراق هەیە و هەرێمیش خزێندراوەتە ئەو سێگۆشەیەی کە دەبێ جێبەجێی بکات، سێ خاڵەکەیش تایبەتە بە هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ئێران، وەک: قەدەغەکردنی دزەکردنی چەکدارانی ئۆپۆزیسیۆن، تەسلیمکردنی داواکراوان

بە ئێران بەپێی یاسا، داماڵینی ئۆپۆزیسیۆن لە چەک و، هەروەها بێبەشکردنیان لە هەبوونی سەربازگە.

پزیشکیان لە سەردانەکەیدا جیاوازییە جوگرافی و سیاسییەکانی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی قووڵتر کردەوە و بۆ گەیشتن بە چارەسەر بەرەو مەحاڵی بردن؛ چونکە هاتنەکەی بۆ هەولێری پایتەخت و پارێزگای سلێمانی، ئەوەی دەرخست کە هەرێمی کوردستان بە دیفاکتۆ دوو مەرجەعی سیاسیی تێدایە و ئێمە لای خۆمانەوە لە پێناو بەرژەوەندیی ئێران مامەڵە لەگەڵ هەردووکیان دەکەین. بەڵام ئەوەیشی نەشاردەوە کە هەرێمی کوردستان بۆ ئێران وەک بکەرێکی نادەوڵەتی لەسەر گۆڕەپانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست فاکتەرێکی کاریگەری بەسوودە بۆ ئێران و، دەتوانێ لە هەرێمەوە ڕایەڵەیەکی ئەرێنی لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیا و ئەمریکا دروست بکات؛ ئەمە بێجگە لەوەی کە فاکتەرێکی بەسوودە لە ڕووی ئابووری و ئاسایشەوە بۆ ئێران، چونکە ئەوەی کە هەرێمی کوردستان لە سەردەمی گەمارۆکاندا بۆ ئێرانی دابین دەکات، هەرگیز عێراق بەو ئاسانییە ناتوانێ ئەو کارە بکات.

**ئەگەر سەردانەکە ئەو واتایە ببەخشێ، ئەدی کاریگەریی لەسەر پەیوەندییەکانی هەرێم و ئێران چی دەبێ؟**

لەو بارەیەوە دەتوانین هەندێ لە کاریگەرییەکانی لەم ڕەهەندانەی خوارەوە پوخت بکەینەوە:

- ئێرانییەکان ئەوەیان خستە ڕوو کە هەرێمی کوردستان زیاتر پێویستی بە پاراستنی ئێرانییە نەک ئەمریکا.
- ئابووری، هێڵی سوورە و سازشی لەسەر ناکرێ. هەر بۆیە دەبێ هەرێم لە ڕووی ئابوورییەوە لەگەڵ ئێران لە پەیوەندییەکی پتەودا بێت.
- پاراستنی بەرژەوەندییەکان لە پاراستنی ئاسایشی ئێرانەوە بەرجەستە دەبێ. هەر بۆ ئەو مەبەستە ئێرانییەکان تەواو گوشاری خۆیان دەکەن. لەلایەن هەرێمیشەوە ئەو پەیمانەیان پێ دراوە، بەوەی کە نابێ خاکی هەرێم بۆ هێرشکردنە سەر کۆماری ئیسلامی بەکار بهێنرێ.
- پتەوبوونی پەیوەندییەکان واتە برەودان بە هێزی نەرم لەلایەن ئێرانەوە بەرانبەر هەرێم؛ کەلتوور و دیپلۆماسییەتیش لە پێشەنگی ئەو هێزەن. بەڵام گومان لەوەدا نییە کە هێزی نەرم کاریگەریی نەرێنیی بۆ سەر هەرێم دەبێت، چونکە لایەنێکی سەرەکیی سیاسیی هەرێم، تەواو تەسلیم بە ئەجێندای ئێران بووە.
- لە نێوەندی ئەو پەیوەندییە ئەرێنییە لەگەڵ ئێران، هەرێم دەتوانێ وەک فاکتەرێکی کاریگەر لە بەغدا، لەو پەیوەندییە سوودمەند بێ.
- جۆرێک لە سەقامگیری لە هەرێم دێتە ئاراوە و، لەسەر ئاستی هەرێم لایەنگریی ئێران بۆ یەکێتی تا ڕاددەیەک کەم دەبێتەوە، بەڵام هەرگیز پشتی بەرنادات. ئەو سەقامگیرییەیش سوودبەخشە لەسەر ئاستی حکوومەت و جەماوەر و هێزە سیاسییەکان.
- لە نێوەندی ئەو پەیوەندییە ئەرێنییانەوە، هەرێم دەتوانێ لە کەمبوونەوەی هەستیاری نێوانیان لەگەڵ ئێران سوودمەند بێ.
- پەیوەندییە ئەرێنییەکان وا لە هەرێم دەکەن کە بەردەوام بەرژەوەندییەکانی ئێران بپارێزێ، تا لە ئاکامدا بەرژەوەندییەکانی خۆی بپارێزێ؛ چونکە دژایەتیکردنی ئێران، هیچ سوودێکی بۆ هەرێم نابێت.

له لایەکی ترەوە لە نێوەندی ئەو ئەرێنییانەی پەیوەندی لەگەڵ ئێران، پێویستە هەرێم دوو بابەتی گرنگ بەرچاو بگرێ: نابێ هاوسەنگی لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ هێزە سیاسییەکان و دەوڵەتان لاسەنگ بکرێ، نابێ پەیوەندییە ئەرێنییەکان ببنە هۆی زیاتر پەرتبوونی بونیادی سیاسی و نیشتمانیی هەرێمی کوردستان.

**دەبێ هەرێمی کوردستان لەسەر هەردوو ئاستی هەرێم و بەغدا وەبەرهێنان لەو پەیوەندییانەدا بکات**

ئەمە بابەتێکی هەستیار و گرنگە بۆ هەرێمی کوردستان، کە دەبێ بەبایەخەوە بڕوانێتە ئەو سەردانە و لە هەوڵی ئەوەدا بێت لێکەوتە نەرێنییەکانی لە خۆی دوور بخاتەوە، بۆ نموونە:

- دەبێ پەیوەندییە ئەرێنییە بەهێزەکە لە سەردەمی پزیشکیان هەر ئاوا بەو پتەوییە بەبەردەوامی بهێڵینەوە.
- دەبێ ئێران لە قۆناغی داهاتوودا بکەینە فاکتەرێکی پاڵپشت و هاوکار لە بەغدا بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەکان و بەدەستهێنانی شایستە دەستوورییەکان؛ چونکە ئێران کاریگەرترین فاکتەرە بۆ چارەسەری گرفتەکان لە تەواوی هێز و دامەزراوە و کەسایەتییە عێراقییەکان خۆیان.
- لەو سەروبەندەوەدا هەرێم دەتوانێ لە پەیوەندییە ئابوورییەکان سوودمەند بێ و بازرگانییەکی گەشەسەندوو لەگەڵ ئێران بکات و خۆی بکاتە زۆنێکی ترانزێتی بازرگانی لە ناوچەکەدا.
- کاتێک سەقامگیری دەکەوێتە ناو پەیوەندییەکان، هەر ئاواش سەقامگیری لەسەر کۆمەڵگە و هەرێم دێتە ئاراوە؛ دەبێ حکوومەتی هەرێم بەرنامەیەکی تایبەتی لەو بارەیەوە هەبێت و لەو سەقامگیرییە سوودمەند ببێت.
- ئەو پەیوەندییانە دەتوانێ ببێتە هۆکارێکی ئەرێنی بۆ زەمینەیەکی گونجاو بۆ دروستکردن و پتەوکردنی پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ هێزەکانی عێراق، بەتایبەت وەلائییەکانی سەر بە ئێران؛ لەوێیشەوە گرفتەکانی هەرێم لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵی بەرەو چارەسەر دەچن، چونکە هەر ئەو هێزانەن کە گرفت بۆ هەرێم دەنێنەوە یان چارەسەری دەکەن.
- ئێمە لە بەردەم قۆناغێکی هەستیاری نیشتمانی و نەتەوەییداین، ئەویش هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمە. هێزەکان تەواو لەگەڵ یەکدی دژوار و دژبەیەکن. هەندێ جار تەواوی سنوورەکانی دیموکراسییەتیان بەزاندووە. هەموویان بەنیازی بڕیاری بەرانبەرن. لەو نێوەندەدا ڕازیبوون بە بەرەنجامەکان و پێکهێنانی حکوومەتی ئایندە کارێکی زۆر قورسە؛ هەرچەندە ئەوەی کە حکوومەت پێک دەهێنێ تا هەنووکە، هەر یەکێتی و پارتین. لەو بارەیەوە ئێران دەتوانێ لە پێکهێنانی حکوومەتی داهاتوودا ڕۆڵی ئەرێنی ببینێ.
- بۆ بەڕێوەبردنی ئەو قۆناغە هەستیارە لە پەیوەندییە ئەرێنییەکان لەگەڵ ئێران، ئەرکە قورسەکە دەکەوێتە سەرشانی سەرۆکی هەرێم. هەر بۆیە بەڕێزیان دەبێ ئەجێندایەکی ڕۆشن و دروست و قۆناغبەندکراوی لەو بارەیەوە هەبێ.

# هەنگاوێک تا جەنگی هەرێمایەتی: ستراتیژیی سەربازیی ئیسرائیل و ئێران بۆ مانەوە

**د. پەرویز ڕەحیم قادر/** دکتۆرا لە فەلسەفەی زانستە سیاسییەکان- دیراساتی ئاسایشی نەتەوەیی/مامۆستای زانکۆ

**پێشەکی**

بە تەقینەوەی ئامێرەکانی پەیوەندیی حزبوڵڵا، ناسراو بە "پەیجەر" لە لوبنان و سووریا، ئاستی بارگرژییەکان بەگشتی و شێواز، سنوور، بوارەکانی جەنگ چووە قۆناغێکی نوێ و بەرزترەوە. بەم پێیەیش، پێشهات و گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خەریکە لە چوارچێوەی جەنگی حەماس-ئیسرائیلدا دەردەچێت و، تەنانەت زێدەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێین بەرەو جەنگێکی هەرێمایەتی دەچێت. بەڵام وەڵامدانەوەی چەند پرسیارێک دەتوانێت یارمەتیدەر بێت کە: ئایا ئەم جەنگە ڕوو دەدات؟ هەروەها ئامانجەکانی چییە و کام ئەکتەر دەیەوێت ئەم جەنگە ڕوو بدات و کامەیان خۆیانی لێ دەبوێرن؟ هەروەها ئەگەر جەنگ ڕوو بدات ئەو ئەکتەر و لایەنانە کامانەن کە لە جەنگەکەدا تێوە دەگلێن؟ لە هەمووی ئەمانەیش گرنگتر، لێکەوتەکانی چی دەبێت؟ سەرەڕای ئەو پرسیارانەیش، ئەمە گرنگە ڕوون بکرێتەوە کە، چی وا دەکات ئەم جەنگە سنووردار بێت؟

بە شێوەیەکی سەرەتایی دەتوانین بڵێین کە ئەوەی لە ئێستادا فاکتەرێکی کاریگەرە و ئەو ڕووداوانە ئاراستە دەکات، ستراتیژیی نوێی سوپای ئیسرائیلە بۆ چەسپاندنی دەستکەوتەکان؛ یاخود وردتر بڵێین دڵنیابوونەوە لە دوورخستنەوەی هەڕەشە و مەترسییەکان لە ئیسرائیل و بەتایبەتی هەڕەشەکانی حزبوڵڵای لوبنان کە لەپاڵ بەرنامەی مووشەکی و درۆنی و، هەروەها بەرنامە ئەتۆمییەکەی، بە گەورەترین سامانی ستراتیژیی ئێران لە ناوچەکەدا بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی ڕێگریکردنی (deterrence policy)ی کۆماری ئیسلامی، دادەنرێت.

**یەکەم: ئیسرائیل و هاوکێشەی ئاڵۆزی ئەکتەرەکان**

ئیسرائیل وەکوو ئەکتەری سەرەکیی هاوکێشەکانی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە دۆخێکی زۆر ئاڵۆزدایە؛ بەم واتایەی بەهۆی ئەوەی کە ستراتیژییە نەریتییە سەربازی و ئاسایشییەکەی لەپاش هێرشی حەماس لە ڕووی زەمەنییەوە درێژخایەنییان نەبووە و تەنانەت دکتۆرینی سەربازیی خۆیشیان لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراندبوو کە بە هێرشی پێشدەستانە و پێشگیرانە ڕێگری لە هێرشی ئەکتەرەکانی دیکە بکەن و لە هەمان کاتیشدا لە کورتترین ماوە و بە هەموو توانا و هێزی سەربازی و کەڵکوەرگرتن لە جەنگێکی خێرا، دوژمن لەناو ببەن یاخود تواناکانی ئیفلیج بکەن. جگە لە جەنگی چوارەمی عەرەب-ئیسرائیل، ناسراو بە جەنگی یۆم کیپور (Yom Kippur War) لە نێوان ٦ بۆ ٢٥ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٧٣، کە میسر و سووریا هێرشی لەناکاویان کردە سەر ئیسرائیل، لە هەموو جەنگەکاندا ئیسرائیل ئامادە بووە و پێشدەستیی کردووە؛ هەرچەندە لەو جەنگەیشدا ئیسرائیل بەخێرایی بە هێرشی پێچەوانە، توانیی سەرکەوتنێکی خێرا

مسۆگەر بکات و کۆتایی بە جەنگەکە بهێنێت و لێکەوتەی ئەو جەنگە بۆ دەیان ساڵ، باڵی کێشا بەسەر هاوکێشە سیاسی و سەربازی و ئاسایشییەکانی نێوان ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبیدا.

پاش ٥٠ ساڵ "حەماس" دووبارە هەمان ستراتیژی پەیڕەو کرد، بەڵام ئەم جارەیش ئیسرائیل بەسەر بارودۆخەکەدا زاڵ بوو؛ بەم جیاوازییەوە کە ئیتر هەم ماوەی جەنگەکە چەند ڕۆژێک نەبوو و ئیسرائیل نەیتوانی کۆتاییی پێ بێنێت، هەم لەمەیش گرنگتر، دوژمنەکە ئەکتەرێکی دەوڵەتی نەبوو. دەتوانین بڵێین کە ئەم فاکتەرەی دوایی، واتە ئەکتەری نادەوڵەتی و جەنگی ناهاوتەریب یاخود "حرب غیر متکافئة" (asymmetric warfare) وێنا و سیمای هاوکێشەکانی ناوچەکە و جیاوازییەکانی جەنگی ئیسرائیل لەگەڵ دوژمنە نوێیەکانی دەستنیشان دەکات. هەرچەندە جەنگی ٣٣ ڕۆژەی ساڵی ٢٠٠٦ی نێوان ئیسرائیل و حزبوڵڵای لوبنان، وێکچوونی هەیە و حزبوڵڵا بە ئەکتەری نادەوڵەتی هەژمار دەکرێت، بەڵام هاوسەنگیی هێز، بارودۆخی ناوخۆی لوبنان، سروشتی سیاسی-سەربازیی خودی حزبوڵڵا، هاوکێشەکانی ناوچەکە لەو ساڵ و سەردەمەدا بەتەواوی جیاوازییان هەیە لەگەڵ ئێستا.

لە ئێستادا پێ دەچێت ئیسرائیل بیەوێت بەتەواوی کۆتایی بە بوونی سەربازیی حەماس بهێنێت، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە ڕووبەڕووی هەمان مەترسی نەبێتەوە و هەر ئەمەیش یەکێکە لە هۆکارەکانی لادان لە ستراتیژیی نەریتیی سەربازیی ئیسرائیل سەبارەت بە خێراییی کۆتاییهێنان بە جەنگەکان. جگە لەمانەیش شرۆڤە و گۆڕانکارییەکان دەری دەخەن کە چونکە ستراتیژیی کوشتن بە هەزار برینی چەقۆ (death by a thousand knife wounds) و، هەروەها ئەوەی بە جەنگی سێبەر (Shadow War) ناسراوە، تاوەکوو ئێستا شکستی خواردووە یان لە باشترین حاڵەتدا ئەنجامەکەی ڕوون نییە کە بتوانێت مەترسییەکانی ئێران لەسەر ئیسرائیل بڕەوێنێتەوە، بەم پێیە ئیسرائیل درکی بەوە کردووە کە پاش ئەم ئاڵوگۆڕ و پێشهاتە جیۆسیاسی و ئاسایشییانە لە بەردەم دوو سیناریۆی سەرەکیدایە:

- سیناریۆی یەکەم ئەوەیە کە ڕاستەوخۆ ئەکتەرە دەوڵەتییەکەی دوژمنی کە ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان بەکار دێنێت و جەنگی بەنوێنەرایەتی (Proxy war) لەگەڵ ئیسرائیل دەکات، بکاتە ئامانج کە ئەویش "کۆماری ئیسلامیی ئێران"ە، کە لە لای ئیسرائیلییەکان بە "سەری هەشتپێ" دادەنرێت.

٢- سیناریۆی دووەم ئەوەیە کە سەرەتا باڵ و قاچەکانی هەشتپێ (octopus)ەکە ببڕێت، کە ستراتیژیی ئەڵقەی ئاگر (Ring of Fire)ی ئێران، کە لە هێزە پرۆکسییەکان و ناوچە نائارامەکان لە لوبنان و غەززە و سووریا و عێراق و یەمەن پێک دێت و گەمارۆی ئیسرائیلیان داوە، لەناویان ببات و بە ڕەواندنەوەی هەڕەشە نزیک و سنوورییەکان بەتەواوی ناکاریگەر و لاوازیان بکات، خۆی بۆ ئاستێکی بەرزتر لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئێران ئامادە بکات.

ئاماژەکان دەری دەخەن ئیسرائیل لە ڕێگەی جەنگ و هێرشی هایبریدی (hybrid attack) هەردوو سیناریۆکە هاوکات بەڕێوە دەبات، بەڵام قورساییەکی زیاتری خستۆتە سەر مەترسییە نزیک و هەنووکەییەکان و لەمەیش گرنگتر، بۆ لێدان لە ئەکتەرە دەوڵەتییەکە پێ دەچێت ستراتیژیستە سەربازییەکانی ئیسرائیل بۆ نا-کاریگەرکردنی پرۆکسییەکانی ئێران و ڕاگرتنی فراوانخوازییەکانی ئێران لە ناوچەکە، کەڵکی لە دۆکترینی مابام (MABAM) ناسراو بە Campaign between the Wars وەرگرتووە و دۆکترینی ناسراو بە Dahiya Doctrine کە لەپاش جەنگی ساڵی ٢٠٠٦ لەگەڵ حزبوڵڵای

لوبنان گرتییە بەر، لە دژی حەماس و لەوانەیە لە داهاتوودا لە دژی حزبوڵڵا بگرێتە بەر. هەر بۆیە ئاستی بارگرژییەکان بەرز دەکاتەوە و ئەوەی کە جێگەی سەرنج و تێڕامانە ئەوەیە کە ئێران و پرۆکسییەکانی دەیانەوێت کۆتایی بە جەنگەکە بێت. هۆکاری ئەمەیش ئەوەیە کە ئەو ئەکتەرانە دەزانن لێدان و لاوازکردن و نا-کاریگەرکردنی پرۆکسییەکانی ئێران، ئامانجەکەی تەنیا ئەو هێزانە نییە، بەڵکوو لاوازکردنی ئێران و پاشان بردنی جەنگە بۆ ناوخۆی ئێران.

**دووەم: ئێران و گۆڕانکارییە هەرێمایەتییەکان**

ئێرانییەکان لە ئێستادا دوو سیناریۆی سەرەکییان لەبەردەمدایە:

- بکەونە ناو جەنگێکی بەرفراوان و گشتگیری ناوچەیی و لانی کەم لە حەوت بەرەوە (غەززە-کەرتی ڕۆژاوا-لوبنان-سووریا-عێراق-یەمەن-ئێران) هێرش بکەنە سەر ئیسرائیل؛ کە ئەمە سەرەڕای مەترسییەکانی، هەمان شتە کە لە ئێستادا ئیسرائیلییەکان بۆ تێوەگلاندنی ئەمریکا و ڕۆژاواییەکان لە جەنگدا دەیانەوێت و، هەر بۆیە ئێران زۆر نیگەرانە لەم سیناریۆیە و هەموو هەوڵی خۆی داوە کە لەگەڵ ئەمریکییەکان ڕێگری لەم سیناریۆیە بکرێت و تەنانەت ستراتیژیست و شرۆڤەکارانی ئێرانی بە "تەڵەی ناتانیاهۆ" یان "داوی ئیسرائیل"ی دادەنێن و تەنانەت کوشتنی "ئیسمائیل هەنییە" لە تارانیش بە پلانی ئیسرائیل بۆ ڕاکێشانی پێی ئێران بۆ ناو جەنگی ڕاستەوخۆ دەزانن و هەر ئەمەیش نهێنیی درەنگکەوتنی وەڵامدانەوەی ئێرانە بۆ ئیسرائیل کە لە سەرەتادا بەتوندی بەڵێنیان دابوو ئەم تۆڵەیە لە ئیسرائیل بکەنەوە.

- سیناریۆی دووەم ئەوەیە کە گوشار بخەنە سەر ئەمریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و تەنانەت وڵاتانی عەرەبی، کە ئەوانیش گوشار بخەنە سەر ئیسرائیل و، لەم سنوورەدا جەنگ بوەستێت؛ چونکە ئێرانییەکان ئاگا و وشیارن بەوەی کە پلان و ستراتیژیی نوێی سەربازیی ئیسرائیل لە لێدان لە پرۆکسییەکان، دەگۆڕدرێت بۆ لێدانی سەربازی لە ئەکتەری دەوڵەتی (کۆماری ئیسلامیی ئێران). هەر بۆیە دەبینین ئێرانییەکان- سەرەڕای سزا و ئابڵووقەکانی ئەمریکا و ئەورووپییەکان- لە پێناوی بەدیهێنانی ئەم سیناریۆیەدا ڕیسکی ئەوە دەکەن مووشەک بۆ ڕووسیا دەنێرن، بۆ ئەوەی بیکەنە مەرج بۆ ڕاوەستاندنی جەنگ، چونکە پێیان وایە جەنگی ئۆکراینا-ڕووسیا، بۆ ئەمریکا و ئەورووپییەکان گرنگتر و هەستیارترە لە جەنگی حەماس- ئیسرائیل و بە هیچ شێوەیەک ئیدارەی بایدن لە ئەمریکا ئەوەیان ناوێت و، بۆیە لێرەدا ئێران و ئەمریکییەکان یەک ئامانجیان هەیە کە کۆتایی بە جەنگەکە بێت.

لە لایەکی دیکەوە، هاتنەسەرکاری پزیشکیان لەپاش هێرشی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل و، هەروەها ناردنی پەیامی دانوستان لەگەڵ ڕۆژاوا و چارەسەرکردنی کێشەکان، هاوتەریب لەگەڵ چڕکردنەوەی چالاکییە ئەتۆمییەکان، بۆ ڕێگریکردن و خۆپاراستنی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە لە سەرکەوتنی ئیسرائیل لە هێنانەدیی سیناریۆی یەکەم و بەرەنگاربوونەوەی ئەو سیناریۆیەیە کە، بەهۆی ناهاوسەنگی لە توانا مرۆیی، ئابووری، سەربازی و تەکنەلۆژییەکان لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل لە جەنگێکی گریمانکراودا، کارەسات و تەنانەت شکستی گەورەی بۆ ئێرانییەکان لێ دەکەوێتەوە. هەر بۆیە وەکوو دوایین فاکتەر و میکانیزمی مانەوە و ڕێگریکردن، ئێران بەرەو ئەتۆمیبوون-یش دەچێت، ئەگەر ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان و جەنگی ناهاوسەنگ و بەنوێنەرایەتی لە زۆنی خۆڵەمێشی وەڵامدەر نەبێت.

**سێیەم: ئەکتەرە نادەوڵەتییەکانی لایەنگری ئێران و هاوکێشە ئاسایشییەکان**

### ١- حەماس:

بۆ بزووتنەوەی حەماس هەڵەیەکی ستراتیژی بوو کە کەوتە ناو یارییەک کە لە قەبارە و هێزی ئەو ئەکتەرە گەورەتر بوو. لە ڕوانگەیەکی دیکەوە دەتوانین بڵێین کە پێشبینی و لێکدانەوەی حەماس کە لەسەر ئەوە بنات نرابوو کە ئەم جەنگە دەتوانێت پرسی فەڵەستین بکاتە پرسێکی نێودەوڵەتی و بەم پێیەیش حەماس ببێتە ئەکتەری سەرەکیی خاوەن ڕەوایەتی و تاکە ئەکتەری خاوەن پرسەکە و تەنانەت لە گەمارۆ و پەراوێزخستن ڕزگاری دەکات و لە لایەکی دیکەیشەوە، حەماس پێی وا بوو کە ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان بەتەواوی دێنە ناو هاوکێشەی جەنگەوە، لە کاتێکدا دەبینین کە ئەمە ڕووی نەدا و سەرەڕای ناڕەزایەتیی ڕای گشتیی جیهانی لە دژی جەنگ و ئۆپەراسیۆنەکانی ئیسرائیل و کوژرانی دەیان هەزار کەسی سڤیل و بەبارمتەگرتنی ئیسرائیلییەکان، بەڵام سوپای ئیسرائیل بەردەوامە لە چالاکییە سەربازییەکانی دژی حەماس و، تەنانەت لە ئێستادا ئیسرائیل بە هیچ شێوەیەک ڕازی نابێت بە سیناریۆی پاش جەنگی حەماس-ئیسرائیل، کە پێگە و شوێنێکی سیاسی- سەربازی بۆ حەماس لە کەرتی غەززە و پرسی فەڵەستین لە ئارادا بێت. چونکە جگە لەوەی مانەوەی سیاسی و سەربازیی حەماس لەم قۆناغەدا کۆتاییی پێ هاتووە، لە هەمان کاتیشدا، ئەکتەرەکانی دیکە چارەنووسی حەماس بە چارەنووسی خۆیان دەبینن لە ئەگەری بەردەوامیی جەنگ لەگەڵ ئیسرائیل و، هەر ئەمەیش نهێنیی درێژەکێشانی جەنگ و گۆڕینی ستراتیژیی سەربازیی ئیسرائیلە کە پێشووتر بەخێرایی کۆتاییی بە جەنگەکان دەهێنا.

### ٢- حزبوڵڵای لوبنان:

یەکێک لە گەورەترین و گرنگترین ئەکتەرە نادەوڵەتەکانی ناوچەکە و لایەنگری ئێران، حزبوڵڵای لوبنانە. لەوانەیە لە لێکدانەوە و پێشبینییەکانی پێش ٧ی ئۆکتۆبەری حەماسدا، وەکوو ئەکتەرێک کە دەتوانێت حەماس لە لەناوچوون بپارێزێت، حسابی لەسەر کرابوو، بەڵام ئاست و قەبارەی بەشداریی حزبوڵڵای لوبنان لە سەرەتای جەنگەکەوە و لە ڕێکەوتی ٨ی ئۆکتۆبەرەوە، نیشانی دا کە ئەم ئەکتەرە سەرەڕای توانا مرۆیی و سەربازی و مووشەکییەکانی، دوو کێشەی لەبەردەمدایە: ١- ئێرانە کە بڕیاری بەشداریی تەواو یان سنووورداری دەدات. ٢- چارەنووسی حەماس و ئاستی بارگرژییەکان و، هەروەها لاوازیی ئێران و خۆبەدوورگرتنی لە جەنگ لەگەڵ ئیسرائیل، دەری خست کە حزبوڵڵای لوبنانیش بۆ مانەوەی خۆی، حەز دەکات جەنگەکە لەم قۆناغەدا کۆتاییی پێ بێت.

لە ڕوانگەیەکی دیکەوە، حزبوڵڵای لوبنان سەرەڕای مەترسییەکانی بۆ ئیسرائیل بەهۆی توانا مووشەکییەکانی لەپاش ساڵی ٢٠٠٦وە و ئەزموونی لە جەنگی سووریا، بەڵام ناتوانێت بەبێ پشتیوانیی ئەکتەرێکی دەوڵەتیی وەکوو ئێران، لە جەنگێکەوە تێوە بگلێت کە ئەنجامەکەی بە شکست و لەناوچوونی توانا سەربازی و مرۆییەکانی بشکێتەوە. هەر بۆیە سەرەڕای ئەوەی کە ئیسرائیل بەردەوام ئاستی پێکدادان و بارگرژییەکان لەگەڵ حزبوڵڵای لوبنان بەرز دەکاتەوە و بەرزترین فەرماندەکانی لەناو دەبات، حزبوڵڵای لوبنان بەوریاییەوە مامەڵە دەکات و وەڵامدانەوەکانی سنووردارە. لەم سەروبەندەیشدا تەقینەوەی ئامێرەکانی پەیوەندیی حزبوڵڵا وای کردووە کە هەموو ئەکتەرەکانی دیکە، بە ئێرانیشەوە، درک بە مەترسیی پەرەسەندنی بارگرژییەکان و تواناکانی ئیسرائیل بکەن. جگە لەمانەیش، حزبوڵڵای لوبنان ئەو ڕاستییەیش دەزانێت کە ئیسرائیلییەکان بۆ لەناوبردنی تواناکانی ئێران پێویستیان بەوە هەیە کە مەترسییەکانی ئەم ئەکتەرە لەناو ببەن یاخود نا-کاریگەری بکەن، هەر بۆیە هەم ئێران و هەم حزبوڵڵای لوبنان لەسەر ئەو بنەمایە ڕەفتار دەکەن

که جەنگەکە گەورە نەکرێتەوە و حزبوڵڵای لوبنان بەم شێوەیەی ئێستای بمێنێتەوە. بەڵام ئیسرائیلییەکان بارودۆخەکە بە دەرفەت دەزانن کە گەورەترین مەترسیی نزیک و جوگرافییان و، هەروەها بەهێزترین ئەکتەری لایەنگری ئێران لاواز و ناکاریگەر بکەن و ئاسایش بگەڕێننەوە بۆ ناوچەکانی باکووری ئیسرائیل و پاشەکشە بە حزبوڵڵا بکەن بۆ سنووری دەستنیشانکراو بەپێی بڕیاری 1701ی ساڵی ٢٠٠٦ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان.

لە ڕوانگەیەکی ترەوە، ئیسرائیلییەکان ئەو ڕاستییە باش دەزانن، ئەو فاکتەر و ئەکتەرەی کە دەتوانێت لە کاتی بەرەنگاربوونەوەی ئێران یاخود لێدان لە بنکە و دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئێران هەڕەشەی ڕاستەقینەیان لێ بکات، حزبوڵڵای لوبنانە؛ بۆیە دەیانەوێت بۆ لێدان لە ئێران، لە حزبوڵڵاوە دەست پێ بکەن. هەر بۆیەیش ئێرانییەکان هەڕەشەی ئەوە دەکەن کە بە هێرشکردنە سەر حزبوڵڵای لوبنان، جەنگەکە هەموو ناوچەکە دەگرێتەوە و ئەمریکییەکانیش لەم خاڵەدا لەگەڵ ئێرانییەکان هاوڕان و ئەمە خاڵی بەهێزی ئێرانە کە لەگەڵ ئەمریکییەکان نایانەوێت جەنگ تەشەنە بسەنێت. بۆیە ئیسرائیلییەکان هەموو هەوڵێکیان ئەوەیە کە یان ئێران بێتە ناو جەنگەکە و بەم بیانوویە لە حزبوڵڵای لوبنان بدەن و بەتەواوی لاوازی بکەن یاخود بە کوشتنی فەرماندە سەربازییە باڵاکانی، حزبوڵڵای لوبنان ناچار بکەن پەیڕەوی لە سیاسەتی دانبەخۆداگرتنی ئێرانییەکان نەکات و کاردانەوەی هەبێت و هێرش بکاتە سەر ئیسرائیل.

لەم سیناریۆیەیشدا، ئەگەر ئێران پشتیوانی لە حزبوڵڵا نەکات، ئەوە بە قازانجی ئیسرائیلییەکانە و بەتەواوی دەتوانن حزبوڵڵا پەك بخەن و نا-کاریگەری بکەن و بەم پێیەیش پرۆکسییەکانی لایەنگری ئێران کە ئەمە ببینن، بەتەواوی لە ئێران دوور دەکەونەوە. لە لایەکی دیکەیشەوە، ئەگەر ئێران پشتیوانی لە حزبوڵڵا نەکات و نەیەتە ناو جەنگەکەوە، ئەوە پاش ئەم قۆناغە ئیسرائیلییەکان بە ڕەواندنەوەی مەترسییە مووشەکییەکانی حزبوڵڵا بۆ قووڵایی خاکی ئیسرائیل، دەستیان کراوەتر دەبێت بۆ لێدان لە هەموو ئەکتەرەکانی دیکە بەهۆی دووریی جوگرافی و باڵادەستیی تەکنەلۆژی و سەربازیی ئیسرائیل و لە کۆتاییشدا لێدان لە بنکە مووشەکی و دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئێران زۆر کەمتێچووتر دەبێت بۆ ئیسرائیلییەکان.

### ٣- حووسییەکانی یەمەن و میلیشیاکانی عێراقی و میلیشیاکانی سووریا:

ئەم ئەکتەرانە ئەرکیان جیاوازە و ئاست و ڕێژەی مەترسییان بۆ ئیسرائیل زۆر نزمترە؛ بۆ نموونە سەرەڕای ئەوەی کە هەموو ئەو ئەکتەرانە بەشدارییان کردووە لە کردنەئامانجی ئیسرائیل بە مووشەک و درۆن، بەڵام بەهۆی مەودا و دووریی جوگرافی و هاوسنوورنەبوون لەگەڵ ئیسرائیل و جیاوازی لە قەبارە و توانا سەربازییەکانیان، کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر گۆڕینی هاوکێشە سەربازی و ئاسایشییەکان نییە. بەڵام ئەم هێزانە ئەرکی دیکەیان هەبووە؛ بۆ نموونە، حووسییەکانی یەمەن زیاتر ئامرازی ڕێگریکردنی ئێرانییەکانن بۆ دروستکردنی مەترسی و هەڕەشە بۆ سەر وڵاتانی عەرەبی کە لە هەر ئەگەرێکدا نەچنە پاڵ ئیسرائیل و، گوشار لە ئەمریکا و ئیسرائیل بکەن بۆ بەرفراوانکردنی جەنگ و کۆتاییهێنان بە جەنگ. لە لایەکی دیکەیشەوە، لە ڕێگەی پەکخستنی ڕێڕەوە نێودەوڵەتییەکان و، هەروەها لێدان لە ئاسایشی گواستنەوەی نێودەوڵەتی و بازرگانیی جیهانییەوە، هەوڵ دەدەن تێچووی بەرفراوانبوونی جەنگ بەرز بکەنەوە بۆ ئەوەی گوشارەکانی ئەمریکا و دەوڵەتانی ڕۆژاوایی و تەنانەت ڕای گشتیی ئەو وڵاتانە لەسەر ئیسرائیل بەرز ببێتەوە.

لە لایەکی ترەوە، میلیشیاکانی عێراق هەرچەندە چەند جارێک هێرشی سنووردارداریان کردۆتە سەر شارەکانی ئیسرائیل، بەڵام زیاتر ئەرکیان هێرشکردنە سەر ئەمریکییەکان و هاوپەیمانەکانیان و بەتایبەتی هەرێمی کوردستان بووە بۆ ئەوەی ئەمریکا ناچار بێت بەهۆی بارودۆخی ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەوە لە جەنگەکە تێوە نەگلێت و، گوشار بخاتە سەر ئیسرائیل بۆ ئاگربەست لەگەڵ حەماس و تەنانەت بۆ ئەوەی کە ئیسرائیل هێرشی ڕاستەوخۆ نەکاتە سەر حزبوڵڵای لوبنان و تەنانەت ناوخۆی ئێران. بەم پێیە ئەرکی میلیشیاکانی عێراقی ئەرکێکی یەکجار گرنگە بۆ ئێرانییەکان، چونکە تاکە هێزن کە سەرەڕای وەڵامدانەوەی ئەمریکا، بەڵام ئەمریکا بەهۆی هاوکێشەکانی عێراق و ناوچەکە، ناچارە ڕازی بێت بە ئەجێنداکانیان ئەگەر بەنهێنی و ناڕاستەوخۆیش بێت و تەنانەت دەردەکەوێت کە تاوەکوو ئێستا ئێران سەرکەوتوو بووە لەم ستراتیژییەدا و توانیوییەتی بە هێرشی ئەم گرووپە میلیشیایانە بۆ سەر ئەمریکییەکان و، هەروەها هەرێمی کوردستان و ڕۆژاوای کوردستان، لانی کەم بەشێک لە ئامانجەکانی بێنێتە دی. تەنانەت وەڵامدانەوەی سەربازیی ئەمریکاش بۆ ئەم گرووپانە دوای هێرشکردنیان بۆ سەر هێزەکانی ئەمریکا و کوشتنی ئەمریکییەکان، بەپێی چاوەڕوانیی شرۆڤەکار و ستراتیژیستەکانی ئەمریکی نەبووە و هەر ئەمەیش نیشان لە سەرکەوتوویی ستراتیژیی ئێران دەدات لەم بارەیەوە.

هەروەها ڕۆڵی میلیشیاکانی وەکوو زەینەبییون و فاتمییون لە سووریا زیاتر بۆ سەرقاڵکردنی ئەمریکا و ڕۆژاوای کوردستانە، هاوشێوەی ڕۆڵی میلیشیاکانی عێراقی، بەڵام بە ئاست و قەبارەی بچووکتر. بەم واتایەی کە ئەو پەیامە دەدەنە ئەمریکا، کە لە سووریاش پارێزراو نابن ئەگەر جەنگ پەرە بسێنێت و، هێرشیان دەکرێتە سەر.

**٤- ئەمریکا و وڵاتانی ناوچەکە:**

ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژاوایی، حەز ناکەن جەنگ پەرە بستێنێت و بە مەترسییەکی گەورەی دەزانن بۆ سەر ئاسایش و بەرژەوەندییەکان و، هەروەها سەقامگیری و داهاتووی ناوچەکە، بەتایبەتی لە ئێستادا کە جەنگی ڕووسیا-ئۆکراینا و، هەروەها مەترسییەکانی چین بۆ ئەو وڵاتانە ئەولەوییەتی هەیە و پرسە ناوخۆیییەکانیان وەکوو قەیرانی کۆچبەران و بەهێزبوونی ڕاستڕەوە توندڕەوەکان و پرسە ئابوورییەکان و بێکاری و هەڵاوسان و دابینکردنی وزە و بەردەوامیی ئاڵوگۆڕی بازرگانیی جیهانی لە ناوچەکە، لە لووتکەی پرس و بابەتەکانیاندایە. کۆماری ئیسلامییش ئەم ڕاستییە دەزانێت و کاری لەسەر دەکات. بەڵام ئەوەی کە دەتوانێت ئەم هاوکێشەیە پێچەوانە بکاتەوە سەرکەوتنی "دۆناڵد ترامپ"ە لە ئەمریکا وەکوو سەرۆککۆمار؛ ئیسرائیلیش بۆیە جەنگەکە درێژە پێ دەدات.

بە شێوەیەکی گشتی ئەم وڵاتانە پەرەسەندنی جەنگ و تێوەگلانیان، بە قازانجی ڕووسیا و تا ڕاددەیەکیش چین دەبینن. وڵاتانی عەرەبی ناوچەکەیش، چ بەهۆی پێگە و هێز و تواناکانی ئێران و چ بەهۆی ڕۆڵی ئەکتەرە نادەوڵەتەکانی لایەنگری ئێران لە ناوچەکە و، هەروەها ڕای گشتیی عەرەبی-ئیسلامی، ئەم جەنگە بە زیانی خۆیان دەبینن، بەتایبەتی لە ڕووی ئابوورییەوە؛ بۆ نموونە سعوودیا و پلانەکانی شازادەی جێنشینی ئەو وڵاتە "محەممەد بن سەلمان" بە هەڵگیرسانی جەنگێکی بەرفراوان لە نێوان ئیسرائیل و حزبوڵڵای لوبنان و بەتایبەتی ئێران و ئیسرائیل، پووچەڵ دەبێتەوە و ڕووبەڕووی شکست دەبێتەوە و کاریگەریی لەسەر پێگە سیاسییەکەیشی لە ناوخۆ و دەرەوە دەبێت. چونکە هەموو ئەو وڵاتانە دەزانن کە ئێرانییەکان بۆ دەربازبوونیان لە ڕووخانی سیستەمەکەیان، هەوڵ دەدەن لە ئەگەری هەڵگیرسانی جەنگی تەواو و گشتگیر

لەگەڵ ئیسرائیل، بۆ گوشارخستنە سەر ئەمریکا و وڵاتانی دیکەی جیهان بۆ ڕاگرتنی جەنگەکە، هەموو وڵاتانی دیکەیش لەو جەنگە تێوە بگلێنن.

**کۆبەند**

ئەوەی ڕاستی بێت، بەو پێیەی ئەمریکا کێشەی گەورەتری لە ئاستی جیهانی و نێودەوڵەتیدا وەکوو چین و جەنگی ڕووسیا ـ ئۆکراینا هەیە، وای کردووە کە ئێرانییەکان دەستیان کراوەتر بێت و جگە لەوەی مەترسیی ئەمریکا بۆ سەر خۆیان بڕەوێننەوە، لە هەمان کاتیشدا ئەم هاوڕابوونەیان لە ڕێگریکردن لە فراوانبوونی جەنگ لە ناوچەکە بووەتە هۆی ئەوەی کە، ئەمریکا وەکوو پێویست گوشار نەخاتە سەر ئێران و پرۆکسییەکانی و تەنانەت وەکوو پێویست دەستی ئیسرائیل کراوە نەبێت یاخود دڵنیا نەبێت لە ئەمریکا بۆ هێرشکردنە سەر ئێران وەکوو سەری ئۆکتاپووسەکە و ڕەواندنەوەی مەترسییە وجوودییەکانی سەر خۆی کە لە لووتکەی ئەو هەڕەشانەدا پرسی ئەتۆمیی ئێرانە و پاشان هێزە میلیشیایی و بەنوێنەرایەتییەکانی ئێرانە لە سنوورەکانی ئیسرائیل و بەتایبەتی حزبوڵڵای لوبنان.

هەموو ئەم هاوکێشانەیش بۆ ئەوەیە کە ئێران بمێنێتەوە و جەنگ لە سنوورەکانی دوور بخاتەوە و ئیسرائیلیش هەمان مەبەستی ئێرانی هەیە، بەڵام بەم جیاوازییەوە کە ئێران ڕەوایەتیی ناوخۆیی و نێودەوڵەتییشی لەژێر کاریگەریی ئەم ستراتیژییە سەربازییە و دەستوەردانە ناوچەیییەکانی و، هەورووەها لەژێر کاریگەریی توندی ئابڵووقە و سزا نێودەوڵەتییەکاندایە و ئەگەری سەرهەڵدانی ناڕەزایەتیی نوێ و تەنانەت سەرکێشانی بۆ ڕووخانی ڕژێمەکەی زۆر بەرزە. هەر بۆیە ئێران لە لایەک دەیەوێت جەنگەکە ببڕێتەوە و لە لایەکی دیکەیشەوە گوشار دەخاتە سەر ئەمریکا و دانوستانی لەگەڵ دەکات و لە هەمان کاتیشدا بەنهێنی لەگەڵ ڕووسیا پەرە بە هاوپەیمانێتیی ستراتیژیی سەربازی و سیاسی دەدات و لە هەموویشیان گرنگتر ئەوەیە کە، بەهۆی ئەزموونی جەنگی ئیسرائیل ـ حەماس و گۆڕانکاری لە دۆکترینی سەربازی و ئاسایشی ئیسرائیل و دەرکەوتنی لاوازییەکانی دۆکترینی بەرگریی ئێران لەسەر بنەمای مووشەک و درۆن لە هەمبەر ئیسرائیل و ئەمریکا، خۆی بۆ ئەوە ئامادە دەکات کە دۆکترینی سەربازیی خۆی بگۆڕێت و لە کاتی مەترسی بۆ سەر وجوودییەتی خۆی، خاوەندارێتیی چەکی ئەتۆمی ڕابگەیەنێت؛ هەرچەندە ئەمە هاوکێشەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتەواوی دەگۆڕێت و، مەترسیی گەورەی بۆ کۆماری ئیسلامی ئەوەیە کە ڕووخانی سیستەمەکە دەکاتە ئەولەوییەتی ڕۆژاوا، کە لە ئێستادا لە ئەجێندا و ئەولەوییەتی ڕۆژاواییەکان و بەتایبەتی ئەمریکادا نییە.

لە کۆتاییدا، بەپێی زانیاری و ئاماژەکان ڕووداوەکانی پاش ٧ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠٢٣ و ئەگەری هەڵگیرسانی ئەم جەنگە هەرێمایەتییە، کاریگەریی لەسەر هاوکێشە سیاسییە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەبووە و لە داهاتوودا ئەم لێکەوتانە زیاتر دەردەکەوێت و بە هاتنەسەرکاری پزیشکیان ناوەستێت.

# پرسی پاشەکشەی ئەمریکا لە عێراق و لێکەوتەکانی لەسەر عێراق و هەرێمی کوردستان

**د. زوبێر ڕەسووڵ**، دکتۆرا لە زانستە سیاسییەکان و پەیوەندییە هەرێمییەکان

**پێشەکی**

لەگەڵ نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا، دیسان پرسی کشانەوەی تەواوی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق هاتۆتەوە ڕۆژەف، کە ژمارەیان نزیکەی ٢٥٠٠ سەرباز دەبێت. وەزیری بەرگریی عێراق، "سابت ئەلعەباسی"، لەو مانگەدا (ئەیلوول) ئاشکرای کرد کە لە تا مانگی ئەیلوولی ٢٠٢٦، دەبێت مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق کۆتاییان پێ بێت، بەڵام ئەمە بە دوو قۆناغ دەبێت: قۆناغی یەکەم لە بەشی ڕۆژاوای عێراق دەبێت، واتا لە بنکەی سەربازیی ئەنبار لە ٢٠٢٥. لە قۆناغی دووەمیش دوای ساڵێک مانەوەیان لە هەرێمی کوردستان، واتا تا مانگی ئەیلوولی ٢٠٢٦، دەبێت بەتەواوی لە هەرێمی کوردستان، بەتایبەتیش لە بنکەی سەربازیی هەریر، دەربچن.

نەک تەنیا وەزیری بەرگریی عێراق بەڵکوو "سوودانی"یش لە چاوپێکەوتنێک <u>لەگەڵ کەناڵی بلومبێرگ</u> لە ١٥ی ئەیلوول وتی کە، هێزەکانی عێراق پێویستییان بە مانەوەی هێزی ئەمریکا نەماوە. هەڵبەتە پێشتریش گوشاری زۆر هەبوو لەسەر هەر یەکە لە عادل عبدولمەهدی و مستەفا کازمی، بەڵام هیچ کامیان نەیانتوانی ئەوە بکەن. نابێت ئەوە لەبیر بکەین کە یەکێک لە مەرجەکانی هێزە پرۆکسییەکان و حەشدی شەعبی بۆ سوودانی ئەوە بوو کە، دەبێت خشتەیەکی زەمەنی بۆ کشانەوەی ئەمریکا دابنێت. دیارە سوودانی پابەندی بەڵێنی خۆی بووە و ئێستا ئەو ئەرکەی گرتۆتە ئەستۆ.

هێزەکانی ئەمریکا کە زیاتر لە دوو دەیە دەبێت لە عێراقن، ڕۆڵی زۆریان هەبووە لە پڕۆسەی سیاسی و هاوکێشە هەرێمی و ناوخۆییەکانی عێراق، بۆیە دەکرێت کشانەوەیان لێکەوتەی زۆری لەسەر دۆخی عێراق و دراوسێکانیش هەبێت، کە لەم نووسینەدا هەوڵ دەدەین شرۆڤەیان بکەین.

**کێن ئەوانەی پەلەیانە لە کشانەوەی ئەمریکا؟**

کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا چ وەک سیناریۆ یان وەک گوشاری هێزە پڕۆکسییەکانی نزیک لە ئێران، شتێکی نوێ نییە؛ لە سەردەمی حکوومەتی مالیکییەوە تاوەکوو ئێستا هەمیشە چەند هێزێکی ناسراو لە عێراق داوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا دەکەن. <u>ڕاستییەکەی پاڵنەر و ستراتیژی ئەمریکییەکان هەرگیز ئەوە نییە کە تا ماوەیەکی درێژ لە عێراق بمێننەوە.</u> لە کۆتاییی ٢٠١١ هێزەکانی ئەمریکا هەر خۆیان لە عێراق کشانەوە بەڵام زۆری نەبرد داعش بەخێرایی نیوەی عێراق و سووریای داگیر کرد. بۆیە لە ٢٠١٤ ئەمریکا لە ڕێگەی <u>بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی ٢١٧٠</u> لەسەر داواکاریی فەرمیی عێراق لە ڕێگەی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی داعش، گەڕانەوە عێراق بۆ هاوکاریکردنی عێراق لە ڕووی سەربازییەوە، بەتایبەت پاڵپشتیی ئاسمانی و ڕاهێنانی سوپا و هێزە چەکدارەکانی عێراق؛ کە تا ئێستاش ئەم هاوکارییە

هەر بەردەوامە.

ئەوەی کە تا ئێستا موکرە لەسەر کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، ئێرانە. گوشاری گرووپە سیاسی و میلیشیاکانی عێراقیش هەر پلان و پاڵنەرەکەی هی ئێرانە. بە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، ئێران دەستی زۆر والاتر دەبێت لە دەستوەردان لە دۆخی سیاسی و ئابووری و ئەمنیی عێراق و، بەکارهێنانی عێراق وەک سەکۆیەک بۆ هەڕەشەکردن لە وڵاتانی دراوسێی عێراق، بەتایبەتیش وڵاتانی کەنداو، ئوردن و ئیسرائیل.

ئێران و هێزە پرۆکسییەکان باش دەزانن کە دەرکردنی ئەمریکییەکان لە عێراق، واتا بڕینی ڕێگەی هاوکاری لە ئەمریکا بۆ سووریاش، چونکە نەمانی ئەمریکا لە عێراق، ئامادەیی و مانەوەی ئەمریکا لە سووریاش ئەستەم دەکات. بە مانایەکی تر کشانەوەی ئەمریکا لە عێراق، واتا کشانەوەی ئەمریکا لە سووریاش. ئەمەیش دەسکەوتێکی گەورەیە بۆ ئێران و بەرەی مقاوەمە، چونکە ئەمریکا بووەتە بەربەرست لە بەردەم بەکارهێنانی سنووری نێوان سووریا و عێراق لەلایەن ئێرانەوە. لە ئێستادا گەیشتنی ئێران لە ڕێگەی عێراقەوە بە سووریا و لوبنان زۆر گرنگە و دەبێتە چەکێکی تری ئێران دژی ئیسرائیل. بۆیە ئەوەی پەلەیەتی لە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، لە ڕاستیدا نە کورد و نە سوننەن، ڕەنگە هەموو شیعەکانیش نەبن؛ بەڵام ئەو هێزانەن کە ئێستا دەوڵەت و چەکیان بەدەستەوەیە و، زاڵن بەسەر بڕیاری سیاسی لە عێراقدا.

**کاریگەری لەسەر حکوومەتی عێراق**

حکوومەتی عێراق بەدەست چەند کێشەیەکی سیاسی، ئابووری و ئەمنییەوە دەناڵێنێت. وەک دیارە توانای ئابووریی حکوومەتی عێراق بەتەواوی پشت بە فرۆشتنی نەوت بە ڕێژەی ٩٠٪ دەبەستێت؛ فرۆشتنی نەوتیش هەرگیز جێگەی متمانە نییە چونکە بەردەوام لە هەڵبەزودابەزدایە. لە هەمان کاتدا نزیکەی ٧٠٪ی بوودجەی عێراق بۆ مووچە تەرخان دەکرێت، بۆیە گەر نرخی نەوت هاتە خوار ٧٠ دۆلار، ئەوە عێراقیش ئەستەمە بتوانێت بەبەردەوامی مووچەی فەرمانبەرەکانی بدات. ئەمەیش بەدڵنیاییەوە دەبێتە هۆی کێشەی گەورە بۆ ئابووریی عێراق؛ تا ئەو ئاستەی هەندێک ناوەندی توێژینەوەیش پێشبینیی ئەوەی دەکەن کە ئابووریی عێراق لەسەر لێواری داڕووخاندایە.

دانیشتووانی عێراق ئێستا نزیکەی ٤٠ ملیۆن کەسە و، لە دە ساڵی داهاتودا دەبێت بە ٥٠ ملیۆن کەس؛ ٦٠٪ی دانیشتووانی عێراق لەژێر تەمەنی ٢٤ ساڵیدان و، هەر ساڵێک ٧٠٠،٠٠٠ هێزی کار (گەنج) دەکەوێتە بازاڕەوە. لە ئامارێکی فەرمیی بانکی نێودەوڵەتیدا هاتووە: پشکی تاکی عێراقی لە تێکرای داهاتی نەتەوەیی لە ساڵی ٢٠٢٠، نزیکەی ٤،٦٦٠ هەزار دۆلار بووە، لە کاتێکدا لە ساڵی ٢٠١٩ پشکی تاک لە عێراق لە تێکڕای داهاتی نەتەوەییی ئەو وڵاتە گەیشتۆتە ٥،٤٩٠ دۆلار. لە سەرەتای ساڵی 2024 ڕێژەی بێکاری بۆ 16.5% بەرز بووەتەوە، هەروەها ڕێژەی هەژارییش بە ڕێژەی نزیکەی 22% بەرز بووەتەوە؛ بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی پلاندانانی عێراق (دەکاتە 10 ملیۆن عێراقی).

بیرمان نەچێت ئەوە لە کاتێکدایە کە عێراق کەموکوڕیی زۆری هەیە لە بوارەکانی ژێرخانی ئابووری، بووژانەوەی سیاسی، کەرتی تایبەت و، چەندان پرسی تریش، لە کاتێکدا حکوومەتی عێراق لەو ئاستەدا نییە کە ڕووبەڕووی ئەم مەترسیانە ببێتەوە. لە ڕوی سیاسی و ئەمنییشەوە لایەنە شیعییەکان لەوپەڕی ناکۆکیدان و، میلیشیاکان ناتوانرێت لە ڕێگەی دەوڵەتەوە کۆنترۆڵ بکرێن.

هاتنی قائانی لەو چەند ڕۆژەدا (١٨ ئەیلوول) بۆ بەغدا، پەیوەندیی بە گرژیی ململانێی هێزە شیعییەکانەوە هەیە، بەتایبەت دوای ئاشکرابوونی سکانداڵ (ڕیسوایی)ی سیخوڕیکردن بەسەر کاسایەتییە سیاسییەکان لە نووسینەگەی محەمەد شیاع سوودانی. کشانەوە و پشتکردنی ئەمریکا لە عێراق هەموو ئەو مەترسییانە زیاتر دەکات، بە کێشەکانی ناوماڵی شیعەکانیشەوە؛ ئەمە جگە لەوەی کە عێراق ناتوانێت ئاسایشی خۆی دەستەبەر بکات. بۆیە لە دوای گۆڕانی ئەرکی هێزەکانی ئەمریکا یان کشانەوەیان، ئەگەری دەستوەردانی هەرێمی لە دۆخی عێراق بەرز دەبێتەوە. نەک تەنیا دەستوەردان بەڵکوو بەرکەوتنی بەرژەوەندیی وڵاتانی هەرێمییش لە عێراقدا چاوەڕوانکراوە، بەتایبەت دوای کردنەوەی نووسینگەکانی حەماس و حووسییەکان لە عێراق. چونکە لە ئێستادا بەشێک لە دۆستەکانی ئەمریکا لەبەر بوونی ئەمریکا لە عێراق، دەستوەردان لە کاروباری عێراق ناکەن، بەڵام لە ئەگەری کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا زۆر ئەستەمە ئەو وڵاتانە بەدیار تەشەنەکردنی هەژموونی ئێران بوەستن لە عێراقدا.

**کاریگەری لەسەر شیعەکان**

لە دوای کشانەوەی ئەمریکا لە عێراق، ئەگەری هەیە دۆخی ناوخۆیی شیعەکانیش گرژیی زیاتر بەخۆیەوە ببینێت. وەک دەزانین، هەموو لایەنە شیعەکان کۆک نین لەسەر دۆخی عێراق و دەستوەردانەکانی ئێران لە عێراقدا؛ بەتایبەت لەسەر ئاستی جەماوەری، متمانەی دانیشتووانی شیعە بە ئێران لە دابەزیندایە. بینیمان لە کاتی ناڕەزایەتییەکانی تشرین (٢٠١٩) چۆن خەڵکی پارێزگا شیعەکان مارشی "ئێران بۆ دەرەوە"یان بەرز کردەوە. نەک هەر ئەوە بەڵکوو لە شارەکانی نەجەف و کەربەلا و بەسرە هەڵیان کوتایە سەر باڵیۆزخانەکانی ئێران و سووتاندیان.

بە پشتبەستن بە چەند ڕاپرسییەکی باوەڕپێکراو کە دەزگەی گالوپ ئەنجامی داوە "نوخبەی سیاسی- دینی لە عێراق" ڕۆژ بە ڕۆژ پێگەی سیاسی و ئایینییان لە دابەزیندایە. بەپێی ڕاپرسییەک کە لە ساڵی ٢٠٢١ ئەنجام دراوە، تەنیا ٣٨٪ی خەڵک لە عێراقدا متمانەی بە دامەزراوە ئایینییەکان ماوە. ئێستا ٩٠٪ی عێراقییەکان دەیانەوێت ئەو فۆڕمە تائیفییەی کە لە ساڵی ٢٠٠٣ عێراقی لەسەر دامەزراوە، نەمێنێت. ئەمە گوزارشت لەوە دەکات کە متمانەکردن بە ئێران لەسەر ئاستی جەماوەری لە دابەزیندایە؛ ئەوەی هەیە سەرکردە سیاسییە ئایینییەکانن کە لە ئێران نزیکن. بۆیە دوای سنووردارکردنی هێزەکانی ئەمریکا، دوور نییە بەریەکەوتنی سیاسی و سەربازی لە نێوان خودی میلیشیاکانی نزیک لە ئێران، هەروەها لە نێوان میلیشیاکان و چالاکوانانی سیاسی و مەدەنی ڕوو بدات. ئەمەمان لە ٢٠٢٠ بینی، کە چەندان خۆپیشاندەر و چالاکوانی سیاسی و مەدەنی لەلایەن میلیشیا و گرووپەکانی نزیک لە ئێرانەوە کوژران.

ململانێ یاخود شەڕی ناوخۆی شیعەکان لەسەر دەسەڵات و سامان و دەوڵەتداری، ئەگەرێکی کراوەیە، چونکە ئێستا ئێران کۆنترۆڵی تەواوی بەسەر گشت میلیشیاکان نەماوە. ئینجا لە هەمان کاتدا کێشە هەیە لە نێوان کەتیبەکانی حزبوڵلا و عەسائیب لە دژی هەر یەکە لە هێزەکانی فەتح و موقتەدا سەدر؛ لە نێوان خودی سەرکردە شیعەکانیش لە لایەکی تر، بۆ نموونە: هادی عامری و قەیس خەزعەلی، مالیکی و سوودانی، مالیکی و سەدر؛ هەروەها لە نێوان حەشدی عەتەبات کە سەر بە "سیستانی"ن لەگەڵ گرووپەکانی تری حەشد، وەک: عەسائیب، کەتیبەکانی حزبوڵڵا، سەید ئەلشوهەدا و، بزووتنەوەی نوجەبا؛ بەتایبەت کە بەشێک لەو میلیشیایانە خراونەتە لیستی تیرۆری ئەمریکا (Asaib Ahl al-Haq, Harakat al-Nujaba and Kataib Sayyid al-Shuhada). میلیشیاکان دوای کوژرانی سولەیمانی، لە کێشە و

ململانێی ناوەخۆییدان؛ خودی ئێرانیش دەرکی بەم مەترسییە کردووە.

**کاریگەری لەسەر سوننەکان**

کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا ئەگەری ئەوەی لێ دەکرێت دیسان ببێتە هۆی سەرهەڵدانەوەی تووڕەیی و ناڕەزاییی سوننەکان، لەبەر دوو هۆکار: یەکەم لەبەر ئەوەی تا ئێستا بەشێکی ئەو ناوچانەی سوننەنشین لە پارێزگاکانی ئەنبار و مووسڵ و دیالە و چەندان شوێنی تر کە لە دەستی داعش ڕزگار کراون، هێزەکانی حەشدی شەعبی لێ نیشتەجێ کراون؛ ئەمە لەوانەیە ببێتە هۆی سەرهەڵدانی ناکۆکی لە نێوان خەڵکی ئەو شوێنانە و ئەو گرووپانە. دووەم، لەبەر بوونی ئەمریکا لە عێراق تا ئێستا وڵاتانی وەک ئیمارات و سعوودیا و ئوردن، خۆیان لە دەستوەردان لە دۆخی ناوەخۆی عێراق پاراستووە. بەڵام لە ئەگەری کشانەوەی ئەمریکا، ئەم وڵاتانەیش بێدەنگ نابن و دەستوەردانی زۆرتر دەکەن لە ڕێگەی بەشێک لە سیاسییە سوننەکان لە لایەک و، هەروەها لە ڕێگەی سەرکردەی خێڵە سوننییەکان لە لایەکی تر. ئەوەی لەم دۆخە ناسەقامگیرەیشدا سوود دەبینێت، گرووپە چەکدارەکانی داعشن کە ئەگەری زۆرە گەشە بکەنەوە.

نەک هەر ئەوە بەڵکوو پێکهاتەکانی وەک مەسیحییەکانی دەشتی نەینەوا و، یەزیدییەکانیش هەڕەشەی ئەم میلیشیا چەکدارانەیان لەسەر دەبێت؛ چونکە حکوومەتی عێراق ئەو هێزەی نییە ئاسایشی ئەو ناوچانە دابین بکات و ئەم پێکهاتانە لەدەستی گرووپە چەکدارەکان بپارێزێت؛ جگە لەوەیش بەشێکی زۆری ئەو ناوچانە هێشتا ئاوەدان نەکراونەتەوە.

لەم سۆنگەیەوە دەتوانین بڵێین ئەگەری ڕێککەوتنی شەنگالیش دەکەوێتە مەترسییەوە و جێبەجێ ناکرێت. بە ئەگەرێکی زۆرەوە دوای کشانەوەی ئەمریکا لە عێراق، عێراق بە دەوڵەت و سوپاوە دەبێتە بەشێک لە بەرەی مقاوەمە؛ بەتایبەت لە ئێستاوە ئامادەکاری دەکرێت بۆ ئەوەی عێراق ببێتە سەنتەری نیشتەجێبوونی هێزەکانی بەرەی مقاوەمە، وەک: حزبوڵڵا و حەماس و حووسییەکان.

**کاریگەری لەسەر هەرێمی کوردستان**

کشانەوە و گۆڕینی ئەرکی هێزەکانی ئەمریکا، کاریگەریی لەسەر هەرێمی کوردستانیش دەبێت. بەشێکی ئەو کاریگەرییە، پەیوەستە بە مەترسیی میلیشیاکان لەسەر هەرێمی کوردستان، چونکە ئەوکات دەستیان واڵاتر دەبێت و کەس ناتوانێت ڕێگرییان لێ بکات؛ لەبەر ئەوەی ئەوان دەتوانن هەڕەشە لەسەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان دروست بکەن، وەک ئەوەی بینیمان لە ڕێگەی هێرشی مووشەکی و ئاڕاستەکردنی درۆنەکان.

کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق دیسان وا دەکات هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی دەستوەردانی زیاتری هەرێمی ببێتەوە، بەتایبەت لەلایەن تورکیا و ئێرانەوە؛ ئینجا چ بە پاساوی پەکەکە بێت یان پرسی تری وەک پاراستنی کەمینە تورکمانەکان لەلایەن تورکیاوە. لەلایەن ئێرانیش دەستوەردان زیاتر دەبێت. ئەگەری هەیە زۆر جاریش ئەم دەستوەردانانە بە مەبەستی گوشاردروستکردن بن بۆ ئامانجێکی سیاسی، کە ئێران مەبەستی بێت؛ ئینجا چ لە عێراق بێت، یان لە هەرێمی کوردستان.

دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا ئەو ناوچانەی کە پێی دەڵێن سنووری ماددەی 140، زیاتر دەکەونە بەر

هەڕەشەی میلیشیاکان، بۆیە زۆر گرنگە حکوومەتی هەرێم هەوڵ بدات ئەو ناوچانە پێشمەرگەی لێ جێگیر بکرێت، بەپێچەوانەوە، ئەو ناوچانە دەبنە ئامانج و، لەوەیش مەترسیدارتر سەنتەری شارە گەورەکانیش دەبنە ئامانج. بۆیە گرنگە بە هەر شێوەیەك بێت، پێشمەرگە و سوپای عێراق ئیدارەی ئەو ناوچانە بکەن، چونکە دۆخەکە بەرەو ئاڵۆزیی زیاتر دەڕوات. لەوانەیە میلیشیاکان پەنا ببەنە بەر چاوترساندن و کوشتنی نەیارەکانیان لەو ناوچانەدا؛ بەتایبەت دانیشتووانی کورد ڕووبەڕووی هەڕەشە و چاوترساندنی زیاتر ببنەوە، بەتایبەت لە ڕێگەی ناچارکردنی خەڵکی ئەو گوندانەی کە پێشتر عەرەبی هاوردەی بۆ هێنرابوو، هەڕەشەیان لێ بکەن بە سووتاندنی بەروبوومەکانیان یان چۆڵکردنی گوندەکان.

**ئەگەر و لێکەوتەکانی کشانەوەی ئەمریکا لە چوارچێوەیەکی فراوانتردا**

- پێش هەموو شتێک، دەبێت ئەوە بزانین کە کشانەوەی ئەمریکا تەنیا داواکاریی هێزە شیعەکانە؛ نە کورد و نە سوننە نایانەوێت ئەمریکا لە عێراق بکشێتەوە، چونکە هەردووکیان دەزانن کە کشانەوەی ئەمریکا واتا کۆنتڕۆڵکردنی حکوومەت و دەوڵەتی عێراق لەلایەن گرووپە سەربازی و سیاسییەکانی نزیک لە ئێران؛ حکوومەتێک کە زۆر نزیک دەبێت لەو حکوومەتەی ئێستا حوکمڕانە لە تاران. شیعەکان هەنگاو بە هەنگاو هەرسێ دەزگەی یاسادانان (کە زۆرینەی ئەندامەکانی شیعەی سیاسین) و دادوەری (لە ڕێگەی فائق زێدان) و جێبەجێکردن ( لە ڕێگەی حکوومەتی چوارچێوەی هەماهەنگی)یان کۆنترۆڵ کردووە.
- ئەگەری کشانەوەی ئەمریکییەکان، سنوورە مەزهەبی و ئیتنییەکان تۆختر دەکاتەوە؛ دیسان عێراق بەسەر سێ ناوچەی ئیتنی و تائیفی دابەش دەبێت: باشوور و ناوەڕاستی شیعە، ڕۆژاوا و باکوور (ناوچەکانی ئەنبار و مووسڵ) سوننە، لە باکووریش هەرێمی کوردستان. بەڵام نەک ئەوەی کە هێزە شیعەکان واز لە ناوچە سوننە و کوردنشینەکان بهێنن بۆ ئەوەی حوکمی خۆیان بکەن، بەڵکوو بەچڕی هەوڵ دەدەن هەژموونی خۆیان بگەیەننە ناوچەکانی ئەنبار و مووسڵ و هەرێمی کوردستانیش؛ ئینجا چ بەهێز بێت یان لە ڕێگەی دروستکردنی هێزی سیاسی و سەربازیی خۆجێیی نزیک لە خۆیان.
- میلیشیاکان هەوڵ دەدەن ناوچە کێشەلەسەرەکانی وەک دەشتی نەینەوا و کەرکووک و سنجار کۆنترۆڵ بکەن. بە ئەگەری زۆر، ئەو شوێنانە پڕ دەکەن لە هێزە چەکدارەکانی حەشدی شەعبی، بەتایبەت ئەو سنوورەی نێوان عێراق و سووریا، کە بەشێکە لە درێژبوونەوەی هەژموونی سەربازیی ئێران لە عێراقەوە بۆ سووریا و لوبنان و فەڵەستین.
- کشانەوەی ئەمریکا، دوور نییە وەک ساڵی ٢٠١١ ببێتە هۆی دووبارە سەرهەڵدانەوەی شەپۆلێکی تری ناڕەزایی لە ناوچەکانی باکوور و ڕۆژاوای عێراق، واتە ناوچە سوننە نشینەکان؛ چونکە میلیشیاکان هەوڵ دەدەن هێزی خۆیان بگەیەننە ئەو ناوچانە، بەتایبەت سەر سنووری نێوان سعوودیا و ئوردن. بێجگە لەوەیش چەندان ناوچەی سوننەنشین لە پارێزگای ئەنبار و مووسڵ هەن تا ئێستایش میلیشیاکان چۆڵیان نەکردوون، وەک: ناوچەی جورف و لسەخر بە نموونە.
- کشانەوەی ئەمریکییەکان، دوور نییە دووبارە ببێتە هۆی چالاکبوونەوەی خانە نووستووەکانی داعش. وەک ئاگادارین ماوەیەکە هێزەکانی داعش لە ناوچە جیاجیاکانی عێراق، بەتایبەت لە کەرکووک، چالاکی دەکەن. **وەک ئاشکرایە داعش هەمیشە لەسەر ناکۆکییە ئیتنی و تائیفییەکان گەشە دەکات.** کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکاش ئەم دەرفەتە دەڕەخسێنی، چونکە ئەمە دەبێتە

هۆی باڵادەستبوونی میلیشیکان لە ناوچە سوننەکان و، هەروەها لە ناوچە کێشەلەسەرەکانیش. ئەمەیش دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی ناڕەزاییی کورد و سوننە بەرامبەر میلیشیا شیعەکان.

- کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، حکوومەتی عێراق و دامەزراوەکانی دەوڵەت زۆر لاواز دەکات، چونکە هێزە چەکدارە شیعەکان بەسەر حکوومەتی عێراق باڵادەست دەبن. نەک هەر ئەوە، نەمانی ئەمریکییەکان ئاستی ڕوودانی ململانێی شیعە ـ شیعەیش زیاتر دەکات، چونکە وەک دەزانین هەموو هێزە شیعەکان پاڵپشتی باڵادەستیی سیاسەتی ئێران نین لە عێراق.
- یەکێکی تر لە مەترسییە گەورەکانی کشانەوەی ئەمریکا ئەوەیە کە ئابووریی عێراق تووشی جۆرێک لە داڕمان بێت، چونکە وەک دەزانین وەزارەتی خەزێنەی ئەمریکا باڵادەستیی زۆری هەیە بەسەر داهاتی فرۆشتنی نەوتی عێراق کە نزیکەی ٩٠٪ی داهاتی عێراق پێک دەهێنێت. ئەمەیش بە ئەگەری زۆر مەترسیی داڕمانی نرخی دراوی عێراقی بەرامبەر دۆلار زیاتر دەکات.
- باڵادەستیی ئێران لە ناوچەی کەنداو و شام، وەک هێزێکی هەرێمیی بێڕکابەر، هاوشێوەی ئەو ڕۆڵە پۆلیسییەی کە ئێران لە سەردەمی شا لە کەنداو هەیبوو. چونکە ئەوکات هێزێک نییە ئێران لە ناوچەکەدا ڕابگرێت؛ بەتایبەت بە هۆکاری نزیکیی ئێران لە چین و ڕووسیا، ڕۆڵێکی ناوچەییی زۆر بە ئێران دەدرێت. ئەمەیش بێ گومان مەترسی لەسەر وڵاتانی کەنداو و ئوردن زیاد دەکات، بە شێوەیەك کە، دوور نییە دواجار جۆرێک لە جەمسەربەندیی هەرێمی لە ناوچەکە دروست بکات.
- زۆرترین کاریگەریی کشانەوەی ئەمریکا، لەسەر دۆخ و پێگەی هەرێمی کوردستان دەبێت. هەرێمی کوردستان لە هەردوو پێکهاتەکەی تری عێراق بێکەستر دەبێت؛ بەتایبەت کە ئێستا هەرێمی کوردستان هیچ توانایەکی داراییی نەماوە کە بتوانێت بەبێ بەغدا لەسەر پێی خۆی بوەستێت. ئەمە بێجگە لەوەی کشانەوەی ئەمریکییەکان، دوور نییە کەلێنێکی زۆرتر لە نێوان یەکێتی و پارتییش دروست بکات؛ تا ئاستی دابەشبوونی هەردووکیان بەسەر دوو بەرەی جیاواز، تا دەگاتە پاشەکشەی دیموکراسی و پووکانەوەی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی. دۆخی هەرێمی کوردستان لە دوای کشانەوەی ئەمریکییەکان، دەکرێت تراژیدیترین سیناریۆ بێت لە عێراق، **چونکە پەیوەندیی بەغدا و هەولێر لەسەر بنەمای هێزە نەک بنەما دستوورییەکان.** لە ئەگەری کشانەوەی ئەمریکا گورزێکی گەورە بەر دیموکراسی و ئازادییە گشتییەکان و ئۆپۆزیسیۆنیش لە هەرێمی کوردستان دەکەوێت.
- کشانەوەی ئەمریکییەکان لە عێراق بە ئەگەری زۆر دەبێتە هۆی کشانەوە و لاوازبوونی ئەمریکا لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریاش، چونکە ئەوکات مانەوەی ئەمریکییەکان لە ڕۆژاوای کوردستان و سووریا سەخت دەبێت، چونکە زۆربەی ئەو هاوکارییانەی ئێستا بۆ هێزەکانی سوریای دیموکرات دەچێت، لە ڕێگەی هەرێمی کوردستانەوەیە؛ بەڵام لە ئەگەری کشانەوەی ئەمریکا نە عێراق و نە تورکیا ڕێگە نادەن ئەمریکا هاوکارییەکانی بگەیەنێتە ڕۆژاوای کوردستان. هەماهەنگیی تورکیا و ئێران یەکێک دەبێت لەو سیناریۆیانە لە ڕۆژاوای کوردستان. هەڵبەتە نەمانی ئەزموونی ڕۆژاوای کوردستان لێکەوتەی سیاسی و دەروونیی زۆری دەبێت لەسەر پرسی کورد لە ناوچەکەدا بەگشتی و بۆ هەرێمی کوردستانیش بەتایبەتی.

# هێرشە پەیجەرەکانی ئیسرائیل جیهانیان گۆڕی

**ن:** بروس شنایەر*

**وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:** ئاوات ئەحمەد سوڵتان

ئەو هێرشە بەدفەڕەی هەفتەی ڕابردوو، ئیسرائیل کردییە سەر حزبوڵڵا، کە تێیدا سەدان ئامێری پەیجەر و ئامێرە بێتەلەکانی پەیوەندیکردنی دووسەرە تەقینەوە و، لانی کەم ٣٧ کەس کوژران، نموونەیەکی ڕوونە بۆ ئەو هەڕەشەیەی ساڵانێکە پسپۆڕانی سایبەر – ئاسایش (cybersecurity) ئاگادارمان دەکەنەوە لێی: زنجیرەکانی هاوردەکردنی نێودەوڵەتیی کەلوپەلە بەکۆمپیوتەریکراوەکان، دەمانخەنە مەترسییەوە؛ هیچ ئامرازێکی بەکەڵکیشمان نییە بۆ داکۆکیکردن لە خۆمان.

گەرچی کردەوە کوشندەکە زۆر سەرسوڕهێنەر بوو، بەڵام هیچ کام لەو شتانەی بۆ جێبەجێکردنی بەکار هاتوون، تازە نین. ئیسرائیل، کە نە ڕەتی کردۆتەوە و نە جەختی کردۆتەوە ڕۆڵی لەوەدا هەبووبێت؛ هەمان ئەو تەکتیکانەی بەکار هێناوەتەوە کە بۆ ڕفاندنی زنجیرەیەک هاوردەکردنی نێودەوڵەتی بەکاری هێناون، ماوەی ساڵانێک ماددەی تەقینەوەی پلاستیکیی لەناو ئامێرەکانی حزبوڵڵادا چاندووە. ئەوەی تازەیە، ئەوەیە ئیسرائیل ئەوانەی بە شێوازێکی وێرانکەر و زێدەڕۆییتێداکەر پێکەوە کۆ کردۆتەوە؛ ئەمەیش زۆر ڕاشکاوانە پێمان دەڵێت لە ماوەی ساڵانی داهاتوودا، کێبڕکێی نێوان زلهێزەکان چۆن دەبێت – لە کاتی ئاشتی و کاتی جەنگ و ناوچەی خۆڵەمێشیی نێوانیان کە بەردەوام لە فراوانبوونەوەدایە.

بەئامانجگیراوەکان تەنیا تیرۆریستان نابن. کۆمپیوتەرەکانمان لە مەترسیدان؛ تا دێت زیاتریش ئۆتۆمبێلەکانمان، سەلاجەکانمان، ڕێکخەری گەرمیی ناو ماڵەکانمان و گەلێک کەلوپەلی بەسوودی دیکەی بەردەستمان، کەوتوونەتە مەترسییەوە. بەئامانجگیراوەکان لە هەموو شوێنێك هەن.

پێکهاتەی بنەڕەتی لەم کردەیەدا – چاندنی ماددەی تەقینەوەی پلاستیکی لە پەیجەرەکان و ئامێرەکانی پەیوەندیی ڕادیۆییدا – مەترسییەکی تیرۆریستانەیە؛ ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠٠١، کاتێک ڕیچارد ڕید هەوڵی دا هەندێ تەقینەوە لەناو فڕۆکەیەکدا دابنێت؛ ناویشی لێ نا "تەقێنەرەوەی پێڵاو". هەر بۆ ئەمەیش ئامێرەکانی ڕووماڵکردنی ڕووناکی دیزاین کراون و لە فڕۆکەخانەکاندا بەکار دەهێنرێن تا ئەو ماددانە بدۆزنەوە. ئەم ئامێرانە لە خاڵەکانی پشکنینی ئاسایش و ئەوانەیش کە دواتر کەلوپەلەکانت دەپشکنن، هەن. بڕێکی کەمی تەقینەوە، بۆی هەیە زیانێکی گەورە بگەیەنێت.

پێکهێنەری دووەم، تیرۆرکردنە لە ڕێگەی ئامێری تایبەتەوە، ئەمیش هەر تازە نییە. لە ساڵی ١٩٩٦دا، ئیسرائیل ئەم تەکنیکەی دژی بۆمبدروستکەری حەماس و لە ٢٠٠٠دا دژی چالاکوانێکی جووڵانەوەی فەتح بەکار هێنا. هەردووکیان لە ڕێگەی مۆبایلی بۆمبڕێژکراوەوە، کە لە دوورەوە تەقێنرایەوە، کوژران.

کۆتا بەشی پلانەکەی ئیسرائیل کە لە ڕووی لۆجیستییەوە زۆر ئاڵۆزترە، هێرشکردنە سەر زنجیرەی هاوردەکردنی نێودەوڵەتییە بۆ دەستکاریکردنی کەلوپەلەکان بە شێوەیەکی بەرفراوان – شتێکە ئەمریکا خۆی ئەنجامی داوە، گەرچی بۆ ئامانجی جیاوازتریش بێت. ئاژانسی ئاسایشی نەتەوەیی، دەستی بەسەر کۆمەڵێک کەلوپەلی پەیوەندیدا گرت لە کاتی گوێزانەوەیاندا و دەستکاریی کردن؛ بۆ مەبەستی وێرانکاری نا، بەڵکوو بۆ گوێلێگرتن. لە بەڵگەنامەی سنۆدنەوە دەزانین ئاژانسەکە ئەوەی لەگەڵ جیهازی سیسکۆی تایبەت بە کۆمپانیایەکی پەیوەندیی کردووە، کە کۆمپانیایەکی سوورییە. وایش گریمانە دەکرێت ئەمە یەکەمین کاری لەو جۆرەی ئاژانسەکە نەبێت. دامەزراندنی کۆمپانیا بۆ فریودانی قوربانییەکان، دیسان شتێکی نوێ نییە. ئیسرائیل کۆمپانیایەکی دامەزراند بۆ بەرهەمهێنانی مۆبایلی بۆمبڕێژکراو تا بە حزبوڵڵای بفرۆشێت. لە ساڵی ٢٠١٩دا ئێف بی ئای کۆمپانیایەکی دامەزراند و مۆبایلی بە تاوانکاران دەفرۆشت؛ بۆ تیرۆرکردنیان نا، بەڵکوو بۆ گوێلێگرتن و دەستگیرکردنیان.

بەکورتی: زنجیرەکانی هاوردەکردنمان لە مەترسیدایە؛ ئەمەیش واتە خۆمان لە مەترسیداین. هەموو کەسێک – هەموو وڵاتێک، هەموو گرووپێک، هەموو تاکێک – مامەڵە لەگەڵ زنجیرەی هاوردەکردنی تەکنیکی باڵادا بکات، بۆی هەیە ئەو کەلوپەلانە تێک بدات کە بەویدا تێ دەپەڕن؛ دەتوانێت دەستکارییان بکات بۆ مەبەستی گوێلێگرتن، یان ئەگەر ئەوە سەری نەگرت وێرانکاری بنێتەوە. گەرچی ئەوە کارێکی سەختە، بەڵام دەتوانێت بە مەبەستی کوشتن دەستکارییان بکات.

بە شێوەیەکی تایبەت ئامێرە تایبەتەکان، کە پەیوەستن بە ئینتەرنێتەوە – ئەو وڵاتانەیش کە بەچڕی بەکاریان دەهێنن، وەک ئەمریکا – لە مەترسیدان. لە ساڵی ٢٠٠٧، تاقیگەی ئایداهۆی نیشتمانی سەلماندی کە، ئەگەری ئەوە هەیە پەلاماری ئەلیکترۆنی ببێتە هۆی تەقینەوەی مەولیدەیەکی کارەبایی گەورە. لە ساڵی ٢٠١٠، ڤایرۆسێکی کۆمپیوتەر، کە وا گومان دەکرێت ئەمریکا و ئیسرائیل بەهاوبەشی بەرهەمیان هێنابێت، بووە هۆی تێکشکاندنی ئامرازەکانی دەرکردن لە چەق، لە دامەزراوەیەکی ئەتۆمیی ئێرانی. ڕاپۆرتێکی ئاژانسی هەواڵگریی ناوەندیی ئەمریکا، کە ساڵی ٢٠١٧ دەربارەی دیکۆمێنتەکانی ئەو دەزگەیە بڵاو کراوەتەوە، کۆمەڵێک بەڵگەنامەی تێدایە، کە باس لە ئەگەری هاککردنی ئۆتۆمبێلەکان دەکەن؛ ویکیلیکس ڕای گەیاند کە دەشێت ئەوە بەکار بهێنرێت بۆ ئەنجامدانی کردەوەی "تیرۆرکردنێک کە دۆزینەوەی، نیمچەمەحاڵ بێت." مەسەلەکە هەر لایەنی تیۆری ناگرێتەوە: لە ساڵی ٢٠١٥، کەسانێک لە دوورەوە توانییان دەست بەسەر ئۆتۆمبێلێکی هەواڵنێرێکی ئەلیکترۆنیدا بگرن؛ لە کاتێکدا لەسەر هێڵی دەرەکیی خێرا ئۆتۆمبێلەکەی لێ دەخوڕی، بزوێنەرەکەیان لەکار خست.

جیهان دەستی کردووە بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ئەم هەڕەشەیەدا؛ وڵاتان بەوریاییی زیاترەوە ئامێرەکانی پەیوەندی لەو وڵاتانە دەکڕن کە متمانەیان پێ ناکەن. ئەمریکا و چەند دەوڵەتێکی دیکە، قەدەغەیان کردووە کەلوپەلەکانی "کۆمپانیای هواوی"ی چینی بکڕن، چونکە ترسی ئەوەیان هەیە بۆ گوێلێگرتن بەکار بهێنرێن؛ لەوەیش خراپتر، لە کاتی تەشەنەکردنی کردەوە شەڕەنگێزییەکاندا، لە دوورەوە لەکار بخرێن. لە ساڵی ٢٠١٩ ترس و تۆقینێکی سنووردار دەربارەی میترۆی ناو تونێلەکان سەری هەڵدا، ئەوانەی لە چین دروست کرابوون؛ گوایە دەستکارییان کراوە تا گوێ لە سەرنشینەکان بگرن.

مەسەلەکە تەنیا ئامێرە تەواوکراوەکان نییە، کە پشکنینیان بۆ دەکرێت. دەیەیەك پێش ئێستا سوپای ئەمریکا لەو مەترسییەی بەکارهێنانی ئامێری چینی کۆڵییەوە. لە ساڵی ٢٠١٨، ڕاپۆرتێکی ئاژانسی بلومبێرگ ئەوەی

خستە ڕوو کە لێکۆڵەرە ئەمریکییەکان، چینیان تۆمەتبار کرد بە دەستکاریکردنی تەنکەڵە کۆمپیوتەرییەکان (computer chips) بە مەبەستی دزینی زانیاری.

هێشتا ئەوە ڕوون نییە چۆن خۆمان لەم جۆرە پەلامارانە و هاوشێوەکانیان بپارێزین. زنجیرەکانی هاوردەکردنی تەکنیکی باڵامان ئاڵۆز و نێودەوڵەتین. ئەم شتانە هیچیان حزبوڵڵایان وریا نەکردەوە لە کڕینی پەیجەرەکان لە کۆمپانیایەک کە بنکەکەی لە هەنگاریایە و سەرچاوەکەیشیان تایوانە، چونکە ئەم شتانە زۆر ئاسایین. زۆربەی ئەو ئامێرە ئەلیکترۆنییانەی ئەمریکییەکان دەیانکڕن، لە دەرەوە دێن؛ بە ئایفۆنەکانیشمانەوە کە بەشەکانیان لە دەیان دەوڵەتەوە دەچنە چین و لەوێ کۆ دەکرێنەوە.

ئەوە کێشەیەکە چارەسەری قورسە. ناتوانین بیر لەوە بکەینەوە واشینتۆن یاسایەک بەڕێ دەخات بۆ ئەوەی ئایفۆن بەتەواوەتی لە ئەمریکا دروست بکرێت. هێزی کار لێرە زۆر گرانە و وڵاتەکەمان توانای ناوخۆیی نییە بۆ دروستکردنی ئەم جۆرە شتانە. زنجیرەکانی هاوردەکردنمان بەقووڵی نێودەوڵەتین؛ گۆڕینی ئەمە پێویستیی بەوە هەیە ئابوورییە جیهانییەکان بگێڕینەوە بۆ ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو.

کەواتە، ئێستا چی ڕوو دەدات؟ بەنیسبەتی حزبوڵڵاوە، سەرکردەکانی ناتوانن متمانە بە کەلوپەلێک بکەن بە تۆڕەوە بەسترابێتەوە – کە یەکێکە لە بەئامانجگیراوە سەرەکییەکانی پەلامارەکان. پێویستە جیهان چاوەڕوان بێت تا بزانێت ئەم هێرشە هیچ شوێنەواری دوورمەودای هەیە، یان گروپەکە چۆن دێتە وەڵام.

بەڵام ئێستا، دوای ئەوەی هێڵەکە بەزێنرا، ئەوە تا ڕاددەیەک دڵنیاین لەوەی دەوڵەتانی دیکەیش لە چوارچێوەی سنووردا ئەم جۆرە تەکتیکانە بەکار دەهێنن. ڕەنگە لە ماوەی جەنگدا، ئەم جۆرە هێرشە ئەلیکترۆنییانە دژی هێزی سەربازی بەکار بهێنرێت، یاخود لە ماوەی پێش دەستپێکردنی جەنگدا، دژی خەڵکی مەدەنی بەکار بهێنرێت. بە شێوەیەکی تایبەتی، دەوڵەتە پێشکەوتووەکانی وەک ئەمریکا لە مەترسیدا دەبن؛ هۆیەکەیشی بەسادەیی دەگەڕێتەوە بۆ ژمارەی زۆری ئەو ئامێرانەی هەیانە و دەکەونە ژێر مەترسییەوە.

- **بروس شنایەر** پسپۆڕی تەکنەلۆژیای ئاسایش و وانەبێژی کۆلێژی زانکۆی هارڤاردە. کتێبە نوێیەکەیشی بە ناونیشانی "عەقڵی هاکەر: چۆن بەهێزەکان ڕێساکانی کۆمەڵگە دەچەمێننەوە، چۆنیش ڕاستیان بکەینەوە؟"

**سەرچاوە:**

https://www.nytimes.com

# کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق.. داکەوتە و لێکەوتەکان

**د. یاسین تەها**، پسپۆڕ لە مێژووی ئایینزا ئیسلامییەکان و شارەزا لە کاروباری عێراق

بەپێی ڕاگەیەنراوە فەرمی و دزەپێکراوەکان، بڕیارە لە ماوەی دوو ساڵی ئاییندەدا ( تا کۆتاییی 2026) هێزەکانی هاوپەیمانان و ئەمریکا لە عێراق بە چەند قۆناغێك بکشێنەوە و کۆتایی بە ڕۆڵی "هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتیی دژی داعش" بهێنرێت، کە دەوروبەری 10 ساڵە دەستبەکارە. ئەم شرۆڤەیە لەبارەی وردەکاری و لێکەوتەکانی ئەم پلانە هەڵوێستە دەکات.

**پەرەسەندنەکانی پلانی کشانەوە**

بەپێی بڕگە سەرەکییەکانی پلانی ئاشکراکراوی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، تا ئەیلوولی ساڵی داهاتوو (2025) سەدان سەربازی هێزەکانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی کە لەژێر فەرماندەییی سوپای ئەمریکادان، لە عێراق دەکشێنەوە؛ ئەوانەیش کە دەمێننەوە، تا کۆتاییی 2026 عێراق بەیەکجاری بەجێ دەهێڵن. زانیارییە بەردەستەکانیش ئاماژە بەوە دەکەن ئەم پلانە ڕێککەوتنی کۆتاییی لەسەر کراوە و تەنیا هەنگاوەکانی کۆتایی ماون. لە ئێستایشدا بەهۆی بارودۆخی جەنگی غەززەوە ڕاگەیاندنی دوا کەوتووە[1]، بۆ ئەوەی نەبنە دەستکەوت بۆ گرووپەکانی دژ بە ئەمریکا؛ جگە لەوەیش هەندێك وردەکاریی پلانەکە هێشتا یەکلایی نەبوونەتەوە و لە قۆناغی دانوستاندان.

زانیارییە فەرمییەکان باس لەوە دەکەن ژمارەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق 2500 سەربازن، جگە لەوەیش 900 سەربازیش لە سووریان و بۆ پشتیوانیی "هێزەکانی سووریای دیموکرات" دژ بە داعش لە ئەرکدان؛ چالاکییەکانی سوپای ئەمریکاش لە هەردوو وڵات لە چوارچێوەی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی داعشدایە کە ساڵی 2014 پێك هێنراوە[2]. بەڵام ئێستا سەرۆکوەزیرانی عێراق محەمەد شیاع سوودانی دەڵێت "هیچ پێویستییەك بۆ هەبوونی ئەو هێزە ئەمریکییە لە عێراقدا نەماوە لە پاش شکستی داعش"، بەتایبەت کە عێراق خۆی "توانای مامەڵەکردنی لەگەڵ پاشماوەکانی داعش هەیە" بە قسەی سەرۆکوەزیران؛ هەروەها دڵنیایی دەدات لەوەی عێراق لە قۆناغی جەنگەوە، چووەتە دۆخی ئۆقرەیی و چیتر "داعش مەترسییەکی جددی نییە بۆ عێراق"[3].

بەپێی پلانە ئاشکراکراوەکە، کشانەوەکە بە دوو قۆناغ دەبێت: قۆناغی یەکەم لە ئەیلوول/ سێپتەمبەری ئەمساڵ (2024) دەست پێ دەکات و تا ئەیلوول/ سێپتەمبەری ساڵی داهاتوو (2025) دەخایەنێت؛ قۆناغی دووەمیش، دەبێت تا ئەیلوول/ سێپتەمبەری 2026 کۆتاییی پێ بێت کە تێکڕا دەکاتە دوو ساڵ.[4] هاوکات لەگەڵ ئەمەیشدا بەرپرسێکی ئەمریکی ئەوەی درکاندووە کە ڕێککەوتنی کشانەوە لە عێراق ڕێگە بە ئەمریکا دەدات لە عێراقەوە هاوکاری پێشکەش بە سوپاکەی بکات لە سووریا (900 سەرباز)[5]؛ واتە کشانەوەکە لێکەوتەی لەسەر کانتۆنەکانی ڕۆژهەڵاتی فورات (ڕۆژاوا) نابێت.

**پاڵنەرەکانی سەرهەڵدانەوەی کشانەوە**

کۆدەنگییەکی شیعی هەیە لەبارەی پێویستی و گرنگیی کشانەوەی سوپای ئەمریکا لە عێراق؛ ئەمەیش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە بڵاوبوونەوەی سوپای ئەمریکا لە عێراق، ڕێگرە لە سەربەخۆیی و سەروەری و، مەترسییە بۆ سەر دراوسێکانیش (ئێران). لە ئۆکتۆبەری 2023 بەدوایشەوە گرووپە شیعەکانی عێراق و هێزەکانی ئەمریکا دوژمنایەتییەکی نوێیان بۆ دروست بووە و عێراق بووەتە بەشێك لە بەرەی جەنگ دژی ئەمریکا و ئیسرائیل و، هێزە پەڕگیرە شیعەکان سوورن لەسەر ئەوەی "واشنتۆن کۆتایی بە دەستێدەستیکردن لە دۆسیەی کشانەوە لە بنکە سەربازییەکان بهێنێت و، هەژمووونی خۆیشی لەسەر گرێبەستەکانی پڕچەککردنی عێراق هەڵگرێت[6]."

باوەڕی زاڵیش ئەوەیە حکوومەتی عێراق لەژێر گوشاری گرووپە شیعە چەکدارەکان و لێکەوتەکانی جەنگی غەززەدا سەرەتای ئەمساڵ (2024) ناچار بووە لەگەڵ ئەمریکا دەست بە دانوستان بکات بۆ گەیشتن بە خشتەیەکی کاتی کە کۆتاییهاتنی ئەرکی "هاوپەیمانێتیی نێودەوڵەتیی دژی داعش" لەخۆ بگرێت[7]. لە لایەکی دیکەوە شرۆڤەکار و ئاگادارانی ڕەوشی ئێران باس لەوە دەکەن هاتنی "مەسعوود پزیشکیان"ی سەرۆککۆماری ئێران بۆ عێراق بەشێکی بۆ ئاساناکاریکردنی کشانەوە بووە؛ بەو پێیەی ئێران یارمەتیی چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکانی عێراق بدات و کورد لە بەغدا نزیك بکاتەوە، بۆ ئەوەی دانانی خشتەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا خێراتر بکرێت و لەمپەری بۆ دروست نەبێت[8]. ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆستیش ئەوەی درکاندووە ئەمریکییەکان نیگەرانن کە ئێران، عێراقی کردووە بە یەکەم وێستگەی سەردانە دەرەکییەکانی پزیشیکان کە ژمارەیە بۆ هەڵکشانی نفووزی ئێران و باڵەکانی لەم وڵاتە [9].

**دۆخی هەرێمی کوردستان**

لێدوانە فەرمییەکانی هەرێم هێشتا داعش بە مەترسی دەبینن؛ ڕۆڵی هێزەکانی هاوپەیمانانیش بە گرنگ دەبینن بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش و مەترسیی تیرۆر. وەزیری دەرەوەی عێراقیش، فوئاد حسێن، کە کوردە، لە یەکێك لە سەردانەکانیدا بۆ واشنتۆن ڕاشکاوانە ڕای گەیاند: کورد و سوننە و بەشێك لە شیعە لەگەڵ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکادا نین؛ بۆ ئەمەیش پاساو و هاندەریان هەیە؛ بەڵام شیعەکان ئەمەیان بەئاشکرا نەوتووە[10]. بەپێی ڕاپۆرتی "واشنتۆن پۆست"یش لێکگەیشتنی بنەڕەتیی نێوان بەغدا و واشنتۆن لەبارەی سوپای ئەمریکاوە، دەرفەت دەدات بە جێهێشتنی هێزێکی بچووك لە هەرێمی کوردستان کە ئەرکی پاراستنی هەرێمە لە هێرشی باڵەکانی سەر بە ئێران. میدیا ئەمریکییەکە ئەم زانیارییەی لە زاری بەرپرسێکی عێراقییەوە گواستووەتەوە بەبێ باسکردنی وردەکاریی زیاتر؛ بەڵام ڕۆژنامە ئەمریکییەکە بەگشتی هۆشداریی داوە لە دووبارەبوونەوەی سیناریۆی 2011ی کشانەوەی ئەمریکا کە عێراقێکی لەرزۆکی بەجێ هێشت کە گیرۆدەی ناکۆکیی ئیتنی و گەندەڵی و لاوازی بوو. ئەمەیش دەرفەتی ڕەخساند بۆ دەرکەوتن و پەرەسەندنی داعش لەسەر خاکەکەی. لەم بارەیشەوە "دانا سترۆل" بەرپرسی توێژینەوەکانی پەیمانگەی واشنتۆن جەخت لەوە دەکاتەوە کە دەبێت کشانەوەکەی سوپای ئەمریکا گەرەنتیی ئەوەیشی لەگەڵدا بێت وڵات نەبێتە گۆڕەپانێك بۆ ئێران و، چارەسەری بڵاوبوونەوەی بەربڵاوی گەندەڵی لەخۆ بگرێت و یارمەتیی هێزە ئەمنییەکانیش بدرێت لە ئەرکی خۆیان[11].

**جۆری پەیوەندییەکانی پاش کشانەوە**

ژمارەیەك لە کۆنگرێسمانە ئەمریکییەکان باوەڕیان وایە هەر کشانەوەیەکی بێ بەرنامەی ئەمریکا لە عێراق، ڕێگە بە داعش دەدات خۆی ڕێك بخاتەوە یان دەرفەتی ئەوە بە ئێران دەدات بۆشاییەکەی ئەمریکا پڕ بکاتەوە[12]. بەڵام وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا جەخت دەکاتەوە ئەوان کار بۆ "گواستنەوەیەکی ڕێکخراو"ی "هاوبەشی ئەمنیی دووقۆڵیی هەمیشەیی" دەکەن لە پاش کشانەوە[13]، کە ئەمەیش ئاماژەیە بۆ گەڕانەوە بۆ ڕێککەوتننامەی ستراتیژیی عێراق_ ئەمریکا کە ساڵی 2008 واژۆ کراوە. لە دیمانەکەی "بلومبێرگ"یشدا سوودانی هەر جەختی لەوە کردووەتەوە کە پاش کشانەوە، عێراق و ئەمریکا بەردەوام دەبن لە هەماهەنگی لە بوارە ئەمنی و ئابوورییەکاندا. لەبارەی شێوازی ئەو هەماهەنگییەشەوە ڕاپۆرتە ئەمریکییەکان باس لەوە دەکەن لە چوارچێوەی نێردە دیپلۆماسییەکانی ئەمریکا دەبێت لە عێراق، بەبێ ئەوەی پێویست بکات ئەمریکییەکان بەشداریی ڕاستەوخۆی شەڕ بکەن[14]."

**لەمپەرەکانی بەردەم کشانەوە**

ئەگەرچی ڕێککەوتنی کشانەوە بە شێوەیەکی بەرایی و بنەڕەتی گەڵاڵە کراوە بەپێی ڕاگەیەنراوە فەرمییەکان، بەڵام بەپێی ئاماژە بەردەستەکان کۆمەڵێك لەمپەر و ڕێگر لە بەردەم پرۆسەکەدا هەن کە گومان لەسەر گەرەنتیی پلانەکە دەکەن و دەشێت بەم شێوەیە گەڵاڵە بکرێن:

_ بەپێی ڕاپۆرتێکی دەزگەی "Century foundation"ی ئەمریکا خشتەی کشانەوەی هێزەکانی واشنتۆن لە عێراق، مەرجدارە بە ڕاگرتنی هێرشی باڵە ئێرانییەکان؛ ئەمەیش کارێکە لە توانای حکوومەتی عێراقدا نییە گەرەنتی بکات[15].

_ ئیدارەی بایدن نایەوێ تا کۆتاییهاتنی هەڵبژاردن (نۆڤەمبەری 2024) هیچ هەنگاوێك بنێت لەبارەی کشاندنەوەی سوپاکەی، بەتایبەت کە ئێستا دۆسیەی کشانەوە لە ئەفغانسان بەشێکە لە هەڵمەتی گەرمی هەڵبژاردن. لە بەرامبەریشدا حکوومەتی عێراق نایەوێت تاکلایەنە هێزەکانی ئەمریکا دەربکات لە ترسی لێکەوتەی دارایی و، خوازیارە پرۆسەکە بە لێکگەیشتن بڕوات.

_ زانیارییەکان ئاماژە بەوە دەکەن فەرماندەیی هێزەکانی ئەمریکا و ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا ئامادە نین دەستبەرداری عێراق ببن؛ لەو سۆنگەیەی پێگەیەکی گونجاوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئێران. لەسەر زەمینیش هیچ هەنگاوێك نەنراوە بۆ جموجۆڵی هێزەکانی ئەمریکا و، دیارە وڵاتە یەکگرتووەکان خاوەخاو دەکات چونکە دەزانێت عێراق گرنگە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئێران[16].

_ شارەزایانی سەربازی باس لەوە دەکەن هێشتا هێزەکانی عێراق لە ڕووی هێزی ئاسمانییەوە پێویستیان بە یارمەتیی ئەمریکی و نێودەوڵەتی هەیە، بەتایبەت ئەوەی کە پەیوەستە بە سیستەمی ڕادار یان بەرەنگاربوونەوەی ئامانجە دیاریکراوەکان [17]. بەپێی زانیارییەکانیش لە دانوستانەکاندا هێشتا یەکلایی نەکراوەتەوە ئایا ئەمریکا یارمەتیی ئاسمانی پێشکەش بە عێراق دەکات یان نا**[18]**.

_ لایەنی ئەمریکی نایشارێتەوە زۆر وردەکاریی دۆسیەی کشانەوە هەن، بە وڵاتانی بەشدار لە هاوپەیمانیی نێودەوڵەتییەوە پەیوەستن؛ ئەوەیش هێشتا یەکلایی نەکراونەتەوە**[19]**.

_ بەردەوامیی جەنگی غەززە و کردنەوەی بەرەی جەنگ لە لوبنان و ئاسایشی ئیسرائیل و ئاسایشی

هاوپەیمانەکانی تری ئەمریکا لە ناوچەکە (ئوردن و کوێت و سعوودیا و وڵاتانی تری کەنداو)، ڕێگرن لە کشاندنەوەی کتوپڕی سەربازەکانی ئەمریکا لە عێراق و بەجێهێشتنی بۆ باڵە ئێرانییەکان.

_ زۆربەی سیستەم و کەرەستە سەربازییەکانی عێراق، ئەمریکین و بەبێ ڕاوێژکاری ئەمریکی و بەبێ ئەپدەیتی ئەمریکی دووچاری کێشە و تەنگژەی زۆر دەبنەوە و، عێراقیش ناتوانێت لەو بارەیەوە پێداگریی زۆر بکات[20].

_ بە کشانەوەی ئەمریکا بەبێ ڕێککەوتنێکی گشتگیری پێشوەختە، عێراق لەگەڵ وڵاتانی ئەورووپی و ئەندامانی ناتۆ دەکەوێتە دابڕانەوە، چونکە هیچیان بەبێ ئەمریکا ئامادەی هاوکاری و مانەوە نین لە جەنگی داعش.

_ گومانی زۆر لەسەر توانای سوپای عێراق و سیستەمی ئەمنیی وڵاتەکە هەیە لە توانای بەرەنگاربوونەوەی مەترسییە دەرەکییەکان بەبێ پشتیوانیی ئەمریکا[21]، بەتایبەت کە لە ئابی ڕابردوودا ئەمریکا کوشتنی 15 چەکداری داعشی لە ڕۆژاوای عێراق ڕاگەیاند[22].

_ بەپێی لێدوانە فەرمییەکان پێکهاتەی کورد و سوننە و بەشێك لە شیعە لەگەڵ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکادا نین لە ئێستادا و، بۆ ئەمەیش پاساو و هاندەریان هەیە؛ بەڵام شیعەکان بەئاشکرا هیچ ناڵێن[23].

_ سەرەتای ئەمساڵیش باڵیۆزە بەهێزەکەی ئەمریکا لە عێراق، "ئیلینا ڕۆمانۆڤسکی"، پێش سەردانی سوودانی بۆ واشنتۆن هۆشداریی دا لەوەی داعش هێشتا مەترسییە، هەروەها ئەوەیشی ڕاگەیاند باسی کۆتاییهاتنی هاوپەیمانیی داعش لە ئارادا نییە![24]؛ هاوکات لەگەڵ ئەمەیشدا "ئیان ماکاری"، نوێنەری ئەمریکی لە هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بۆ جەنگی داعش بەڕوونی ڕای گەیاندووە "لە ئێستادا هیچ پلانێک بۆ کشانەوەی هێزەکانی لە عێراق نییە[25]."

**سیناریۆ بەردەست و ئەگەرە ڕێتێچووەکان:**

**یەکەم:** کشانەوەی تەواوەتیی هێزەکانی ئەمریکا بەو شێوەی گرووپە شیعەکان پێداگریی لەسەر دەکەن وەك بەشێك لە پاکتاوی حیسابات لەگەڵ ئەمریکا لە ناوچەکە. ئەمەیش لێکەوتە و لەمپەری زۆری لە بەردەمدایە و جێبەجێکردنی زۆر قورسە ئەگەر مەحاڵ نەبێت لە مەودای نزیکدا.

**دووەم:** مانەوەی سوپای ئەمریکا بە هەمان شێوەی خۆی کە 2500 سەربازە لە عێراق و گوێنەدان بە پێداگرییە عێراقییەکان لەو بارەیەوە. ئەم سیناریۆیەیش شانسی سەرکەوتنی زۆر نییە چونکە جگە لەوەی کشانەوەی ئەمریکا کۆدەنگییەکی شیعیی لەسەرە کە زۆرینەی حوکمڕانن، لە ئەمریکاش خواست زۆرە بۆ دوورکەوتنەوە لە گێژاوی جەنگە بێکۆتاییە بەردەوامە تێچوو زۆرەکان، بەتایبەت لە عێراق کە ئەزموونێکی تاڵە بۆ ئەمریکا.

**سێیەم:** سیناریۆی نزیك و ڕێتێچوو ئەوەیە تا کۆتاییی ئەمساڵ گۆڕانێکی گەورە لە دۆخی سوپای ئەمریکادا ڕوو نادات؛ لە پاش ئەوەیش ئەگەر هەردوو لا لەسەر وردەکاریی کشانەوە ڕێك کەوتن و یەکلایی کرایەوە، ئەوە جۆری پەیوەندییەکە دەگۆڕێت بۆ بەرکارکردنی "ڕێککەوتننامەی چوارچێوەی ستراتیژیی 2008" کە پەیوەندیی هەردوو لای لە بواری ئاسایش و بەرگریدا کردووەتە دوورمەودا و درێژخایەن.

## پەراوێز و سەرچاوەکان


[1] https://2h.ae/qBnA

[2] https://2h.ae/OjdP

[3] https://2h.ae/aTUP

[4] https://2h.ae/iXbW

[5] https://2h.ae/KslQ

[6] https://bit.ly/49fb6rB

[7] https://bit.ly/4afdorS

[8] https://2h.ae/jSuB

[9] https://2h.ae/wFdD

[10] https://bit.ly/3TATujZ

[11] https://2h.ae/wFdD

[12] https://2h.ae/aTUP

[13] https://2u.pw/4utvqpno

[14] https://2h.ae/PamG

[15] https://2h.ae/rZZm

[16] https://2h.ae/rZZm

[17] https://2u.pw/sVx8aZqx

[18] https://2h.ae/KslQ

[19] https://2h.ae/KslQ

[20] https://bit.ly/49gURKC

[21] https://bit.ly/4aCk4Ap

https://bit.ly/43FPWBK

https://bit.ly/43EdR4u

https://2h.ae/KslQ [22]

https://bit.ly/3TATujZ [23]

https://bit.ly/3TFUeoh [24]

https://bit.ly/3vwD0S5 [25]